ئۆفیسی دەزگاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤـ

# ڕێبەری یارمەتیدانی کەمینەی نەتەوەیی بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا

لەبڵاوكراوەكانی پەیمانگەی كوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
چاپی یەكەم / ٢٠٠٤



- ناوی کتێب: ڕێبەری یارمەتیدانی کەمینەی نەتەوەیی بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا
- لەلایەن ئۆفیسی دەزگاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤـ نوسراوە
- لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
- زنجیرە: ١٤
- تیراژ: ٢٥٠٠ دانە
- چاپی یەكەم ٢٠٠٤ – سلێمانی
- چاپخانەی ڕەنج
- نەخشەسازیو بەرگ: هونەر وەهبی
- لەسەر ئەركی USAID-DAI چاپكراوە
- ژمارەی سپاردنی ٧٧٤ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

**مافی لەچاپدانەوەی تەنها بۆ (KIE) پارێزراوە.**

## ( ١ ) پێشەكی

كۆمیسیۆنی باڵای كەمینە نەتەوەییەكان (HCNM ) ی سەر بەرێكخراوی ئاسایش‌و هاوكاریی ئەوروپی OSCE لەكۆمەڵێك پسپۆڕ پێكهاتووە كەلەئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراون بۆ لێكۆڵینەوە لەبەشداریكردنی كاریگەرانەی كەمینە نەتەوەییەكان لەژیانی گشتیدا, بەپێوەری راسپاردەكانی لوند Recommendation Lund [١] .

رێكخراوی ئاسایش‌و هاوكاریی ئەوروپی OSCE پشتگیریی خۆی بۆ راسپاردەكانی لوند دەربڕیوەو بەسەرچاوەیەكی بەنرخی لەقەڵەمداوە[٢] و بەتەواوی لەلایەن كۆمیسیۆنی باڵای كەمینە نەتەوەییەكانەوە HCNM پەسەند كراوە. بۆ ئەوەی ئەم راسپاردانە كاریگەریی زیاتریان هەبێت ئۆفیسی دەزگاكانی دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ ODIHR پێشنیاری رێبەرێكی كرد كەدەكرێت پەرەی پێبدرێت لەبواری ئەو چوار راسپاردەیەی كەپەیوەندییان بەهەڵبژاردنەوە هەیە [٣] و ئامانجەكانی رێبەرەكەش بریتین لە:

- كاریگەركردنی بەشداریی كەمینە نەتەوەییەكان لەبڕیارە گشتییەكاندا لەرێگەی پاڵپشتكردنی نوێنەرایەتییەوە.
- ئاگاداركردنەوەی كەسانی پەیوەندیدار بە:
  - سەرپشككردنیان بۆ كاراكردنی راسپاردەكان.
  - سوودو زیانی ئیختیارە جۆراوجۆرەكان.



- یارمەتیدانی‌وڵاتانی بەشدار لەرێكخراوی ئاسایش‌و هاوكاریی ئەوروپی‌و ئۆفیسی دەزگاكانی دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ ODIHR بۆ دابینكردنی یەكڕیزی لەپراكتیزەكردنی پێوەرەكاندا.

ئەم رێبەرەش لەلایەن ODIHRو بەهاوكاریی دەزگاكانی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی دیموكراسی‌و هەڵبژاردن(IDEA)و مەكتەبی كۆمیسیۆنی باڵای كەمینە نەتەوەییەكان پەرەی پێدراوە. ئەمەش ئەنجامی هەوڵی چر[٤]و كۆششی پسپۆڕانەیە[٥] لەم بوارەدا. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بكرێتەوە كەرێبەرەكە هەموو راسپاردەكانی لوندی نەگرتووەتەوە بەڵكو تەنها ئەو راسپاردانەی گرتووەتەوە كەپەیوەستن بەكاری ODIHRوە سەبارەت بەهەڵبژاردن.

## (٢) پاشخانێكی راسپاردەی لوند

میكانیزمی بنەڕەتیی رێكخراوی ئاسایش‌و هاوكاریی ئەوروپی‌و كۆمیسیۆنی باڵای كەمینە نەتەوەییەكان بۆ نەهێشتنی ناكۆكیی پەیوەندیدار بەكەمینەكانەوەوەك كەرەستەیەك بۆ نەهێشتنی ناكۆكی‌و كاركردن لەپێناویدا لەقۆناخێكی بەراییدا، HCNM بەگەرمی هەوڵ لەگەڵ حكومەتەكان‌و گروپەكانی كەمینەدا دەدات بۆ دابینكردنی ئەوەی كەوا سیاسەتی پەیوەندیداری ئەو حكومەتانە

بەپێوەرە نێو دەوڵەتییەکانەوە لەناوچەی دیاریکراودا ڕەچاو کراوەو کاری بۆ کراوە.

HCNM گەلێك مەسەلەی چەندبارەی دیاریکردووە کەبوونەتە بابەتی سەرنجڕاکێش لەبواری ناکۆکیی نێودەوڵەتاندا. بەتایبەتی، کەوا فێرکردن‌وبەکارهێنانی زمان‌وەك ئەگەری سەرچاوەی ناکۆکی دەسنیشان کراون سەبارەت بەناکۆکی ناو وڵاتانی ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاریی ئەوروپی. بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی حکومەتیی گونجاو سەبارەت بەم دوو مەسەلەیە، ئەوە HCNM دوو کۆمەڵ ڕاسپاردەی پەرەپێداوە بۆ بەکارهێنان‌وەك سەرچاوە بۆ سیاسەتمەدارو یاسادارێژەرانی ئەووڵاتانە. ئەم ڕاسپاردانەش:

- ڕاسپاردەکانی لاهای سەبارەت بەمافەکانی فێرکردنی کەمینە نەتەوەییەکان (١٩٩٦) [٦] .
- ڕاسپاردەکانی ئۆسلۆ سەبارەت بەمافی زمان بۆ کەمینە نەتەوەییەکان (١٩٩٨) [٧] .

لە ساڵی ١٩٩٨دا HCNM سەرچاوەیەکی سێیەمی دەسنیشان کرد بۆ ئەگەری ناکۆکی، ئەویش بەشداربوونی کەمینە نەتەوەییەکانە لەحوکمی‌وڵاتاندا.

بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی‌و ڕوانینەکانی‌وڵاتانی ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاری ئەوروپی لەناوچەکەدا، HCNMو ODIHR کۆنگرەیەکیان بۆ هەمووڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی ناوبراوداو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە



پەیوەندیدارەکان بەست لەژێر ناوی (حوکم‌و بەشداربوونی: یەکخستنی جیاکاری‌و جۆراو جۆری) [٨] . سەرۆکایەتی کۆنگرە ئەمەی خوارەوەی خستە ڕوو :

"ئارەزوکردن لە(بەدواداچوونی چالاکی کۆنکریتی)و لەناویاندا توێژینەوەی زیاتر بۆ چەمك‌و میکانیزمەکانی حوکمکردنی باش بەهاوکاری کردنی کاریگەری کەمینەکان، بەرەو یەکخستنی جیاکاری‌و جیاوازیمان دەبێتت لەوڵاتدا".

لە ڕوونکردنەوەی سەرۆکی کۆنگرەدا دەردەکەوێت کەوا حکومەتی سوید ئامادەیی دەربڕیوە بۆ خەرجی‌و مەسرەفکێشانی کۆمەڵێك لەپسپۆڕانی سەربەخۆ بۆ دیدارێك لەشاری لوند Lund لە سوێدو ئامادەکردنی ڕاسپاردەگەلێك سەبارەت بەبەشداریی کاریگەری کەمینە نەتەوەییەکان لەحوکمکردنی دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا. پاشان ئەمە بەڕاسپاردەکانی لوند ناسرا.

ئامانجی ڕاسپاردەکانی لوندیش، بەهەمان شێوەی ڕاسپاردەکانی لاهای‌و ئۆسلۆ، پشتیوانیکردنە لەوڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی OSCEدا بۆ کەمکردنەوەی گرژی لەڕێگەی گرتنەبەری کرداری تایبەت بەبەشداربوونی کەمینە نەتەوەییەکان لەپێناو ئامانجی کۆتایی HCNM بۆ نەهێشتنی ناکۆکی.

پێشەکی بنەڕەتیی ڕاسپاردەکانی لوند ئەمانەن:

- دەوڵەتان ڕێز لەپابەندێتی خۆیان بەمافەکانی مرۆڤەوە دەگرن‌و جێبەجێی دەکەن، بەتایبەتی دەسبەرداربوونی جیاوازیکردن.
- هۆکارەکانی بەجێهێنانی مافەکانی مرۆڤ دابینکردنی گەشەکردنێکی تەواوو سەربەستی کەسێتیی مرۆڤایەتییە لەهەلومەرجێکی یەکسانیدا.
- بابەتی حکومەتێکی دیموکراتیی باش خزمەتی پێداویستی‌و بەرژەوەندیی هەموو ئەوانەی لەژێر ڕکێفیدا دەژین‌و نیشتەجێن.
- بەم پێیە حکومەتێکی دیموکراتیی باش پاڵپشتی هەموو ئەو کەسانەیە کەبابەتی بڕیارەکانێتی بۆ بەشداریکردن لەگەڵاڵەکردنی ئەم بڕیارانەدا.

### (٣) بایەخی پرۆسەکە

پەرە بە ڕێبەرەکە دراوە بۆ یارمەتیدانی هەردوو لایەنی حکومەت‌و ڕێکخراوەکان کەوا نوێنەر یان پشتیوانی کەمینە نەتەوەییەکان بن‌و یارمەتییەکە ئاراستەی پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسادانانێك دەکرێت بۆ سیستمێکی هەڵبژاردن کەوا هاوکارییەکی کاریگەر لەئەستۆ بگرێت لەلایەن کەمینە نەتەوەییەکانەوە لەژیانی گشتیدا. لەم ڕووەوە دەکرێت نموونەی جۆراوجۆر بهێننەوە بۆ پراکتیزەکردنی باش لەوڵاتانی پەیوەندیداردا. مەبەست لەم نموونانە گشتگیری



نیەو ئەوەش ناگەیەنێ کەڕێنمایەك لەنموونەی ئەووڵاتانەی ناویان هێنراوە یان نە، بهێنرێتە ئاراوە.

پرۆسەی ڕەنگڕشتن یان دەسکاریکردنی سیستمەکانی هەڵبژاردن‌و دامەزراندنی دامودەزگاکانی هەڵبژاردن یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرکەوتن‌و توانای ئەم سیستم‌و دامەزراوانەو پرۆسەکە بایەخێکی بەرچاوی دەبێت لەسەر جۆری ئەنجامەکان، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی بەرفراوانەو دەبێتە هۆی شەرعیەت پێدانی بەرەنجام‌و دەرفەتیش دەڕەخسێنێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەل‌و دەرفەتی لەبار بۆ کەمینەی نەتەوەیی‌و بەدواداچوونی ئەڵتەرناتیڤەکانی خستنەگەڕی سوودو پێداویستیەکانی.

بۆ یارمەتیدانی بڕیاربەدەستان ئەم خاڵە سەرەکیانەی خوارەوە ڕەچاوکراون:

- پرۆسەی ڕەسمی لەپرۆسەی تایبەت باشترە.
- ئەو پرۆسەیەی کەزۆرتر بەرفراوانە باشترو بەجێترە. ئەمەش تەنها بۆ حیزبە سیاسیەکان ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ کۆمەڵگای مەدەنیش. ئەمە بەتایبەتی بایەخدارە بۆ دابینکردنی هاوکاریی تەواوی ژن لەپرۆسەکەدا.
- زۆر گرنگە کەوا لەپرۆسەکەدا بڕواو شەرعیەت دروست بکرێت، ئەمەش خاڵەکانی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

- ڕەخساندنی ئەوەی کەوا هەموو کەسانی پەیوەندیدار تێکەڵ بەپرۆسەکە بوون‌و بەشداریی نەخشەکێشانیان کردووە[٩].

- ڕەچاوکردنی دانانی ئەو کەسانەی هاوکارن لەکارئاسانیی بێلایەنیو تەشریعیدا. لەهەندێ دانوستانیشدا ئەو یاساناسانە دادەنرێن کەپایەو ڕێزی زۆریان هەیە [١٠] .

- دەبێت هەمووان بەپێی توانا بەشدار بن لەزانیاریدا [١١] .

- پێویستە ماوەیەکی تەواو برەخسێنرێت بۆ پرۆسەکە.
- پێویستە لەسەر هەموو حیزبولایەنەکان:

- هیچ مەرجێکی پێشوەخت نەسەپێننو کۆسپ دروست نەکەن لەڕێگەی بەشداربووندا.

- سەلماندنی پێویست بوون بەنەرمی.

- پێویستە گەرەنتی ئەوە بکرێت کەخەرجو پێداویستیی دارایی بۆ پرۆسەکە مەیسەر بکرێت. دەبێت تەواوی لایەنەکانی پرۆسەکە کەسەرچاوەی پێویستیان ببێت بۆ بەشداریکردنی تەواو تێیداو ناکرێ هیچ لایەنێك سوودێکی ناڕەوا بەدەستبێنێ.

## (٤) چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی

ئەم پێوەرە نێودەوڵەتیانەی خوارەوە بنەمای پێوانەیی ڕاسپاردەکانی لوندو ئەم ڕێبەرەن:

- بەندی ٢١ (٣)ی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە"خواستی گەل بنەمای دەسەلاتی حکومەتە".



– پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنیو سیاسیەکان (ICCPR) ئەم مافو ئازادیانەی خوارەوە دەگرێتەوە [١٢] :

- مافی ئازادیی بیرکردنەوە، باوەڕ، ئایینو ئاشکراکردنی ئەم باوەڕانەش (بەندی ١٨).

- مافی هەڵگرتنی بیروباوەڕ بێ دەستێوەردانی هیچ کەسو بەئازادی گوزارشت لێوەکردنیان (بەندی ١٩)

- مافی بەئاشتی کۆبوونەوە (بەندی ٢١).

- مافی ئازادیی پێکهێنانی حیزبو ڕێکخراوە (بەندی ٢٢).

- ماف ڕەخساندنو دەرفەتی بێجیاوازی هیچ کامێکیوەك ڕەگەز، ڕەنگ، توخم، زمان، ئاین، بیروڕای سیاسیو شتی تر، بنچینەی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی، ملكو ماڵ، لەدایکبوونو حاڵەتەکانی تر لە:

+ بەشداریکردن لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەوە بەسەربەستی.

+ دەنگدان لەهەڵبژاردنێکی دەوریو ڕاستەقینەدا، کەوا هەڵبژاردنێکی گشتیو یەکسان دەبێتو لەڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە ئەنجامدەدرێت.

مامەڵە کردن لەگەڵ هەلومەرجی گشتیی یەکسانیدا بەرانبەر یاسا دژ بەهەر جیاوازی کردنێك لەسەر هەر

بنەمایەکی‌وەك: ڕەگەز، ڕەنگ، توخم، زمان، ئاین، بیروڕای سیاسی‌و شتی تر، بنچینەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، ماڵ‌و ملك، لەدایکبوون‌و حاڵەتەکانی تر (بەندی ٢٦).

- بەندی ٢ ی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاوازیی ڕەگەزی (CERD) پابەندە بەوەی کەوا "وڵاتانی ئەندام جیاوازیی ڕەگەزپەرستی گوناهبار دەکەن‌و بەدواداچوونی لەئەستۆ دەگرن بەهەموو شێوازێکی گونجاوو بێ دواخستن لەمەڕ سیاسەتی ڕیشەکێش کردنی جیاوازیی ڕەگەزپەرستی بەهەموو شێوەکانی‌و لێکگەیشتن لەنێوان هەموو ڕەگەزەکاندا پەرەپێبدرێت.

أ- هەروڵاتێکی لایەندار تێکەڵ بەهیچ کارو کردەوەیەکی جیاوازی ڕەگەزپەرستی نابێت دژ بەکەس یان کەسانێك یان دامودەزگایەك‌و پابەند دەبێت بەهەموو دامەزراوەو دەسەڵاتە گشتی، نیشتمانی یان لۆکاڵەکانەوە،وەك هەماهەنگییەك لەگەڵ ئەم بەڵێننامەیەدا.

ب- هەروڵاتێکی پەیوەندیدار بەرگری‌و پشتیوانی جیاوازیی ڕەگەزپەرست ناکات لەلایەن هیچ کەس‌و ڕێکخراوێك.

ج - هەروڵاتێکی لایەندار هانی گونجاوی ڕێکخراوو بزووتنەوەی فرەڕەگەزی لایەندار دەدات‌و هەروەها هانی شێوازی تری لابردنی کۆسپ دەدات لەنێوان ڕەگەزەکانداو تەگەرە خستنەڕێی هەرشتێك مەیلی بەلای توندکردنەوەی دابەشبوونی ڕەگەزیدایە".



- بەندی (٥) ی CERD دەڵێت:

" پابەند بەبەڵێننامە بنەڕەتییەکانی لەبەندی ٢ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە،وڵاتانی پەیوەندیدار قەدەغەکردن‌و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزپەرستی بۆ دابینکردنی مافی هەر کەسێك بێ‌جیاکاری لەڕەگەزو ڕەنگ‌و بنەچەی نەتەوەیی‌و ئەتنی بەیەکسانی لەبەردەم یاساداو بەتایبەتی پابەندبوون بەم یاسایانەی خوارەوە:

(ب) مافی سیاسی‌و بەتایبەتی مافی بەشداربوون لەهەڵبژاردن ــ بەدەنگدان‌و خۆپاڵاوتن ــ لەسەر بنەمای گشتگیری‌و یەکسانی لەدەنگدانی نهێنیدا، بۆ بەشداربوون لەحکومەت‌و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەسەر هەر ئاستێك‌و مامەڵەی یەکسان لەگەڵ خزمەتگوزاری گشتیدا.

(د) مافی مەدەنیی ترو بەتایبەتی:

- مافی ئازادیی بیروباوەڕو ئاین.
- مافی ئازادیی بیروڕاو دەربڕینی.

مافی ئازادیی کۆبوونەوەی ئاشتییانەو دروستکردنی ڕێکخراو".

- بەندی ٢ ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافی کەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی‌و ئیتنی‌و ئاینی‌و زمان دەڵێ:

" (٢) کەسانی سەر بەکەمینەکان مافی بەشداریی کاریگەریان هەیە لەبڕیاردانی ئاستی نەتەوەیی‌و ئاینیی

پەیوەندیدار بەو کەمینەیەی دەچنەوە سەری یان ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین بەجۆرێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ تەشریعی نیشتمانی یان نەتەوەییدا.

(٣) کەسانی سەر بەکەمینەکان مافی بەشداری کاریگەریان هەیە لەژیانی رۆشنبیری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و گشتیدا.

(٤) کەسانی سەر بەکەمینەکان مافی پێکهێنان‌و بەردەوامی پێدانی حیزب‌و رێکخراوەی تایبەتی خۆیانیان هەیە.

(٥) کەسانی سەر بەکەمینەکان مافی پێکهێنان‌و بەردەوامی پێدانی پەیوەندی ئازادو ئاشتیخوازانەیان هەیە لەگەڵ ئەندامانی تری گرووپەکەیانداو هەروەها لەگەڵ کەسانی سەر بەکەمینەکانی تردا، بەهەمان دەستووریش لەگەڵ هاوڵاتیانی‌وڵاتانی تردا، لەوانەی پەیوەندی نەتەوەیی یان ئەتنی، ئاینی‌و زمانیان هەیە".

- بەندی ١٥ لەرێکەوتننامەی رەهەندەکانی ئەنجومەنی ئەورووپی بۆ پارێزگاری کردنی کەمینە نەتەوەییەکان دەڵێ:

"لایەنە پەیوەندیدارەکان کەش‌و هەوای پێویست دەخوڵقێنن بۆ بەشداری کاریگەری کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان لەژیانی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریدا هەروەها لەکاروباری گشتیداو بەتایبەت ئەوانەی کاریگەرییان لەسەریان هەیە".



- بڕگەکانی ٥و ٦ لەبەڵگەنامەی کۆبوونەوەی کۆپنهاگن لەمەڕ کۆنفرانسی رەهەندە مرۆڤایەتیەکان ئەوە دەستنیشان دەکەن کەوا "لە توخمەکانی رەوایی پێویست بۆ گوزارش کردنی تەواو لەکەرامەتی چەسپاوو مافی چونیەك‌و نەگۆڕی هەموو مرۆڤێك...خواستی ئەو گەلەیە کەبەئازادی‌و عەدالەت گوزارش دەکات لەڕێگەی هەڵبژاردنی راستەقینەو دەورییەوە کەوا بنەمای دەسەڵات‌و شەرعیەتی هەموو حکومەتەکانن".
- بڕگەی ٣٥ ی بەڵگەنامەی کۆپنهاگن داوا لەحکومەتەکانی رێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاریی ئەورووپیی بەشدار دەکات بۆ " رێزگرتن لەمافی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان بۆ بەشداریی کاریگەر لەکاروباری گشتیداو لەوانە بەشداریی لەکاروباری پەیوەندیدار بەپارێزگاری‌و پێشخستنی ناسنامەی ئەم کەمینانەدا".

بەهەمان شێوە یاسای نێودەوڵەتی کۆت‌و بەندی بەرچاو دەخاتە سەر ئەو ئازادی‌و مافە جاڕدراوانەی سەرەوە [13].

ئەمەش بەندی ٤ ی رێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاوازیی رەگەزپەرستی CERD دەگرێتەوە دەڵێ:

"وڵاتانی ئەندام هەموو ئەو پرۆپاگەندەو رێکخراوانە گوناهبار دەکەن کەوا لەسەر بنەمای بیرو تیۆریی باڵادەستیی رەگەز یان تاقمە کەسانێك کەیەك رەنگ‌و بنچینەی رەگەزییان هەیە یان هەوڵدەدەن پشتگیریی کینەی

رەگەزپەرستیو جیاوازی بکەن بەهەر شێوەیەك بووە.
هەروەها دەست بدەنەوەرگرتنی ئیجرائاتی کوتو پڕو ئیجابی لەپێناو قەلاچۆکردنی هەموو ئەو پاڵنەرو کردەوانەی دەبنەهۆی جیاوازییەکی لەو جۆرە وەك هەماهەنگییەك لەگەڵ بنەماکانی جاڕدانی جیهانیی مافی مرۆڤو ئەو مافانەی کەلەبەندی (٥) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا جاڕدراوە، بەمجۆرەی خوارەوە:

(أ) هەرجاڕدانو ئاشکراکردنی خراپەکارییەك کەشایستەی سزادان بێت بەپێی یاساو بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونێك کەپشت بەدەستبالایی رەگەزپەرستیو رق دەبەستێو هانی جیاوازی رەگەزپەرستی دەدا، رێكوەك کاری توندوتیژیو هاندانی ئەم جۆرە کردارانە دژ بەهەر رەگەز یان تاقمە کەسانێك کەڕەنگو بنچینەی رەگەزیی تریان هەبێتو هەروەها بۆ دابینکردنی هەر یارمەتییەك بۆ چالاکی رەگەزپەرستانەو لەوانەش سەرچاوەی دارایی.

(ب) جاڕدان لەرێکخراوی نایاساییو قەدەغەکردنیانو هەروەها قەدەغەکردنی چالاکیی پڕۆپاگەندەیی رێکخراوو شتی تری لەوجۆرە کەوا گەشە بەجیاوازیی رەگەزپەرستانە دەداتو بەشداربوون دەسەلمێنێ لەرێکخراوو چالاکیی لەو جۆرەدا وەك خراپەکارییەك کەیاسا سزای بەسەردا دەسەپێنێ.



(ج) رێگە نادرێ بەدەسەڵاتدارێتی یان دامەزراوەی گشتی، چ نیشتمانی بێت یان لۆکاڵ، بۆ هاندانو برەوپێدانی جیاوازیی رەگەزپەرستی".

**(٥) راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٧**

"ئەزموونی ئەورووپاو شوێنانی تر بایەخی پڕۆسەی هەڵبژاردن دەردەخەن بۆ ئاسانکردنی بەشداریی کەمینەکان لەکەشو هەوای سیاسیدا. ئەوولاتانەی گەرەنتیی مافی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان دەکەن بۆ بەشداربوون لەکاروباری گشتیداو لەوانەش لەڕێگەی مافی دەنگدانو بۆ بەڕێوەبەرێتی بێجیاوازی".

## أ – روونکردنەوەی ناوەڕۆك

پێویستە لەسەرولاتان زەمانەتی مافی ئەو کەسانە بکەن کەسەر بەکەمینە نەتەوەییەکانن بۆ بەشداربوون لەژیانی گشتیدا. ئەم زەمانەتەش بەوە دەچەسپێ کەماف بخرێتە چوارچێوەی یاساوەو هەڵوێستێکی بەرگریی بەهێزوەربگرێت لەبەرانبەر ئەم مافەدا[١٤]. هەروەها ئەو هەلومەرجانەی کەوا دەستەی یاسادانان بەگوێرەیان کۆتو بەند دەخەنە سەر ئەو مافانە.

بۆ نموونە رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە مەدەنیو سیاسیەکان رێگە بەولاتان دەدات مافە مەدەنیو

سیاسیەکان دیاری بکەن لەپێناو پاراستنی مافەکانی کەسانی تر بۆ زەمانەتکردنی ئاسایشی نەتەوەیی یان بۆ پارێزگاریی حاڵەتی گشتی[١٥] .

لە دوو بوار مافی ئەوە هەیە بەشداریی ژیانی گشتی تێدا بکرێت‌و پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی‌ورد هەیە، کەئەمانەن:

- کۆمەڵە مافێکی تاکە کەسان بۆ زەمانەت کردنی بەشداری لەهەڵبژاردن‌و ژیانی گشتی.
- مافی جیاوازی نەکردن دژ بەپیادەکردنی ئەو مافانە لەبەرئەوەی کەسەکە سەر بەکەمینەیەکی نەتەوەییە.

### ١. مافی تاکەکەس بۆ بەشداربوون لەهەڵبژاردندا

کۆمەڵێك مافی تاکەکەس هەن پێویستن بۆ بنیاتنان‌و پارێزگاریی دیموکراسی. ئەمانەش لەمافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی‌و شتی تر تا هەڵمەتی پاڵاوتن‌و دەنگدان. مافەکان بەدوای یەکدا دێن بۆ دەنگدەری تاك‌و بۆ مافی حیزبە سیاسی‌و ڕێکخراوەکانی تر‌و بۆوردەکاری پشتگیری‌و کەمپەین. ئەم کۆمەڵەش بەشێوەیەکی ئاسایی دابەش دەبێت تا ئەو مافانەی لەخوارەوە دیاریکراون:

- مافی دەنگدان‌و بەتایبەتی دەنگدانی نهێنی.
- مافی هەڵبژاردنی ڕێکخراو‌و ڕەوا.
- مافی خۆپاڵاوتن (خۆ کاندید کردن).
- ئازادی پێکهێنانی حیزب‌و ڕێکخراو.
- ئازادی کۆبوونەوە.



- ئازادی ڕادەربڕین.

ئەم مافانە دەبێت لەدەستووردا زەمانەت بکرێن. هەرچەندە دەستوورەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێگە بەیاسادانەر دەدەن ئەم مافانە پابەند بکات، بەڵام دەبێت کۆت‌و بەندەکان بەوردی تاوتوێ بکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرە نێو دەوڵەتیەکاندا ناکۆك نەبێت‌و بەشێوەیەکی گشتیش کارنەکەنە سەر بەشداریی کەمینە نەتەوەییەکان لەژیانی گشتیدا. نموونەش بۆ کۆت‌و کۆسپەکان:

- هەلومەرجی پێداویستی زمان.
- پێداویستی نەگونجاو بۆ تۆمار کردنی حیزبە سیاسیەکان.
- ئەو پێداویستییە دابەشبووانەی پاڵ بەحیزب‌و کاندیدەکانەوە دەنێن بۆ بەشداربوون لەژمارەیەك‌ویلایەت یان ناوچەدا یان تەنانەت دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی ئۆفیسیان هەبێت لەهەموو‌ویلایەت یان پارێزگایەکدا ئەگەر ئەمە کاریگەریی هەبێت لەسەر جیاوازیکردن دژ بەکەمینە نەتەوەییەکان.

### مافی دەنگدان

- ئەو مافی دەنگدانەی لێرەدا باسدەکرێت مافێکی گشتی هەڵبژاردنە. هەندێ‌وڵات کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان کاندید دەکەن لەگەڵ دەنگێکی ئیزافیدا[١٦].

مافی دەنگێکی ئیزافی بابەتێکی گونجاوە بەشێوازی

جۆراوجۆر رەچاوبکرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی کەمینەکانو بەشدار بوونیان لەژیانی گشتیدا. ئەم مەسەلانەش لەبڕگە ٧ ی خوارەوە باس کراون.

- هەرچەند واباوە دەستوورەکان مافی دەنگدانی هاوڵاتیان دیاری بکەن بەڵام کۆتو بەندەکان رەنگە سەرچاوەی ناکۆکی بن لەووڵاتانەی کەمینەی نەتەوەیی یان ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوانیان تێدایە کەهاوڵاتی نین ئەگەر هاتو خرایە نێو چوارچێوەیەکەوە کەجیاوازیی تێدا کرا لەدژی کەمینە نەتەوەییەکان. گەلێك هۆکار هەن بۆ ئەم ئەگەری ناکۆکییە. ریچکەو شێوەی پێداویستی هاوڵاتیو روونکردنەوەی لەیاسای ئەموڵاتانەدا جۆراوجۆرە (وەك نموونە دیاریکردنی هاوڵاتێتی لەگرووپێکی ئەتنیدا بۆ ئەوەی لەڕووی ئیدارییەوە گران بکەوێتەوە ببنە هاوڵاتی). لەبنەڕەتدا نابێ هاوڵاتیبوونوەك جیاوازیکردن بەکاربێت دژ بەکەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی.
- پێوەری کارامەیی بۆ ناونووس کردنوەك دەنگدەر رەنگە ئەنجامی باشی لێ نەکەوێتەوە بۆ کەمینە نەتەوەییەکان. کۆتو بەندکردنی مافی دەنگدانە خەڵك لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی سەلبی کار دەکاتە سەر خەڵکی کۆچەر. ئەو دەنگدەرانەی دێنە ناوەوەو دەردەچن رەنگە بەشێوەیەکی نەگونجاو کار بکەنە سەر بەشداریی کەمینە نەتەوەییەکان.



### مافی هەڵبژاردنێکی رێکخراوو دادپەروەرانە

- دەبێت هەڵبژاردن نەك هەر تەنها رێکخراو بێت بەڵکو لەماوەی دیاریکراوی گونجاویشدا بکرێت. لەزۆربەی دەستوورەکاندا هەڵبژاردن لەنێوان ٢ - ٥ ساڵدا دەکرێت.
- مافی دەنگدانی نهێنی بنەمای هەڵبژاردنی رەوایەو بایەخێکی تایبەتی هەیە لەو کۆمەڵگانەی کەمینەی نەتەوەییان تێدایە. بەمەش دەبێت دەوڵەت هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کەدەنگدەرانی سەر بەکەمینەیەکی نەتەوەیی بڕوا بهێنن بەوەی دەنگەکانیان نهێنی دەبێت. بەم رەنگە دەبێت بڕگەی ٧ - ٤ ی بەڵگەنامەی کۆپنهاگن رەچاوبکرێت کەبەوردیی لەوە دەدوێ کەدەوڵەتە بەشدارەکان "زەمانەتی ئەوە دەکەن کەدەنگەکان بەهەڵبژاردنی نهێنی یان بەهۆی دەنگدانێکی ئازادو یەکسانەوە کۆبکرێنەوە...".
- پێویستە هەڵبژاردن بەشێوەیەکی عادیلانە بەڕێوە ببرێتو دوو بوار هەیە بۆ ئەو مافە. لەم رووەوە تەنها ئەوەندە بەس نییە کەهەڵبژاردن عادیلانە بەڕێوە ببرێت بەڵکو دەبێت بەو شێوەیەش تێی بڕوانرێت. شەرعیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن گرنگە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کەدەمارگیریی ئەتنییان تێدایەو پلەیەکی گەورەی بێبڕواییو دڵنیانەبوونیان هەیە.

- هەندێك ڕێگەو شێوەی دامەزراوەیی‌و ئیجرائی جۆراوجۆر هەن دەكرێ لەڕێگەیانەوە دەوڵەتان زەمانەتی ئەوە بكەن كەهەڵبژاردن بەشێوەیەكی عادیلانە بەڕێوەدەچێت. هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەكان لەبڕگە ٧ ی خوارەوەدا ڕەچاو دەكرێن.

## مافی كاندیدكردن یان پاڵاوتن

- دەبێت مافی كاندیدكردن بۆ ئۆفیسی گشتی لەڕووی دەستوورییەوە زەمانەت بكرێت. دەبێت بەوردی تاوتوێی كۆتوبەندی سەر ئەم مافە بكرێت بەمەبەستی زەمانەتكردنی ئەوەی كەوا كەسانی سەر بەكەمینە نەتەوەییەكان ڕێگەی پاڵاوتنیان لێناگیرێت بۆ ئۆفیسی گشتی.

لەكاتێكدا دەشێت ڕێكخستنی زمان بۆ دروستبوونی دام‌و دەزگا گشتییەكان دابمەزرێت‌و لەوانەش دامودەزگای پەرلەمانی، چونكە بواردنی هەر كەسێك كەخۆی كاندید دەكات لەسەر زەمینەیەكی زمان پێچەوانەیە لەگەڵ بەندی ٢٥ لە ICCPRو بەشێوەیەكی سادەتر بڵێین كار دەكاتە سەر ئازادیی جەماوەری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیان[١٧].

وەك نموونەیەكیش بۆ ئەمە ڕەنگە پێداویستی زمان كار بكاتە سەر بواردنی كاندیدەكانی كەمینە نەتەوەییەكان كەخۆیان بۆ ئۆفیسی گشتی بپاڵێون.



## ئازادیی پێكهێنانی حیزب‌و ڕێكخراو

- ئەم ئازادییە لەبەر دوو هۆكار بایەخدارەو ئەمەش نەك هەر دەبێت مافی پێكهێنانی حیزبی سیاسی لەخۆبگرێت بەڵكو زەمانەتكردنی پێكهێنانی دەزگاكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش دەگرێتەوە،وەك ڕێكخراوی ناحوكوومی‌و كولتووری كەڕەنگە پاڵپشت یان نوێنەرایەتیی كەمینە نەتەوەییەكان بكەن لەهەر كۆمەڵگایەكدا.
- چەمكی بەئازادی پێكهێنانی حیزب‌و ڕێكخراو ژمارەیەك مافی لاوەكی دەگرێتەوەوەك:
  - مافی پێكهێنانی حیزبی سیاسی یان ڕێكخراو.
  - مافی یەكگرتن لەگەڵ حیزبی سیاسی یان ریكخراودا.
  - مافی بەشداربوون لەچالاكیی یاسایی حیزب یان ڕێكخراوێكی سیاسیدا.
  - ئەم مافی بەشداربوونە دەبێت‌وردەكاری تێدا بكرێت بۆ زەمانەتكردنی ئەو مافانەی دیاریكراوە بۆ هەڵمەتی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن لەبەرژەوەندیی حیزبێكی سیاسیدا.
- بە زۆری‌واچاكە ئەم مافانە لەدەستووردا دیاری بكرێن‌وەك لەوەی بەجێبهێڵرێت بۆ تەشریع‌و ڕێكخستن یان‌وردەكاریی ئاسایی لەلایەن دادگاوە.
- بە زۆری ئەم مافە بەهۆی تەشریعەوە كۆت‌و بەندی دەخرێتە سەر كەدەبێت تاوتوێیەكی‌ورد بكرێت بۆ

مسۆگەرکردنی ئەوەی کەوا پێچەوانە نیە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانداو کاریگەریی سەلبیی نابێت لەسەر بەشداربوونی کەمینە نەتەوەییەکان لەژیانی گشتیدا.

- مافی چارەنووس بۆ کەمینەکان گرنگە. بەم پێیە پیادەکردنی سەپاندنی ریزبوونە (ئەتنی) بەسەر کەمینەکاندا دەبێت ریی لێبگیرێت. هەنگاریا لەبواری ریزبوونی کەمینەکانیدا، نموونویەکی باشی مافی چارەنووسە، هەرچەندە گرفتێك نیە لەمەسەلەی هەنگاریدا. هەروەها نیوزیلاندیش لەکێشەی ماوریدا نموونەیەکی باشی ترە.

## ئازادیی کۆبوونەوە

ئەم مافە بەتەواوی گرێدراوی ئازادیی پێکهێنانی حیزبو رێکخراوە، ئەمەش ئازادییەکی گرنگە لەسیاقی هەڵبژاردندا لەبەرئەوەی مافی بەستنی کۆبوونەوە بەشێکی بنەڕەتی سیاسەتی دیموکراتییە. ئەم مافە درێژدەبێتەوە بۆ مافی ناڕەزایی دەربڕین.

- ئەم ئازادییە دەبێت لەڕووی دەستوورییەوە داڕێژرێ. هەروەها ئەم ئازادییە گەلێك جار تووشی کۆتو بەند دەبێتوەك بەردەوامیدان بەحاڵەتی گشتی. هەرچەندە حاڵەتی گشتی زەمینەیەکی لەبارە بۆ سنوردارکردنی مافەکان بەڵام زەحمەتی کۆتو بەندەکە لەپیادەکردنیدایە. وەرگرتنی بڕیار کاتێ کەبنەماکەی لەسەر



قەدەغەکردنی کۆبوونەوەو پرۆتێستە بەزۆری ئەرکی کارمەندانی دەوڵەتە. بەڵام کاتێ کەدادگایەکی کوتوپڕیی سەرپەرشتی ئەم بڕیارانە دەکات ئەوە ئازادییەکە لەڕووی پراکتیکەوە بەتاڵ دەبێتەوە.

- هەروەها رەنگە ئازادی هەرەس بێنێ بەپرۆسەیەکی رەتکردنەوەی حیزبە سیاسیەکان یان ریکخراوەکانی کەنوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەییەکان دەکەنو رێگە بەبەکارهێنانی ئاسانکاریی گشتیی رەخساو دەکەنوەك هۆڵەکانی شارو تاد.

## ئازادیی رادەربڕین

- ئەم ئازادییە بەردی بناغەی دەوڵەتێکی دیموکراتی پێکدێنێو مەسەلەیەکی بنەڕەتییە بۆ زەمانەتکردنی بەشداربوون بەشێوەیەکی کاریگەر لەژیانی گشتیداو بەچاکی لەدەستووری دەوڵەتدا چێ کراوە. لەهەندێ حاڵەتدا حکومەتەکان بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێن بۆ سەپاندنی کۆتو پێوەند بەسەر ئەم ئازادییەدا لەسەر بناغەی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم کۆتو بەندانەش دەبێت بەتوندی تاوتوێ بکرێن بۆ مسۆگەرکردنی رێژەو کاریگەریی کۆتو بەندەکە. بەتایبەتی کاریگەریی سنووردار کردنەکە لەسەر بەشداربوونی کەمینە نەتەوەییەکان لەژیانی گشتیدا دەبێت شیبکرێتەوە.

• نابێ ئەرکی دەوڵەت سنووردار بکرێتەوە بۆ ئەرکێکی سەلبی لەزەمانەتکردنی ئازادیی رادەربڕین بەپێی یاسای نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی.وەك نموونەش پێویستە دەستوەرنەدرێتە ئازادیو ئەمەش درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو بارەی کەوا کەمینە نەتەوەییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە مامەڵەیەکی باشیان بۆ برەخسێنرێ بۆ ئەوەی گوزارش لەبیروبۆچوونی خۆیان بکەن لەهۆکانی راگەیاندنی گشتییەوە.

### ٢- رێگەنەدان بەجیاکاریی

• مافی تاکەکەس بۆ بەشداریکردن لەژیانی گشتیدا دەبێت هەموو کەس بگرێتەوە بەچاوپۆشی لەبنچینەی نەتەوەیی یان ئەتنی، زمان یان ئاین. ئەم مافانەش دەبێت بەیەکسانی پەیڕەوی بکرێن[١٨] . جیاوازی کردن پێویستی بەنیازو مەبەست نیەو رەنگە بێئەوەش ئەنجام بدرێ.وەك نموونە نیشتەجێبوون لەشوێنێك پێویستییەکی باوە بۆ دەنگدان لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا بەپێی یاساو رێسای هەڵبژاردن. بەهەرحاڵ پێداویستیەکان رەنگە لەسەر شێوەیەکی جیاوازی کردن کاربکەن سەبارەت بەپەنابەران. (واتە هاوڵاتیان یان نیشتەجێ هەمیشەییەکان لەدەوڵەتدا کەهەڵاتوون بۆ دەرەوە)، خەڵکی کۆچەر یان ئاوارە. داواکاریی نیشتەجێبوون رەنگە جیاوازیی تێدا بێت دژ بەکەمینە نەتەوەییەکان.



پێداویستی کارامەیی بۆ ناونوسکردن وەك دەنگدەر کاریگەریی جیاوازی کردنی هەیە دژ بەکەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی. ئەمانەی خوارەوە بەگشتی نموونەی پێداویستی کارامەیین لەسەر جیاوازیکردن دژ بەکەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان.

• بەزۆری هاوڵاتیبوون یەك لەپێداویستییە سەرەکییەکانی لەباربوونە. بەرۆڵی خۆیشی پێداویستیەکان کاردەکەنە سەر لەباربوونی دەنگدان. ئەمانەش نموونەی جۆری کاریگەرین لەسەر ئەو یاسایانەی هاوڵاتێتی رێکدەخەن:

- ئەگەر باری ئەتنی پێویستی هاوڵاتێتی بێت ئەوەوەك جیاوازی لەدژی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان بەکاردێت کەسەر بەو رەگەزە نین.

- پێداویستی هاوڵاتێتی بەدەستهاتوو کەپێویستە باوكو دایك هەردوکیان هاوڵاتی بنو رەنگە بەجۆرێك کاربکەن کەجیاوازیی دژ بەکەمینەی نەتەوەیی تێدا بێتو بەتایبەتی ئەوانەی تووشی مەسەلەی گۆڕینی پەیوەستبوونی نەتەوەیی بوون.

- سنوور دانان لەسەر هاوڵاتێتی دولایەنە رەنگە کاربکاتە سەر کەمینە نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی زیانبەخش.

- قسەکردنی رەوان بەزمانێکی رەسمی یەکێکە لەپێداویستییەکانی هاوڵاتێتیو دەکرێوەك جیاوازی کردن

بەکاربێت دژ بەکەمینەیەکی نەتەوەیی کەبەو زمانە قسە ناکەن.

- پێویستە لەسەر دەوڵەت بەکارهێنانی هەر زمانێك لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا قەدەغە نەکات یان نەیسەپێنێ.
- پێداویستیی نیشتەجێبوون دەکرێ وەك جیاوازی کردنێك بەکاربهێنرێ دژ بەکەمینە نەتەوەییەکان. هەروەها دەکرێ وەك شێوەیەکی جیاوازی کردن بەکاربهێنرێت دژ بەپەنابەرو ئاوارەو ئاوارەی ناوخۆش دەتوانن مافی دەنگدان پیادە بکەن، بەپێی توانا، هەروەها دەبێت پەنابەرانیش ئاسانکاریی دەنگدانیان بۆ بکرێت.

پێویستە سەرنجی ئەوەش بدرێ کەسەرەڕای ئەوەی کەمافی بەشداربوون لەژیانی گشتیدا لەدەستوورو یاسادا دەپارێزرێ پێویستیشە زەمانەتی ئەوە بکرێت کەهیچ ڕێگرییەکی ئیداری یان شتی تر لەئارادا نیە بەر لەکەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان بگرێ پراکتیزەی تەواوی مافەکانی خۆیان بکەن.

- لە ئاسۆیەکی بەرچاودا، کەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی دەبێت بەزمانی خۆیان ئاگاداری مافی خۆیان بن لەبەشداربوونی ژیانی گشتیداو چۆنێتی پراکتیزەکردنی ئەو مافانە.
- پرۆسەی ناونووس کردنی دەنگدەران بەشێوەیەك بەڕێوە دەبرێت زەمانەتی ئەوە بکات کەوا کەسانی سەر



بەکەمینەی نەتەوەیی بێگرفتو بێ تێچوونی دارایی تۆمار دەکرێن.

ئەم جۆرانەی خوارەوە لەکاروباری ئیداری دەکرێ بەم شێوەیە بن:

- لە ئاسۆیەکی بەرچاودا، شێوازەکانی ناونووس کردنو هەر بەڵگەنامەیەکی ڕوونکردنەوەی تر دەبێت بەزمانی کەمینە نەتەوەییەکە بن.
- دەبێت نووسینگەکانی تۆمارکردن بکەونە جێگەی دیاری کراوەوەو لەکاتێکدا بن گران نەکەوێ لەسەر ئەو کەسەی دێت بۆ ناونووس کردن.

- خولقاندنی کەشو هەوایەك کەوا کەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی بتوانن کاربکەن، گفتوگۆ بکەن، دەنگ بدەن، خۆبپاڵێونو بەشداری بکەن لەژیانی گشتیدا. پێویستە دەوڵەتیش دژ بەجیاوازی کردنو توندوتیژی بەرانبەر بەکەمینە نەتەوەییەکان بوەستێتەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو هەنگاوی کاریگەر بنێ بۆ نەهێشتنی جیاوازی کردنو توندوتیژیو سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم دەستدرێژیانە.
- کۆسپەکان زۆر قورس نین بۆ ڕێگرتن لەتاکەکەسەکان خۆبپاڵێون یان وەك لایەنی سیاسی خۆیان تۆماربکەن،وەك خەرجو مەسرەفی ڕێ تێنەچوو لەوانە سەپاندنی بارمتە دانانی زۆریش.

- یاسای پارمەتیدانی دارایی حیزبی سیاسی نابێ جیاوازی بکات یان نارەوا بێت. بەتایبەتی مەسەلەی پارمەتیدانی دەرەکی بۆ حیزبە سیاسیەکان یان بزووتنەوەکانی کەمینەی نەتەوەیی نابێت بەشێوەی جیاوازی کردن رێك بخرێت.
- هەر پارمەتییەکی دارایی حیزبە سیاسیەکان لەدارایی دەوڵەت نابێ جیاکار بێت بەهەلومەرجی جیاوازی نێوان گرووپی کەمینە ئەتنی یان نەتەوەییەکان.
- کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن کاندیدەکانەوە بەشێوازێك رێکدەخرێت کەجیاوازیی نارەوای تێدا نەبێت دژ بەگرووپەکانی کەمینە.
- پێداویستی دابەشکردن بەپێی هەلومەرجی پێداویستیی لایەنەکان بۆ بواری پالاوتن لەژمارەیەکی دیاریکراوی بازنەیی هەڵبژاردن یان ناوچەکان بەبێ جیاوازی.
- نابێ هیچ کۆتو بەندێك بخرێتە سەر هەڵمەتی هەڵبژاردن بەزمانێکی دیاریکراو.
- نابێ لەباربوونی زمان بەکاربهێنرێت بۆ تۆمار کردنوەك دەنگدەرو پاڵێوراو بۆ ئۆفیسی گشتی.
- دانیشتووی دەرەوەیولاتو بەتایبەتی لەبارودۆخی دوای ململانێو ناکۆکیدا، کەژمارەیەکی زۆر لەپەنابەری گروپی کەمینە هەن، ناکرێ وەك پێوەری لەباربوون



بەکاربهێنرێت. مەسەلەی دەنگدانی دەرەکی تاڕادەیەك گرنگە لەبەرئەوەی رەنگە کار بکاتە سەر مافی کەمینەکان.

### ب ـ چوارچێوەی یاسایی‌و هەڵبژاردنەکان

پێویستە یاسای لۆکاڵ (ناوخۆ) نموونەو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان کاریگەر بکاتو واچاکترە مافی بەشداربوون لەژیانی گشتیدا بێ جیاوازی لەخۆ بگرێت. هەروەها دەبێت ئەو هەلومەرجانە لەچوارچێوەی دەستووردا دابینکراوبن. یاسای هەڵبژاردنیش کاردەکاتە سەر ئەو مافانەو دەبێت بەدەربڕینی رێك‌و رەوان روونبکرێنەوە.

### مافە دەستوورییەکان

دەبێت دەستوور بەبێ جیاوازی مافی بەشداربوون لەژیانی گشتیدا بۆ هەموو کەس برەخسێنێ. ولاتە جۆراوجۆرەکانی ناو رێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاریی ئەورووپی OSCE حاڵی حازر ئەم مافانەیان لەدەستوورە تایبەتیەکانیاندا دابینکردووە [١٩] .

- مافی گشتی بەشداربوون لەژیانی گشتیدا،وەك:
  - بەندی ٧٠ لەدەستووری هەنگاریا.
  - بەندی ٣٨ لەدەستووری ئەڵمانیا.
  - بەندەکانی ٣و ٤ لەدەستووری هۆڵەندا.
  - بەندی ٣٩ لەدەستووری کۆماری مۆڵداڤیا.
- مافی جیاوازی نەکردن لەسەر بناغەی رەگەز، نەتەوەو بنچینەی کۆمەلایەتی یان ئەتنی،وەك:

- بەندی ١٤ لەدەستووری ئیسپانیا.
- بەندی ٣ لەدەستووری ئەڵمانیا.
- بەندی ٧٠ ا لەدەستووری هەنگاریا.
- بەندی ١٦ (٢) لەدەستووری کۆماری مۆڵداڤیا.
- بەندی ١٤ لەدەستووری جۆرجیا.
- بەندی ١٥ (٣) لەدەستووری کۆماری کیرغیز.
- بەندی ١٩ لەدەستووری رووسیای فیدراڵ.

• مافی هەڵبژاردن (یان دەنگدان)،وەك:

- بەندی ٤ لەدەستووری هۆڵەندا.
- بەندی ١٦ لەدەستووری ئێرلەندا.
- بەندی ٧٠ لەدەستووری هەنگاریا.
- بەندی ٣٨ لەدەستووری ئەڵمانیا.
- بەندی ١ (٦) لەدەستووری کۆماری کیرغیز.
- بەندی ٤٩ (٢) لەدەستووری جۆرجیا.
- بەندی ٣٨ لەدەستووری کۆماری مۆڵداڤیا.

### چەسپاندنی دەستوور

مافە دیاریکراوەکانی دەستوور گرنگییەکی‌وایان هەیە کەپێویستیان بەپاراستن یان چەسپاندنە. بەندە دەستوورییەکان دەکرێ بەشێوەیەك بچەسپێنرێن کەوا زەحمەت بێت بۆ یاسادانەر دەسکارییان بکات. مەبەست لەچەسپاندنی دەستوور تەنها دەستنیشان کردنی بەندە



چەسپاوەکانو پابەندێتی دەستوور نیە بەو بەهایانەی تیایاندایە بەڵکو پاراستنی سوودمەندانی ئەو بەندانەشە.

• پاراستن یان چەسپاندن چەند شێوازێك‌وەربگرێت. لەم رووەوە میکانیزمەکانی تر پێویستیان بەئیجرائێکی تایبەت هەیە بۆ پەیڕەویکردنو پێویستی بەپابەندییەکی توندوتۆڵ بەخەڵکی پەیوەندیدار یان پشتگیری گەورە بۆ هەریەك لەدەستە تەشریعییە لاوەکییەکان لەسیستمی فیدراڵیی حکومەتدا.

### (٦) راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٨

" رێکخستنی پێکهاتەو چالاکیی حیزبە سیاسیەکان دەگونجێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادیی پێکهێنانی حیزبو رێکخراودا. ئەم بنەمایە ئازادیی دروستکردنی حیزبو رێکخراوی پشتبەستوو بەپێناسەی میللیو بەشێوەیەکی تایبەتکار لەگەڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت".

### أ ـ روونکردنەوی ناوەڕۆك

ڕستەی یەکەمی ئەم راسپاردەیە پێوانەییەو پێویستەوڵاتان بگونجێنو ملکەچ بن بۆ ئازادیی پێکهێنانی حیزبو رێکخراو. ئەم بنەمایە بەم پێوەرە نێودەوڵەتییانەی خوارەوە گوزارشی لێوە دەکرێت:

- بەندی ٢٢ ی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دەربارەی مافە مەدەنیو سیاسیەکان.

- بەندی ٢ ی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی کەسانی سەر بەکەمینەی نەتەوەییو ئەتنیکی، ئاینیو زمانو بەتایبەتیش ئەوە روون دەکاتەوە کەوا کەسانی سەر بەم کەمایەتیانە مافی پێکهینانو پاراستنی ئەمانەیان هەیە :

+ حیزبو ڕێکخراوی خۆیان.

+ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەندامانی تری گرووپەکەیان کاتێ کەهاوڵاتیوڵاتێکی تر بن.

- بەندی ١١ لەپەیماننامەی پارێزگاریی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتیەکان.

- بەندی ٧ ی پەیماننامەی پارێزگاریی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتیەکان.

پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان (ETS No. 157 ،١٩٩٥) ئەوە ڕووندەکاتەوە کەوا لایەنەکان ڕێز لەمافی هەموو کەس دەگرن کەسەر بەکەمینەیەکی نەتەوەیی بن بەئەمانو ئازادی کۆببنەوەو بەئازادی حیزبو ڕێکخراو پێکبهێنن، ئازادی رادەربڕین، ئازادی بیروباوەڕو ئاین.

- برگە ٧، ٦ ی ڕێکخراوی ئاسایشو هاوکاری ئەوروپی OSCE- بەڵگەنامەی کۆبنهاگن: " ڕێزگرتن لەمافی کۆمەڵو تاکەکەسان بۆ دروست کردنی حیزبە سیاسیەکانوڕێکخراوەکانی تر بەوپەڕی ئازادی لەگەڵ زەمانەتی یاسایی پێویست بۆئەوەی بتوانن کێبەرکێ



لەگەڵ یەکتر بکەن لەسەر بناغەی مامەڵەکردنی یەکسان لەبەرانبەر یاساداو لەلایەن دەسەڵاتەوە".

بنەماو یاسای نێودەوڵەتیوایبۆدەچن کەتاکەکەسان ئازادن لە:

- پەیوەندی کردن لەگەڵ هەر کەسێك هاوڵاتی بێت یان نیشتەجێ (مقیم)، پەنابەر بێت یان بیانی.

- پێکهێنانی حیزب یان ڕێکخراو.

- بڕیاردان لەسەر مەبەست، دەستنیشانکردنی خاسیەتەکان، بنەما ناوخۆییەکانی حیزب یان ڕێکخراو.

- بڕیاردانی بێ جیاوازی کەوا کێ دەچێت یان ناچێتە ناو ئەو حیزبو ڕێکخراوەوە [٢٠].

هەرچەندە دەوڵەتان ڕێگەی ڕێکخستنی پیادەکردنی ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو دەدەن، ئەو دەوڵەتانە ڕەنگە دەستی تێوەرنەدەن مەگەر بەهانەو پاساوێکیان هەبێت لەسەر بناغەیەکی فشارو ناچارکردن. لەهەردوك یاسای نێودەوڵەتیو یاسای دەستووریی بەراورداو هەر دەستوەردانێك لەئازادی زۆر بەتوندی تاوتوێووردەکاریی تێدا دەکرێت[٢١]. پاساوی دەستێوەردان لەم حاڵەتانەدا دەبێت:

- ئەگەر دەستێوەردانەکە بەهۆی یاساوە سەپێنرا.

- یاسا ڕێگا بەدەستێوەردان دەدات تەنها لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

+ ئاسایشی نەتەوەیی.

+ حاڵەتی گشتیو سەلامەتی.

+ پاراستنی تەندروستی یان مۆراڵ.

+ پاراستنی مافو ئازادیی خەڵکی تر (بەپێی هەلومەرجی ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی).

- دەستێوەردان پێویستە لەگۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا.

کۆتو پێوەند لەسەر ئەو ڕێکخراوانەی پشتیوانی لەبەرژەوەندیی کەمینە نەتەوەییەکان دەکەن بەشێوەیەکی ئاسایی پشت بەئاسایشی نەتەوەیی دەبەستێ. ئەگەر ئەو ڕێکخراوە پەنا نەباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەوە کۆتو بەند لەم حاڵەتەدا پاساوی هەڕەشە نابێت بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی. دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ بەهەماهەنگی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەبەسترێ، ئەگەر چ بانگهێشتێك لەئارادا نەبێت بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی یان کارکردن بەشێوەیەکی نادیموکراتیانە لەلایەن هەر حیزبو ڕێکخراوێکەوە کەوا نیازی گۆڕینی بنەماو پێکهاتەی دەوڵەتی هەبێت بەشێوەیەکی دیموکراتیو ئاشتیانە، چونکە ئەم بنەمایە بەتەنها هەڕەشە لەئاسایشی نەتەوەیی ناکات [٢٢]. لەڕاستیدا مەسەلەی حیزبێکی سیاسی بۆ بزواندنی کەمینەیەکی نەتەوەیی بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەخۆیدا پاساوێك نیە بۆ دەستێوەردان.

هەرچەندە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوە بەرەوڕووی دەوڵەت دەکرێتەوە کەوا بڕیار بدات کەئایا ئارەزوو دەکات چالاکیی



ڕێکخراوێکی ڕێکخراوێکی دیاریکراو کەم بکاتەوە بەپێی هەلو مەرجی یاساو دەوڵەتان بەشێوەیەکی ئیجابی پابەندن بەقەدەغەکردنی هەندێ چالاکی کەلەقەدەغەکردنی ڕێکخراوەکان خۆیدایە.

بەندی ٤ لەپەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاوازی ڕەگەزپەرستی پێویستیان بەوەیە کەواوڵاتان ئیجرائاتی ئیجابیوەرگرنوەك قەدەغە کردنی ئەو ڕێکخراوانەی کەهانی جیاوازی ڕەگەزپەرستی دەدەن. یاساو ڕێساکان بەسەر هەموو ڕێکخراوەکاندا دەسەپێ نەك تەنها هەر ڕێکخراوی سیاسی. بۆ مەبەستی ئەم ڕێبەرە یاساو ڕێسا کەبەسەر حیزبە سیاسیەکانو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەسەپێ کەنوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەییەکانو دەستەو ڕێکخراوە ناحوکومیەکان دەکەن کەوا پاڵپشتی ئەو کەمینانە دەکەن.

جێبەجێ کردنی یاسا کەلەسیاقی کەمینە نەتەوایەتیەکاندا بەڕوونی مافی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوانە ڕەچاو دەکات کەپشت بەناسنامەی میللی دەبەستنو ئەوانەی کەوا کۆمەڵگاکان ڕێکدەخەن. هەرچەندەوڵاتان هەنگاو دەنێن بۆ هاندانی ڕێکخراوەکان کەوا جەماوەریان جۆراوجۆر بکەن بەڵاموڵاتان دەبێت مافی کەمینە نەتەوەییەکان زەمانەت بکەن لەچوارچێوەی یاسادا بۆ دروستکردنی ئەو ریکخراوانەی پشت بەناسنامەی میللی دەبەستن. ئاشکرایە کەوا مەسەلەیەکی بنەڕەتییە بۆ

هەروڵاتێک بۆ ئەوەی باشترین هۆکار بدۆزێتەوە بەرەو چڕکردنەوەی بەرژەوەندی خەڵکی جۆراوجۆر چوونکە دەبێت لانی کەم بەڵێن بدات کەپابەندی ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوە. زەمانەتکردنی چالاکی تاکەکەسان لەناو ناسنامەی میللیدا مەسەلەکان بەرەو پێکهێنانی حیزبی سیاسی دەجووڵێنێو پەنا ناباتە بەر ناکۆکیو توندوتیژی سەبارەت بەمافی کەسانی تر، لێرەداوا دەخوازێ کەوا کۆسپیان نەیەتە پێش لەپێکهێنانی ڕێکخراوێکدا لەسەر ئەم ڕێسایە.

## ب ـ چوارچێوەی یاسادانان

- پێویستە مافی پێکهێنانی حیزبو ڕێکخراو بەئازادی لەدەستووری دەوڵەتاندا بێتو نابێ ڕێگە بە کۆتو بەندی یاسادانانو جێبەجێ کردنی ئەم مافە بدرێت بێجگە لەو بوارە پێویستەی لەکۆمەڵگایەکی دموکراسیدا هەیە. هەر سنووردار کردنێکی ئازادیی پێکهێنانی حیزبو ڕێکخراو دەبێت لەلایەن یاساوە بسەپێنرێتو نابێ ڕەزامەندییەکی پێشوەخت هەبێت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک هەرچەندە هەر دەوڵەتێک ڕێگەپێدراوە داوای حیزبو ڕێکخراوێوەها بکەن کەبۆ ئامانجی تایبەت ناونووس دەکرێنو ئیجرائاتی تۆمارکردنیش بەشێوەیەک کاریگەرن کەوا زەحمەتە بۆ ئەم ڕێکخراوانە خۆ تۆمار بکەنو کار بکەن.



## ٧ . ڕاسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٩

" پێویستە لەسەر سیستمی هەڵبژاردن نوێنەرایەتیو کاریگەریی کەمینە ئاسان بکات:

- لەو شوێنانەی کەمینەی تێدا کۆبووەتەوەو بەپێی ناوچەو هەرێمەکان، هەر هەرێمێکیش زەمانەتی نوێنەراتیەتییەکی تەواو دەکات بۆ کەمینەکان.
- سیستمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، چونکە بەشداریکردنی حیزبی سیاسی لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا لەبەشداربوونیدا ڕەنگدەداتەوە لەکورسیەکانی یاساداناندا و ڕەنگە هاوکاریش بێت لەنوێنەرایەتی کردنی کەمینەکاندا.
- هەندێ شێوازی شکاندنەوەی زیاتر بەلای دەنگداندا، چوونکە هەڵبژاردن کارئاسانی بۆ نوێنەرایەتیی کەمینە دەکاتو پشتگیری لەهاوکاریی میللی دەکات.
- ئاستە نزمەکانی نوێنەرایەتی کردن بەژمارە لەدەزگاکانی یاساداناندا ڕەنگە لایەنی بەشداری کردنی کەمینە نەتەوەییەکان بەهێز بکات لەحوکمدا".

## أ ـ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک

پێشەکی بنەڕەتی ڕێبەرەکە لەم بڕگەیەدا ئەوەیە کەدەوڵەتان دامودەزگای دیموکراتی سیاسییان بەچاکی ڕەنگڕێژکردووەو ئەمەیان زیاتر سەرکەوتووترە لەبەڕێوەبردنی ململانێو چارەسەری سکاڵای سیاسیداو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بەکەمینە

نەتەوەییەکانەوە. بەم پێیە نەخشەی دامودەزگای سیاسیو سیستمی هەڵبژاردن، بەتایبەتی، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەبەرێوەبردنی ململانێو ناکۆکیو دابینکردنی دەروازەیەکی ئاشتیانە کەبەرژەوەندیەکانوا ئاڕاستە بکات کەلەلایەکی ترەوە سووتەمەنیی پێداویستیی راستەقینە بۆ کۆمەڵگا یان دەزگاکانی کۆمەڵایەتی بێت لەچوارچێوەیدا، ئەمەش نەك نابێتە هۆی تەنها گرفتی سیاسیو ئیداری بەڵکو دەبێتە هۆی ناکۆکی. پاشان بەدوایدا جێبەجێکردنێکی گرنگو پراکتیکی راسپاردەکانی لوند دێت بۆ پێداچوونەوەی سیستمی هەڵبژاردنو چاککردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ئەگەر پێویست بوو.

سیستمەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیاریکراو دەکرێ بنیات بنرێ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پێداویستییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگایەکدا، چونکە لەم رێگەیەوە دەنگەکان تەرجەمە دەکرێن بۆ کورسی پەرلەمان. دیاریکردنی سیستم دەمانگەیەنێتە ئەنجامی جۆراوجۆر بۆ هەمان ژمارەی دەنگدەران.وەك نموونەش سیستمێکی هەڵبژاردنی پشتبەستوو بەبازنەی هەڵبژاردن بەزۆری ئەنجامی جیای لێدەکەوێتەوە لەوەی کەلەدەنگدانی رێژەیی توند دەکەوێتەوە[۲۳]. ئەمەش لەهەندێ باروزرووفدا جیاوازییەکی یەکلاکەرەوە دروست دەکات لەنێوان حیزبێکی ملهوڕو حیزبێکی تردا کەهێزی لەدەستدا بێتو هەروەها



ئاستی نوێنەرایەتی حیزبەکانو بەتایبەتی نوێنەری کەمینەکان دیاریدەکات.

بەم رەنگە هەڵبژاردنی سیستمی زۆر گونجاو دەبێتە سیستمێکی یەکلاکەرەوە. بەڵام سیستمەکانی هەڵبژاردن بەتەنها لەتوانایاندا نابێت ناکۆکیی ئەتنی چارەسەر بکەن. پێویستە سیستمی هەڵبژارن بەوردی تاوتوێ بکرێتەوەك یەکێك لەو میکانیزمە زۆر ئاڵۆزانەی کەئەگەر پێکەوە وەربگیرێن کاریگەرییان دەبێت لەسەر چارەسەری ناکۆکیی کەمینە نەتەوەییەکانو زەمانەت کردنی بەشداریی کاریگەریان لەژیانی گشتیدا. بۆزیاتر روونکردنەوە ئەو کورسییانەی تەرخان کراون بۆ کۆمەڵێك بەتایبەتی رەنگە زەمانەتی نوێنەرایەتییان بۆ بکات بەڵام ئەگەر میکانیزمی بنەڕەتی نەڕەخسێتوەك یارمەتی داراییوکارامەییو مەشق کردنوفێرکردن ئەوە نوێنەرایەتییەکە رەنگە کاریگەرییەکی کەمی هەبێت.

بەوپێیەو لەکاتێکدا کەسیستمی هەڵبژاردن زەمانەتی نوێنەرایەتی کەمینە بکات لەدەزگای یاساداناندا، بەڵام زەمانەتی ئەوە ناکات کەوا کەمینە نوێنەرەکە لەدەزگای یاساداناندا هیچ رۆڵێکی بنەڕەتی دەرەخسێنێ لەپێکهاتەکانی پەرلەمانوحکومەتدا. بەزۆری نوێنەرایەتییەکە تەواو نابێتوپێویست بەپشتگیریو ئیجرائاتوهۆکاری ترە. بۆ نموونە لەپەرلەماندا، رەنگە کورسی بنەڕەتی لیژنە پەرلەمانییەکان کەپەیوەندییان

بەبەرژەوەندیی کەمینە نەتەوایەتییەکانەوە هەیە بدرێتە کەمینەکە یان ئەو ئیجرائە تایبەتییانەی کەوەردەگیرێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڤیتۆی کەمینەکاندا لەمەڕ کاروباری کەمینەکەدا. لەپێکهاتە حکومیەکاندا بەشی رێژەیی پێگەی خزمەتی مەدەنی رەنگە ئەو میکانیزمە بێت کەوا رەچاوی مانای راستەقینەی بەشداربوونی کەمینە دەکات لەژیانی گشتیدا. ئەم کردارانەی پشتگیری هەموو هاوکارن بۆ ئەوەی بەواتایەکی تر ببنە کورسیی رەسمی کەمینەکە لەپەرلەمانداو بەشدارییەکی ماناداری کەمینەکە لەژیانی گشتیدا. رەنگە ئەمە بیشبێتە ئیدراكو هەستکردنێکی رەمزی لەبەشی کورسیەکانی کەمینەیەکی نەتەوەیی، چوونکە بێ ئەو کورسییانەو پێکهێنانی سەکۆیەك بۆ کارکردنە سەر ئەو بڕیارانەی لەبەرژەوەندیی ئەو کەمینەدان. ئەو بەشەش شەرعیەتی کرداری دەوڵەت هەڵدەوەشێنێتەوە لەمەڕ راهێنانو گونجاندنی کەمینەکەو بوار دەدات بەپابەندی ئەتنی هێرشبەرێتو پاشان ئەو گونجانە هەڵتەکێنێت کەدەوڵەت داوێتی بەکەمینەکە.

پێویستە لەسەر سیستمی هەڵبژاردن کاری ئەو ئاوارەو پەنابەرانە مەیسەر بکات کەلەدەرەوەی‌وڵات دەژین. ئەمە بەتایبەتی مەسەلەیەکە بۆخۆی لەپاش ناکۆکییەکی ئەتنی جیددی کاتێ کەئاوارەو پەنابەر کۆمەڵێکی رەگەزی بنەڕەتی پێکدێنن. لەم حاڵەتەدا، سیستمێکی هەڵبژاردن رەنگە گونجاو نەبێت چونکە ئەو زەحمەتیانەی بەستراون



بەمامەڵەی هەڵبژاردنەوە بەمەبەستی تۆمارکردن یان دەنگدانە. هەروەها پێویستە لەسەر سیستمێکی هەڵبژاردن کەوا بوونی کەمینە نەتەوەییەکان رەچاو بکات کەجاران کۆچەر بوون. جێبەجێ کردنێکی توندی سیستمێکی هەڵبژاردن رەنگە بەشێوەیەکی کاریگەر بێبەشیان بکات لەمافی دەنگدان. درووستکردنی ناوچەیەکی هەڵبژاردن لەکۆماری ماسیدۆنیای یۆگسلاڤیای جاران بۆ ئەوەی بتوانرێ نوێنەری کۆمەڵگەی قەرەج هەڵبژێردرێ نموونەی پیادەکردنێکی باشە. ئەم ناوچەیەی هەڵبژاردن, کەناوی شوتو ئۆریزارییە Shutu Orizari , گەورەترین کۆمەڵی قەرەج دەگرێتەوە لەئەوروپادا.

مەیسەرکردنی دەنگدانی دەرەکی دەبێت بەیەکسانی جێبەجێ بکرێتو هیچ کاریگەرییەکی زیانبەخشانەی نەبێت بەسەر کەمینەی نەتەوەییەوە. هەروەها دەنگدانی دەرەکی‌و کەمینەی نەتەوەیی دەبێت هان بدرێت. لەشێوەی پەیڕەوکردنی ئامارداو لەسەرژمێریی نیشتمانیدا پێویستە بڕواووردی‌و رەوایی رەچاو بکرێت کەوا کار دەکەنە سەر نوێنەرایەتی کردنی کەمینەیەکی نەتەوەیی لەناوچەی دیاریکراودا[٢٤]. ئەمەش بابەتێکی ناسكو هەستەوەرەو رەنگە پاشتر وەك رێگەیەك بۆ جیاوازی کردن بەکاربێت[٢٥].

ئەگەر تەخویلێکی تایبەت درا بەکەمینەیەکی نەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کەمینە بۆ دەستەیەکی تەشریعی لەم حاڵەتەدا پێویستە "دەنگی کەمینە" زیاتر ئیزافە

بێتەوەك لەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی مافی ئاسایی هەڵبژاردنی نوێنەران بێت.

بەم پێیە پێویستە لەسەر سیستمێکی هەڵبژاردن ڕێگە بەو دەنگدەرانە بدات کەسەر بەکەمینەیەکی نەتەوەیین بۆ ئەوەی دەنگێکی دیاریکراویان هەبێتو ئەو دەنگدەرانەش دەبێت لەهەردوو حاڵەتەکەدا بتوانن دەنگ بدەن. لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کرواتیادا، کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان ڕەنگە دیاری بکرێن بۆ ئەوەی دەنگ بەلیستێکی کەمینەکان بدەن (کەمینە هەنگارییەکان، سربەکانو ئیتاڵییەکان هەریەکە کورسییەکیان هەیە). ئەنجامیش هەڵەیەوادابنرێت کەئەندامانی ئەتنی یان کۆمەڵە خەڵکێکی تر لەخۆوەو لەم ریزانەدا دەنگ دەدەن. لەهەر کوێ بگونجێ دەبێت هانی حیزبەکان بدرێت بۆ ئەوەی نوێنەرانی کەمینە لەحیزبەکانیان بگرن، کەبەڕۆڵی خۆیان زەمانەتی نوێنەرایەتییەکی کەورەتر دەکەنو بەشدار دەبن لەکەمکردنەوەی بزووتنەوەی ئەتنیدا.

ناکرێ هەمیشە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کەوا کەمینە نەتەوەییەکان دەیانەوێ بەشداری بکەن لەحکومەتدا. لەم ڕووەوە ڕەنگە باروزرووفێکوایان لێبکات هەندێ مەسەلە لەخۆ بگرن کەلەبەرژەوەندییان نیە بۆ ڕەچاوکردنی مەسەلەیەکی سیاسی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ هیچ شتێك ڕێگە لەبەشداریو هەڵبژاردنیان بگرێت.



## ب ـ چوارچێوەی تەشریعیو هەڵبژاردە

لەم بنەما گشتییەی ڕاسپاردەکانی لوند، چوار هەڵبژاردن وردەکاریی تێداکراوەو هەریەکەیان بریتییە لەمیکانیزمێك بۆ ئاسانکاریو هاندانی نوێنەرایەتی کەمینەو کاریگەریی لەدەزگای یاساداناندا، بەپێی حاڵەتو بارودۆخ، ئەم هەڵبژاردنەش ئەمانەن:

- بەکارهێنانی ناوچەکانی تاك ئەندامی.
- سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی.
- بەکارهێنانی لەپێشتر (تەفزیل) لەدەنگداندا.
- دروستکردنی لانی کەمی ژمارە بۆ نوێنەرایەتی کردن.

هەر هەڵبژاردەیەك لەخوارەوە بەدوورودرێژی باسکراوەو هەڵبژاردەکانو ڕێبەرەکەش بەسەرچوو نین:

**هەڵبژاردەی ١ : کەوا کەمینەکان بەپێی ناوچەو هەرێمەکان کۆبوونەتەوە. ناوچەکانی یەك ئەندام ڕەنگە نوێنەرایەتیەکی تەواو دابین بکات بۆ کەمینە.**

زۆرێك لەسیستمەکانی هەڵبژاردن پشت بەنوێنەرانی هەڵبژێردراو دەبەستن لەناوچە دیاریکراوەکانی یەك ئەندامیو ناوی سیستمی تاك ئەندامە. ئەمەیان دوو جۆرە:

- سیستمی کۆکردنەوەوەك دەنگدانی پۆستە. ئەم سیستمە سەرکەوتن دەبەخشێ بەبەرزترین کاندید

لەهەڵبژاردنەکەدا تەنانەت ئەگەر کاندیدەکەش پشتگیری تەواوی زۆرینەش بەدەست نەهێنێ [٢٦] .

- سیستمی زۆرینە: ئەم سیستمەوادەخوازێت لەبراوە کەبەلای کەمەوە زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدەران بەدەستبێنێ لەهەڵبژاردندا. ئەمەش کێبڕکێی نێوان دوو کاندید دەگەیەنێ لەلوتکەدا ئەگەر هاتوو هیچ کام لەکاندیدەکان لەخولی یەکەمدا زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی نەهێنا.

ئەو نوێنەرانەی لەچوارچێوەی ئەم سیستمانەی هەڵبژاردندا بەو جەماوەرەی دەنگدەران دەبەسترێنەوە کەلەو بازنەیەدا هەڵیان بژاردوون ئەگەریش کەمینەیەکی نەتەوەیی لەناوچەیەکی دیاریکراودا کۆبووبێتەوە ئەوە دەرفەتێکی باشتریان دەبێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان.

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا سیستمەکانی ئەندامی تاك تاقە یارمەتیدەر دەبێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی کەمینە لەووڵاتانەی‌وەك هەرێم یان ناوچە تێیدا کۆبوونەتەوە. ئەگەریش کەمینەکان لەناوچەی دیاریکراودا کۆبووبێتەوەو سیستمێکی هەڵبژاردنی زۆرینە پەیڕەوەی کرا، ئەودەمە دەرفەتی ئەندامێکی کەمینەیەکی لەوجۆرە زۆر لەبار دەبێت بۆ هەڵبژاردن. نموونەی ئەم حاڵەتە ئەلبانیایە لەگەڵ کەمینە یۆنانیەکدا لەباشووری‌وڵاتو کەنەدا لەگەڵ دانیشتوانە فەرەنسی زمانەکەی هەرێمی کیوبیکداو ئیتاڵیا لەگەڵ کەمینە فەرەنسی زمانەکەی لەڤالا دی ئۆستا Valla



d’Aostaو کەمینە ئەڵمانی زمانەکەی هەرێمی بۆلزانۆ Bolzano. ئەگەر کەمینەکان بەگشتی پەرتو بڵاو بوون لەوڵاتداو پشتیان بەژمارەیان بەست، لەو حاڵەتەدا بەزەرووەرت زەمانەتی نوێنەرایەتیان ناکرێت چونکە رەنگە دەنگەکانیان بەشی زەمانەتی دەرچوونی براوەیەك نەکات لەکەمینەکە لەهیچ ناوچەیەکی تاکی هەڵبژاردن.

ئەگەری سوودەکانی سیستمی تاك ئەندام ئەمانەن:

- ئەو کەمینەیەی لەناوچەو هەرێمەکاندا چڕبوونەتەوە لەوانەیە زەمانەتی نوێنەرایەتی بکەن.
- بەرپرسیارێتی راستەوخۆی کاندیدەکان لەبەردەم جەماوەری دەنگدەراندا ئەگەری زیانەکانی سیستمێکی لەم جۆرە ئەمانەن :
- هاندەرێکی تەواو هەیە بۆ کەمینە نەتەوەییەکان کەوا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەببەن لەناوچەی دیاریکراوی خۆیانداو لەوانەیە رەفتاری شۆڤێنیانە هاوشان بێت لەگەڵ ئەم هەڵمەتەدا.

لەوانەشە ئەگەری کەرتو پەرت بوونی کەمینەکانی لێبکەوێتەوەو بکێشێتەوە بۆ ئەگەری لێکترازانی رێزەکانیان لەململانێو ناکۆکیی دوارۆژدا.

- هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەش کەناوچەکان پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر نەکەن لەبەرئەوەی ئەوانەی لەناوچەکانی زۆرینەی کۆبوونەوەی ئەتنین هەمیشە هەڵدەبژێررێن.

- تاوەکو ئەگەری دەنگدانێکی دەرەکیی گونجاو نەبێت ئەوە خەڵکانی ئاوارەی کەلەکۆڕو کۆمەڵی خۆیان دابڕاون ناتوانن دەنگ بدەن.

دەکرێت کەمینە نەتەوەییەکان سەرپشك بن لەنێوان سیستمی فرەیی کۆ **plurality** و زۆرینەدا **majority** . لەسیستمی کۆکردنەوەدا هیچ هاندانێك نابێت بۆ گەڕان بەدوای پەیداکردنی دەنگدا لەناو جەماوەری دەنگدەراندا ئەگەر هاتو نوێنەرانی کەمینەی نەتەوەیی گەورەترین رێژەی سەدیی دەنگدەرانیان پێکهێنا، بەڵام زۆرینە نابێت. لەسیستمی زۆرینەدا پاڵنەری گەڕان بەدوای دەنگدا لەگۆڕێدایە لەدەرەوەی کەمینەی نەتەوەییو لەپێناوی بەدەستهێنانی زۆرینەی پێویستدا.

ئەگەر کەمینەیەکی نەتەوەیی لەهەندێ ناوچەدا کۆبووبنەوە بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو کەمینەیە پەرتوبلاو بوون بەسەرجەمیوڵاتدا ئەوە سیستمێکی تێکەڵ رەنگە زیاتر گونجاوبێت بۆ زەمانەتکردنی نوێنەرایەتییەکی رەوای کەمینەی نەتەوەیی لەدەستەی تەشریعیدا. سیستمێکی تێکەڵی ئاوها پێی دەوترێ سیستمی رێژەیی تێکەڵ کردنی ئەندامان، ئەمەش جیاوازە لەسیستمی تاك ئەندامو سیستمی نوێنەرایەتیی رێژەیی. ئەم سیستمە تێکەڵە لەئەڵمانیا، نیوزیلاند، پۆڵیڤیا، ئیتاڵیا، مەکسیك، ڤەنزوێلاو هەنگاریا بەکاردێتو هەوڵی یەکخستنی خاسیەتە ئیجابیەکانی هەردوو سیستمەکە دەدات.



رێژەیەکی نوێنەران[٢٧] لەناوچەکانی تاك ئەندام هەڵدەبژێررێنو بەهۆی نوێنەرایەتی رێژەییەوە هاوسەنگ دەکرێت. کورسییەکانی ئەم رێژەیە لەم سیستمەدا بەکاردێت بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەر خەوشو ناتەواوییەك لەهاوسەنگیدا کەلەئەنجامی کورسیەکانی ناوچەکەدا دێتە ئاراوە. سیستمی تاك ئەندام لەناوچەکاندا زەمانەتی نوێنەرایەتیی جوگرافی دەکات بۆ دەنگدەران.

سیستمێکی تێکەڵی تر هەیە پێی دەوترێ سیستمی تەریبو ئەمیش وەك سیستمی تێکەڵ کردنی رێژەیی سیستمی تاك ئەندام لەگەڵ سیستمی نوێنەرایەتیی رێژەیی یەکدەخات. بەڵام بەپێی ئەم سیستمە کورسییەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی یەکدەخات. هەروەك بەپێی ئەم سیستمە کورسیەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی بەکارنابرێن بۆ قەرەبووکردنەوەی هەر خەوشو ناتەواوییەك لەدابەشکردنی کورسییەکاندا، بەڵکو بەپێی ژمارەی دەنگدەران دابەش دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی حیزبی سیاسی. ئەم دەنگدانەش یان بەهۆی حیسابکردنی دەنگەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ ئەو حیزبە سیاسیانەی کاندیدی خۆیان لەهەڵبژاردنی ناوچە تاك ئەندامەکاندا دادەبەزێنن یان بەهۆی دەنگدەری دووەمەوە. نموونەی ئەوولاتانەی سیستمی تەریب بەکاردەهێنن ئەلبانیا، ئەرمینیا، کرواتیا، جۆرجیا، روسیاو لیتوانیایە.

**هەڵبژاردەی ٢ : سیستمەکانی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی کاتێ کەحیزبێکی سیاسی لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا بەشداری دەکاتو ئەمەش لەبەشداریکردنی کورسی تەشریعیدا ڕەنگدەداتەوەو لەوانەیە ئەمە یارمەتیی نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکان بدات.**

لیستی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی شێوازێکی زیاتر باڵادەستە لەنوێنەرایەتیی ڕێژەییداو باوترین سیستمی هەڵبژاردنە لەوڵاتانی ڕێکخراوی ئاسایشو هاوکاریی ئەوروپیدا OSCE. بەگوێرەی ئەم سیستمە هەر حیزبێك لیستی کاندیدەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردن دادەبەزێنێو بەم جۆرە دەنگ بۆ حیزبێك دەدرێ نەك بۆ کەسێکی پاڵێوراو. ئەم سیستمەش لەزۆروڵاتیوەك ئازەربایجان، بولگاریا، کرواتیا، ئیسپانیا، پرتوگالو ڕۆمانیا پەیڕەوی دەکرێت. ئەو سیستمە هەڵبژاردنەی زۆرتر ڕێژەییە زیاتر ریگە بەکەمینەکان دەدات، تەنانەت پەرتو بڵاوەکانیشیان بۆ ئەوەی نوێنەر بن لەدەستەیەکی هەڵبژێردراودا تەنانەت ئەگەر لەکەمترین ئاستیشدا بێت. سیستمی ڕێژەیی لەفنلاند ڕێگە بەکەمینەی سویدی دەدات، کەتەنها لەدوورگەکانی ئەلەند Aland زۆرینەن، بەلیستی تایبەتی خۆیەوە دابەزێت لەسێ بازنەی هەڵبژاردنی ترداو کورسییەکی تریشی دەبێت لەبازنەیەکی ئیزافیی



هەڵبژاردندا لەڕێگەی هاوپەیمانییەوە لەگەڵ حیزبەکانی تردا.

ئەم سیستمە ژمارەیەك سوودی ئاشکرای هەیە:

- ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕێژەیی بەباشی دابەش دەکات چونکە ژمارەی دەنگەکانی بەدەستهاتوو هاوڕێژەیە لەگەڵ ئەو کورسییانەی کەبەدەستهێنراون.
- تاڕادەیەك پارێزراوە لەئاست بچڕبچڕبوونی بازنەی هەڵبژاردنداو خراپی دابەشکردنیو هەروەها شێوازەکانی تری چاووڕاوو یاری کردن بەئەنجام لەڕێگەی یاریکردن بەچوارچێوەو سنووری هەڵبژاردنەوە.
- ئەم سیستمە تاڕادەیەك سادەو ساکارە بۆ هەردوولایەنی دەنگدەرانو بەرپرسانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
- سیستمەکانی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەزۆری پەسەندترە بەهۆی ئاستی بەرزی ڕێژەییان، لەبەرئەوەی بەزۆری مەیلی بەلای زەمانەتی نوێنەرایەتییە تەنانەت بۆ کەمینە بچووکەکانی.

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کەلیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لەوانەیە کاربکاتە سەر چەسپاندنی سیاسەتی ئەتنیکی زیاد لەکارکردن لەسەر هاندانی هاوپەیمانێتی ناوخۆیی لەنێوان ئەتنییەکاندا. پەیڕەویکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە لەبۆسنیا نموونەیەکی باشە لەسەر چۆنێتی ئەوەی کەوا ڕێژەیی بەتەنها هانی خۆگونجاندن نادات. لەبۆسنیا، ئەو گرووپانەی نوێنەرایەتی دەکەن

لەپەرلەمانداوەك ڕێژەیەك بۆ ژمارەیان لەكۆمەڵگەی پەیوەندیداردا بەگشتی. بەڵام لەبەرئەوەی حیزبەكان تەنها پشت بەدەنگی ئەندامانی كۆمەڵی خۆیان دەبەستن لەسەركەوتنیاندا لەهەڵبژاردن بۆیە پاڵنەرێكی كەمیان هەیە بۆ هاوتایی كردن لەنێوان مەسەلە ئەتنیكییەكاندا. لەڕاستیدا پاڵنەرەكە بەئاڕاستەیەكی تر كاردەكات. لەبەرئەوەی جووڵاندنی پشتگیری ئاسانە لەڕێگەی یاری كردن بە"كارتی ئەتنی" بۆیە حیزبە سەرەكیەكانی بۆسنیا هەموو هاندانێكیان لەلایە بۆ تەئكید كردن لەسەر كاروباری ئەتنی داواكاریی تایفەگەری. هەڵبژاردنی بۆسنیا لەساڵی ١٩٩٦ دا سەرژمێرییەكی ئەتنیكی كاریگەر بوو دەنگدەران لەنێو ریزە ئەتنییەكاندا دەنگیان دەداو هەریەك لەحیزبە نەتەوەییە سەرەكییەكان پشتگیریی لەكۆمەڵی ئەتنیكی خۆیەوە بەدەستهێنا. لەحاڵەتی بۆسنیادا، ئەم سیستمەی هەڵبژاردن خزمەتی چەسپاندنی بزووتنەوەی ئەتنی بەتەنها ناكات بەڵكو خزمەتی لایەنە توند ڕەوەكانی ناو كۆمەڵی ئەتنیش دەكات.

لەبارودۆخی دوای ململانێو ناكۆكیداو كاتێ دەنگدانی دەرەكی لەلایەن پەنابەرانەوە دێتەگۆڕێ ئەوە لەو حاڵەتەدا سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەشێوەیەكی گەورەتر خزمەتی بەرژەوەندیەكانیان دەكات. بەكارهێنانی لیستەكانی فرە ئەتنیك بەتۆبزی لەو حاڵەتەی كەوا حیزبەكان لەڕووی یاساییەوە ناچار دەبن نوێنەرانی



ئەتنیكی جۆراوجۆر بخەنە لیستەكانی حیزبەوە ئەوە میكانیزمێكی ئیزافی بەكاربهێنرێت باشترە لەدروستكردنی حیزبی ئەتنیكی خاوێن. لەبەرئەوەی ریزبەندی لەسیاسەتە "ڕێكەكانی" حیزبدا چونیەكە[٢٨] .

سیستمەكانی تاكی ڕێژەییو تەریب كەلەسەرەوە باسكراون بریتین لەشێوازەكانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی كەلەوانەیە بۆ بەهێزكردنو پشتیوانیی نوێنەرایەتی كەمینە بەكاربێنن. بەهەرحاڵ،وەك پێشتر تێبینی كراوە ڕێژەیی لەئەنجامدا زەمانەت ناكرێت ئەگەر سیستمی تەریب بەكاربێت، بەتایبەتی ئەگەر زۆرینەی كورسییەكان لەڕاستیدا لەناوچەكانی تاك ئەندام لەلیستەكانی حیزبی نیشتمانی زیاتر هەڵبژێردران. بۆ نموونە لەئەلبانیاو ئەرمینیاو ئازەربایجان زیاد لەسێ لەسەر چواری هەموو كورسییەكان لەناوچەكان هەڵبژێردرانوەك لەنەتەوەكان.

**سوودەكانی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ئەمانەن:**

- گۆڕینی ڕاستگۆیانەی دەنگەكان بۆ كورسی براوەو بەمە دەكرێ زیاتر خۆ بەدوور بگرین لەئەنجامی ناجێگیرو "ناڕەوا".
- ئاسانكاریی گەیشتنی حیزبی كەمینە بەنوێنەرایەتی.
- هاندانی حیزبەكان بۆ پەیڕەوكردنی لیستی پاڵێوراوی گشتگیرو جۆراوجۆر لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە.

- حەز كردن لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی كەمینەو گرووپەكان.
- زیاتر حەزكردن لەهەڵبژاردنی ژنان.
- كۆتو بەند خستنە سەر "فیودالی هەرێمەكان".
- هاوبەشیی هێزو دەسەڵات لەنێوان ئەو حیزبو گرووپانەدا كەبەئاشكرا بەرژەوەندییان هەیە.

**زیانەكانی ئەم سیستمەش ئەمانەن:**

- نەمانی بەرپرسیارێتیو نوێنەرایەتی لەنێوان سیاسییە هەڵبژێردراوەكانو دەنگدەراندا.
- توانای راستەقینەی هەڵبژاردنی سەركردە ئەتنیكیەكان تەنها لەلایەن ئەندامانی گرووپەكەیانەوە بریتییە لەپرۆسەیەكی دووبارەبوونەوەو چوونەوەیەك پتر لەڕوونكردنەوەو لێكدانەوەی جیاوازیو دابەشبوونی كۆمەڵایەتی لەدەستەی یاسادانانداا.
- چڕكردنەوەی دەسەڵات لەناوەندی حیزبی سیاسیدا لەسەر دەستی ئەو سەركردانەی كەڕەنگە بەرپرسی بن لەكۆكردنەوە لیستەكانی حیزب.
- گرفتی پێكهاتەی حكومەتو جێگیربوون لەحاڵەتی هاوپەیمانێتیی فرەلایەن.
- لەحاڵەتی كاندیدكردنی فرە ئەتنیی لەوانەی نموونەی (هێمای) نوێنەرانی كەمینەی نەتەوەیی بكەوێتە



(لیستەكانی ئەو حیزبەوە كەدەربڕینی درۆو چاوبەستیكەری هەبێت بۆ نوێنەرایەتی كردنو لەخۆگرتن.

**هەڵبژاردەی ٣ : هەندێ شێوازی تەفزیلی دەنگدان، چونكە هەڵبژاردنی كاندیدەكان رەنگە ئاسانكاریی نوێنەرایەتی كەمینە بكاتو هانی هاوكاریی ناوخۆی كۆمەڵ بدا.**

سیستمەكانی تەفزیلی دەنگدان یارمەتی دەنگدەران دەدات لەدیاریكردنی چۆنێتی دەنگدان بۆ كاندیدی پەسەندكراوی دۆڕاویانو پێویستە لەسەریان لەناو ئەوانەدا كەماون یەكێك هەڵبژێرن. ئەمەش دیاردەیەكی تایبەتە كەدەنگدانی پەسەندكراو جیادەكاتەوە لەهەڵبژاردەی سیستمەكانی تر. دوو شێوازی سەرەكیی دەنگدانی تەفزیلی یەكەم: سیستمی رێژەیی یان دەنگدانی تەحویلی تاكەكەس (STV) Single Transferable Voteو سیستمی زۆرینە یان دەنگدانی ئەڵتەرناتیڤ(Alternative Vote (AV .
بە پێی ئەم دوو سیستمە هەڵبژاردنی كاندیدی دەنگدەرانی ژمارە (١) ی پەسەند لەلایەك, ژمارە (٢)وەك هەڵبژاردەی دووەمو ژمارە(٣)وەك هەڵبژاردەی سێهەمو بەمجۆرە. لەبنەڕەتدا دەنگدەران بەكارمەندی هەڵبژاردن

دەڵێن: "ئەگەر هەڵبژاردەی یەکەمم سەرنەکەوت هەڵبژاردەی دووەمم دابنێ".

هەڵبژاردنی STV بەشێوەیەکی گشتی سوود لەو ناوچانەی هەڵبژاردنوەردەگرن کەئەندامیان کەمە. لەپاش حیساب کردنی تێکڕا ژمارەی دەنگە پەسەندەکانی یەکەمجار (بەشێك) لەو دەنگانە دروست دەبێت کەوا کاندیدێك بەدەستی دێنێ بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێ. هەر کاندیدێك ئەفزەلیەتی زیاد لەو بەشەی ببێت دەسبەجێ هەڵدەبژێرێت. ئەگەر هەر کەسێك ئەو بەشە دەنگەی نەهێنا ئەوە کاندیدی دوای ئەو دەهێنرێتە پێشەوەو دەنگە زیادەکانی کاندیدە هەڵبژێردراوەکان دابەش دەکرێتەوە بەسەر دەنگەکاندا تا هەموو کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن پڕ دەبێتەوە. ئەم سیستمەش بەچاکی پەیڕەوی دەکرێ لەئێرلەنداو ماڵتاو هەروەها لەهەڵبژاردنی باکووری ئێرلەنداو ئیستۆنیا بەکاردەهێنرێت.

STV بەسەرکەوتوویی بەکارهێنرا لەهەڵبژاردنی رێککەوتننامەی (هەینی باش) دا لەئێرلەندای باکوور لەساڵی ١٩٨٨داو پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە پاڵپشتی هەندێ گونجاندنی کردبێت لەپرۆسەی سیاسیدا. بەهۆی سەرپشك کردنی هەڵبژاردنەوە STV توانای دا بەدەنگدەران کەدەنگ بدەنە ئەو حیزبانەی (لەناو خۆیاندا رێککەوتوون)، هەروەها هانی هەندێك هەندێك حیزبی تایفەگەری داوە بۆ نەرمی نواندن لەهەڵوێستو سیاسەتیاندا بەهیوای



بەدەستهێنانی دەنگی پەسەندو بەرهەمی رێژەیی رەوای لێدەکەوێتەوە. بەئەندازەی گونجاندنی بەرژەوەندیی کەمینە راسپاردەی باشی بۆ دەکرێتوبە تایبەتی لەو کۆمەڵگایەنەدا کەبەقووڵی دابەش بوون.

لە لایەکی ترەوە حیزبە سیاسیەکان مەیلیان بەلای STV ەوە نیە لەبەرئەوەی بەدەر لەدەسەڵاتی ئەوان بڕیار لەکاندیدەکان دەدات. سەرەڕای ئەوەش‌و بەهۆی سروشتی هونەریی ئاڵۆزی پرۆسەی بەردەوامیی دەنگدانەوە، رەنگە هەست بەگزی‌و فڕوفێڵ بکرێت. هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێ کەوا ئەم سیستمە لەئیستۆنیا بەباشی کاری دەکرد لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا کاتێت کەوا حیزبی سیاسی لەئارادا نەبوو، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمتری بەدەستهێنا لەساڵی ١٩٩٥دا کاتێ حیزبی سیاسی هاتە ئاراوە.

سیستمە تەفزیلییە سەرەکییەکەی تر دەنگدانی ئەڵتەرناتیڤە AV، بەزۆری سیستمی زۆرینەیەو بەزۆریش لەناوچەکانی تاك ئەندام پەیڕەوی دەکرێت‌و کاندیدە براوەکان پێویستیان بەبەدەستهێنانی زۆرینەیەکی رەهای دەنگەکانە بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆو بەهۆی دابەشکردنی دەنگی ئەڵتەرناتیڤەوە. بۆ نموونە ئەگەر کاندیدێك زیاد لە٥٠٪ ی دەنگەکانی راستەوخۆ هێنا ئەوە براوە دەبێت‌وئەگەر براوەی سەرەکی دەرنەکەوت دەچێتە سەر دووەم. بەپێی هەندێك بارودۆخ ئەم دیاردەیە کاندیدەکان دەردەخات

لەگەڵ هاندانێکی بەهێزدا بۆ راکێشانی هەڵبژاردەی دووەم لەدەنگدەران و گرووپەکانی تر( بەگریمانەی ئەوەی کەهەڵبژاردەی یەکەمی دەنگدەران بەزۆری کاندیدی گرووپەکەیانە)، چونگە براوەکان پێویستیان بەوەیە زۆرینەی رەها بەدەست بێنن بەپێی ئەحکامی دەنگی ئەڵتەرناتیڤ AV. ئەو کاندیدانەش کەوا بەسەرکەوتوویی هەڵبژاردەی یەکەم و دووەمیان لەوانی تر(دەکێشنەوە) زیاتر سەرکەوتوون لەوانەی کەنوشوستی دەهێنن لەڕاکێشانی پشتیوانیی هەر تەرتیبێکی تر. ئەم سیستمەش لەئوستراليا و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێرلەندا بەکارهێنرا. ئەمە بەتایبەتی گونجاوە بۆ هەڵبژاردنی ئۆفیسی یەك کەسیوەك سەرۆکایەتیی کۆمار. هەروەها سیستمێکی پەیوەندیداریش هەیە پێی دەوترێ هەڵبژاردنی تەواوکەر، حالّی حازر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك شارەوانیی لەندەن بەکاردێت.

**سوودەکانی سیستمی هەڵبژاردنی تەفزیلی ئەمانەی خوارەوەیە:**

- دابینکردنی هەلومەرج بۆ هەموارکردن وگونجاندنی بەرژەوەندیەکانی کەمینە.
- دەنگدەران رادەیەکی گەورەی هەڵبژاردنیان دەدرێتێ لەنێوان کاندیدەکانداو بەیەك هەڵبژاردە دیاری ناکرێت.



- ئەو کاندیدانەی هەڵدەبژێرێن لەهەندێ جاردا پشت بەبەرزترین دەنگی گرووپەکانی تر دەبەستن زیاد لەگرووپەکەی خۆیان.
- کەڵکی بەکارهێنانی ناوچەکانی هەڵبژاردنی تاك ئەندام یان فرە ئەندام ئەوەیە کەدابەشبوونی جوگرافی زەمانەت دەکرێت.

**خەوشەکانی سیستمی هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤ یان تەفزیلی:**

- سیستمەکانی دەنگدانی تەفزیلی زۆر ئالۆزترە بۆ هەردوولایەنی دەنگدەران و دەزگاکانی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن لەوانی تر و بێگومان گرفتی زۆرتری دەبێت لەحالّەتی زۆریی نەخوێندەواریدا.
- لەحالّەتە باوەکانیوەك ئەڵتەرناتیڤدا رەنگە ئەنجامی نارێژەیی ببێت.
- سیستمی رێژەیی وەك STV دەکرێ کاندیدەکانی هەمان حیزب هان بدرێن بۆ پێشبڕکێ کردن لەسەر دەنگ.
- ئەم سیستمانە بەشێوەیەکی پراکتیك بەفراوانی بەکار نایەن وئەنجام دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی خاسیەتەکانیان گران دەکەوێتەوە.

**هەڵبژاردەی ٤ : لایەنی کەمی ژمارەی نوێنەرایەتیکردن لەدەستەی یاساداناندا رەنگە پشتیوانی**

**لەخۆگرتنی کەمینەی نەتەوەیی بکات بۆ حوکم.**

سنووری نوێنەرایەتی لەدەستە تەشریعییەکاندا بەواتای لانی کەمی پشتگیری حیزبێکە کەپێویستی بەدەستهێنانی نوێنەرایەتییە. ئەم ئاستی نوێنەرایەتیە کاردەکاتە سەر توانای حیزبەکانی بچووکترو بەتایبەتی حیزبەکانی کەمینە بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتی لەپەرلەماندا. ئاستی بەرز بەسەلبی کاردەکاتە سەر نوێنەرایەتیی کەمینە. وڵاتانی دیاریکراوی‌وەك ئەڵمانیاو رووسیای سنووری ٥٪ یان هەیە کەوا کەمترین ئاستە حیزبیەکان پێویستیانە بۆ دابینکردنی بۆئەوەی کورسیی لیستەکانی نوێنەرایەتیی رێژەیی پێبرێت. بەهەرحاڵ دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێ کەوا سەبارەت بەئەڵمانیا میکانیزمێکی یارمەتیدەر هەیە بۆ راهێنانی ئەحکامی سنووردانان هەیە کەوا ناسەپێ بەسەر کەمینە نەتەوایەتییەکاندا. لەلایەکی ترەوە لەڕووسیای ساڵی ١٩٩٥دا هیچ رێگایەکی ترنەبوو بۆ راهێنانی هەڵبژاردن کەوا ئەنجامی ژمارەیەکی گەوهەرییە لەدەنگدەرانی لیستی حیزبێکی بچووك کەوا کاریگەریی نیە.

سنووری یاسایی لەئاستەکانیدا جیاوازە ٦٧,. ٪ لەهۆڵنداو ٢٪ لەدانیمارك‌و تا ١٠٪ لەتورکیاو سیشێڵ. لەگەڵێك حاڵەتدا سنووری باڵا بەلای زیادیی ئاستی ناڕێژەیی دایدەشکێنێ لەبەرئەوەی زۆرێك لەدەنگەکان کاریگەرییان



نیە. روونتر بڵێین، بۆڵۆنیا لەساڵی ١٩٩٣، ٣٤٪ ی دەنگەکان هی ئەو حیزبانەیە کەوا سنووریان لە٥٪ زیاترە، هەرچەندە پێوەری سنوورداری بەسەر کەمینە نەتەوەییەکانی پۆڵۆنیادا نەدەسەپا. دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێ کەوا ئەگەر هاتو سنوورداریی زۆر نزم بوو ئەوە رەنگە دابەشبوونی حیزبە سیاسیەکان‌و چەسپاویی حیزبەکانی کەمینەی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر یارمەتیی دارایی دابینکراو بێت.

سنوورداریی بەرز رەنگە لەخزمەتی جیاوازیدا بێت دژ بەحیزبە بچووکەکان بەتایبەتیش لەهەندێ حاڵەتدا. سنووردارییەکی بەرز رەنگە ئەوە بسەپێنێ بەسەر حیزبە بژووکەکاندا بۆئەوەی پێکەوە کۆببنەوە بەتایبەتی ئەگەر بوارێك هەبێت لەیاسای هەڵبژاردندا بۆ حیزبە سیاسیەکان کەوا کارتل یان بەرەیەك پێکبهێنن بۆ خەبات لەپێناوی هەڵبژاردندا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەحیزبەکان خۆیان بەقەوارەی جیاواز دەمێننەوەو بەشێوەیەکی جیاواز لەسەر کاغەزی هەڵبژاردن خۆی ناونووس دەکات، بەڵام دەنگەکانی‌وەك یەکەیەك حیساب دەکرێت‌و بەم جۆرەش هەل‌و دەرفەتیان زیاد دەکات لەدروستکردنی سنوورداریدا. ئەم فێڵەش دیاردەی ژمارەیەك سیستمی هەڵبژاردنە بۆ نوێنەرایەتیی رێژەیی لەکیشوەری ئەوروپاو ئەمریکای لاتین‌و ئیسرائیل.

## ج- میكانیزمی تر

بێجگە لەمیكانیزمو سیستمەكانی سەرەوە باسكران رێگای تر هەن دەكرێت بەكاربهێنرێن بۆ یارمەتیدانو ئاسانكاریی نوێنەرایەتیی كەمینە،وا لەخوارەوە دوو لەم رێگایانە باس دەكەین:

### كورسیی تەرخانكراو

- كورسیی تەرخانكراو ئەو كورسیە تایبەتیانەن كەبۆ كەمینە نەتەوەییەكان تەرخان دەكرێت كەنوێنەرانی ئەم كورسییانە لەلایەن ئەندامانی كەمینەو گرووپی دیاریكراوەوە هەڵدەبژێرێن. نموونەی كورسیی تەرخانكراوی نوێنەرایەتی دەكرێ لەكرواتیا، سلۆڤینیا، ئەنجومەنی باڵای رووسیای فیدراڵ ببینن، هەروەها بەشداریی شێوە رەسمیی گەلی سامیی sami لەفنلاند. شێوەی تایبەتی نوێنەرایەتیی دیاریكراوی كەمینەی نەتەوەیی پێویستی بەوردەكارییە لەپرۆسەو نوێنەرایەتیو پێكهاتەو جێبەجێ كردنو بەردەوامیی پێدان. لەرووسیای فیدراڵدا دەنگدەرانی كەمینەی نەتەوەییوایان پێباشترە كە(دژ بەهەمووان) دەنگ بدەنو كورسییە تەرخانكراوەكان بەو كاندیدانە پڕنەكەنەوە كەهەست ناكەن نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەكانیان دەكەن.
- پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت كەوا باشترە جیاوازیی ئەتنی بەهێز نەكرێت لەرێگەی كورسییە



تەرخانكراوەكانەوە چونكە هەر ئەمە خۆی رەنگە ببێتە هۆی نەمانی بڕواو ناكۆكی. سەرەڕای ئەوەش لەهەندێ حاڵەتدا رەنگە دەنگدەران بەرەو رووی مەترسیی ببنەوە كاتێ لەبەیانێكی جیاوازی هەڵبژاردندا خۆیان دەناسێنن. بەرهەڵستیی سەرەتایی بۆ بەكارهێنانی كورسیی تەرخانكراو ئەوەیە كەئەم كورسییانە رەنگە بەردەوامیی بدەن بەپێناسەو دابەشبوونی كاندیدەكان لەسەر بنەمای ئەتنیو رەنگیشە جیاوازیكردنی لێبكەوێتەوە.

- لە زۆربەی حاڵەتەكاندا، كورسیی تایبەت یان تەرخانكراووەك میكانیزمێكی كورتخایەن بەكاردەهێنرێت لەبارودۆخی گواستنەوەداو بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ مەترسیو خەمی كەمینە لێقەوماوەكاندا. بەهەرحاڵ، تاقیكردنەوەوایدەردەخات كەئەم میكانیزمانە هەروا بەفیڕۆ ناچن بەڵكو دەكرێ پشوو درێژ بیت لەگەڵیاندا تاوەكو دەبنە بەشێك لەنەریتی هەڵبژاردن لەوڵاتدا.
- چاوو راوی میللیی تر كەوا روونو ئاشكرا پێناسەی ئەتنی دەسەلێنێوەك بەشێك لەپرۆسەی هەڵبژاردنو لەوانەش بەكارهێنانی لیستی هەموار كراوی كاندیدەكانی تێكەڵەی ئەتنی،وەك حاڵەتی لوبنان، هەروەها بەكارهێنانی كورسیی (چاكترین دۆڕاو) بۆ كەمینە ئەتنییەكانی نوێنەرایەتییان هەبێت،وەك حاڵەتی مۆریشیۆس.

**نوێنەرایەتیکردن لەسەرەوە**

- میکانیزمی نوێنەرایەتیی سەرەوە بۆ گرووپی کەمینە دەکرێ بەکاربهێنرێ. ئەم حاڵەتەش لەبەریتانیا هەیە، کەسکۆتلاندوویڵز نوێنەری پەرلەمانیی کەمینەیان هەیە لەئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیدا کەزیاترن لەوەی کەبەشێوەیەکی ڕەوا بچنە ئەو ئەنجومەنەوە، ئەگەر تەنها قەبارەی دانیشتوان ڕەچاو بکرێت.

**٨- ڕاسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن ـ بڕگە ١٠**

" سنووری جوگرافیایی ناوچەکانی هەڵبژاردن دەبێت ئاسانکاریی بۆ نوێنەرایەتیی ڕەوای کەمینە نەتەوەییەکان بکات".

## أ ـ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆك

لە هەر سیستمێکی هەڵبژاردندا، بنەمای دامودەزگاکانی هەڵبژاردنو جەماوەری دەنگدەران بڕیار لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی دەدەن کەلەلایەن کەمینەیەکی نەتەوەییەوە بەدەستدەهێنرێ. ئەم دەزگاو دەستانەش بۆیە درووستدەکرێن کەزەمانەتی نوێنەرایەتی یان زەمانەتی سنووردارییی یان تەنانەت نوێنەرایەتی نەکردن دەکات. دوو بوار هەن تایبەتن بەسنووری ناوچەکانی هەڵبژاردن کەوا ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت بەسەر ڕەوایی نوێنەرایەتی کردنی کەمینەکانەوە، ئەمانەش :

- قەبارەو گرنگیی ناوچەکە.



- سنووری هەرێمەکە.

## ١- قەبارەو گرنگی ناوچەکە:

بڕیاری یەکلاکەرەوەی سیستمی هەڵبژاردن لەسەر ئەوەی دەنگەکان بکرێنە کورسیی براوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی قەبارە یان گرنگیی ناوچەکەیە، بەواتا ژمارەی ئەو ئەندامانەی کەپێویستە لەهەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن هەڵبژێردرێن. بەپێی سیستمی تاك ئەندامیوەك هەڵبژاردن بەپۆست، ئەڵتەرناتیف یان سیستمی دوو دەور قەبارەی ناوچە بەیەك حیساب دەکرێتو دەنگدەران تاکە نوێنەر هەڵدەبژێرن. بەپێی سیستمی فرە ئەندام ئەوە ژمارەی ئەندامانی دەستنیشانکراو لەهەر ناوچەیەك، تاڕادەیەکی باش، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کەئەنجامی هەڵبژاردنی ڕێژەیی چی دەبێت. بەم شێوەیە " ئەو سیستمانەی گەورەترین پلەی ڕێژەیی بەدەستدێنێو ناوچەی زۆر گەورە بەکاردێنێ، چونکە ناوچەی لەم جۆرە توانای زەمانەتی نوێنەرایەتییان هەیە لەدەستەی تەشریعدا، تەنانەت حیزبە زۆر بچووکەکانیش. بۆ نموونە ناوچەیەك تەنها سێ ئەندامی هەبێت بۆ هەڵبژاردن ئەوەوا دەگەیەنێ کەحیزبێك دەبێت لانیکەم ٢٥٪ + ١ ی دەنگەکان بەدەستبێنێ بۆ ئەوەی کورسییەك بەدەستبێنێ. حیزبێکی تریش تەنها ١٠٪ ی دەنگدەرانی لەپشت بێت کورسی بەرناکەوێتو ڕەنگە دەنگە

پاڵپشتەکانی حیزب لێرەدا بزرببن. لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە کەناوچەکان بەشێوەیەکی گەورەتر گەشەیان دەکرد لەبواری ژمارەی کورسییەکانو بەزۆریش وەك ئەنجامێك بۆ قەبارەی جوگرافی.

بەمجۆرە پەیوەندی نیوان ئەندامێکی هەڵبژێردراوو بازنەکەی هەڵبژاردنی بەشێوەیەکی لاوازتر گەشە دەکات. ئەمەش ئەنجامی ترسناکی هەیە لەکۆمەڵدا کەهۆکاری ناوچەیی رۆڵێکی بەهێز دەبینێ لەسیاسەتدا، یان کەدەنگدەران بەتەمای ئەندامەکەیانن بۆ بەردەوامی پێدانی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ هەڵبژێردراوەکەیانداو کارکردن "وەك نوێنەریان" لەدەستەی تەشریعیدا.

هەمیشە پلەیەك لەجیاوازیی هەیە لەنێوان قەبارە جۆراوجۆرەکانی سنووری ناوچەکاندا. زۆرێکیش لەیاساکانی هەڵبژاردن ئاستی قوبووڵ کردنی جیاوازی بەمەرج دەزانێ وەك ٥٪ لەکرواتیاو ١٠٪ لەبەریتانیا. بەهەرحاڵ، هەندێك وڵات بواری زیاتری جۆراوجۆریی دەداتو بەو پێیەش گرانیی لەگەڕانەوە بۆ پلەی بەجێ و پەسەند بێ رەچاوکردنی باروزرووفی دیاریکراوی هەروڵاتێك. هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوەش بدرێ کەوا ئاستی جیاوازییەکە هەرچییەك بێت ئەوە دەبێت زیان بەکەمینە نەتەوەییەکان نەگەیەنێ سەبارەت بەنوێنەرایەتی کردنیان.

ئەو بازنانەی هەڵبژاردن بەکورسیی زۆرەوەو تەنانەت بەپێی سیستمی زۆرینە کار ئاسانی بۆ کەسانی کەمینە



دەکات بۆ ئەوە خۆ هەڵبژێرن لەبازنەکانی هەڵبژاردندا چونکە زۆرینە نین. ئەگەر تاقە جێگەیەکیش هەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەوە دەنگدەرانی زۆرینە بەلای هەڵبژاردنی کاندیدێکدا دایدەشکێنن لەزۆرینە بێت، چونکە لەسیستمی هەڵبژاردنی فرە ئەندامدا دەنگدەران رەنگە بۆ لیستی ئەو کاندیدانە دەنگ بدەن کەهەردوو لایەنی زۆرینەو کەمینە لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە لەیۆناندا لیستی حیزبەکان کاندیدی موسڵمانیان تێدایەو لانی کەم بەشێوەیەکی ئاسایی دوانیان هەڵبژێردران. لەپۆڵۆنیاو سویسرا، حیزبەکان بەولایەدا دەیشکیننەوە کەهاوسەنگیی لیستەکانیان بکەن بۆ زەمانەت کردنی ئەوەی کەوا کەمینەکان بەتەواوەتی نوێنەرایەتییان کردووە.

### ٢- سنووری ناوچەکان:

ئەو شێوازەی کەسنووری هەڵبژاردنی پێ دیاری دەکرێت کاریگەریی دەبێت لەسەر سروشتی نوێنەرایەتی کردن لەناوچەیەکی دیاریکراودا. لەکاتێکدا کەبنەما گشتییەکانی سنوور دیاریکردن لەگەڵ کەمترینیاندا مامەڵە دەکاتو مەسەلەکەش گرنگە بۆ داڕێژەرانی بڕیارو سیاسەت بڕیاری یەکەم دیاری بکەنوبیانەوێت سنووری هەڵبژاردن دیاری بکەن بەشێوەیەك کەوا ئاسانکاریی نوێنەرایەتی کردنێکی گەورەتری کەمینەکان بەهێز بکات. سنووری ناوچەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی باو بەستراوە بەسیستمی کۆ یان

زۆرینەوە. هەردوو سیستمەکەش قورسایی خۆیان دەخەنە سەر ناوچەکانی تاك ئەندام. پێویستیشە سنووری ئەم ناوچانە بەشێوەیەکی دەوریی نەخشە بکێشرێن‌وەك رەنگدانەوەیەکی دانیشتوان. تەشریعی هەڵبژاردن کەپێکهاتەی رەسمیی‌و بنەمای سنووری ناوچەکان دیاری دەکات پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- کێ ئەو دەستە دیاری دەکات؟
- کێ نەخشەو سنووری ناوچەکە دەکێشێ؟
- کێ بەرپرسی کۆتایی دانانی دوا پلانە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە.
- ئایا ئەو کەسانەی ناوچەکانیان نەخشە کێشاوەتەوە خەڵکی سەربەخۆی دەستەی تەشریعین‌و لەڕووی ساسییەوە بێلایەنن؟
- ئایا دەستەی تەشریعی هیچ رۆڵێکی رەسمی هەیە لەپرۆسەی دابەشکردنەوەی ناوچەکەدا؟
- ئایا هەندێك میکانیزم هەن بۆ زانیاریی گشتی پێویست بۆ پرۆسەی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکان؟
- ئایا پێوەری دابەشکردنەوەی ناوچەکان دەکرێ بەکاربهێنرێن بۆ نەخشەدانەران بۆئەوەی پەیڕەوی بکەن.
- چۆن ناوچەکان سەرلەنوێ نەخشە دوکێشرێنەوەو ئەو پرۆسەیە چەندی ماوە دەوێت؟
- سەرچاوەی دارایی دەستەکە لەکوێوەیە؟



بنەمای سەرەکی سنووردانان بۆ ناوچەکانی هەڵبژاردن کارکردنی رەوایەو نابێ کاریگەریی هەبێت لەسەر پێشێلکردن یان زیان گەیاندن بەنوێنەرایەتی هەر حیزب یان گرووپێکی کەمینە. لەهەندێ حاڵەتدا، ناوچەکانی هەڵبژاردن بەپێی مەبەستێك دیاری دەکرێت‌ووا نەخشە دەکێشرێت کەوا گرووپی کەمینە نوێنەریان هەبێت. ئەمەش پشت بەدانیشتوانی کەمینە دەبەستێ ئایا لەناوچەیەکی دیاریکراودا کۆبوونەتەوە یان بەسەر بەشێکی گەورەی‌وڵاتدا دابەش بوون.

لەوڵاتە گەشە کردووەکان مەیلێك هەیە کەدەستەو دامودەزگای هەڵبژاردن سەربەخۆبێت‌و پەیوەندیی نەبێت بەحکومەتەوەو شەرعی بێت لەپێکهاتەدا. بەڵام گەلێك لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژاوا ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی فەرمانگەیەکی حکومەت،وەك حاڵەتی تەفویزی هەڵبژاردن. بێگومان شەرعییەت‌و راستیی ئەو دەستە یان دەزگایە بەشێوەیەکی یەجێ‌وپەسەند بەهێز دەبێت بەوەی لەدەرەوەی حکومەت دابنرێ لەگەڵ سەرچاوەی جۆراوجۆری یارمەتیی داراییداو بەمجۆرە زەمانەتی شەرعیەت‌و سەربەخۆیی دەکرێ. بێجگە لەمەش بڕیارەکانی دەزگای تەئشیر دەبێت پابەندبێت بۆ پێداچوونەوەی دادگاوەك بڕیارەکانی جێبەجێکردن. لەوڵاتانی دیاریکراودا ئەم بڕیارە بۆ یاسادانەر بەجێدەهێڵرێت. بەهەرحاڵ بەجێهێشتنی ئەم بەشە

ناسکەی بڕیارەکە بۆ ئەوەیە بەتەواوی بکەوێتە دەست یاسادانەر بۆئەوەی بەتەواوی‌و بەوردی ڕەچاو بکرێت.

ئاوارە یان پەنابەر پێویستیان بەوەیە بایەخی زۆریان پێبدرێت لەبواری هەڵبژاردنی بازنەی هەڵبژاردنیان یان هەلومەرجی دەنگدانی دەرەکی پەیوەندیدار بەوانەوە. دەکرێ ئەم مەسەلەیە جێبەجێبکرێت لەسەر گرووپە کۆچەرەکان بۆ زەمانەت کردنی نوێنەرایەتیان. عورف‌و یاسای خەڵکی بەدو لەئوردن نموونەیەکی باشی ئەم بوارەیە. بەهەمان دەستوور ڕەخساندنی ناوچەیەك بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرێك بۆ کۆمەڵگەی قەرەج لەناوچەی ژمارە ٨٥، لەشوتۆ ئۆریزام Shuto Orizam لەکۆماری ماسیدۆنیای یۆگۆسلاڤیای جاران، کەگەورەترین کۆمەڵگەی دانیشتوانی قەرەجە لەئەوروپا، نموونەیەکی باشە.

باشترین پیادەکردن بۆ سنووری ناوچەکان ئەمانەن:

- **نوێنەرایەتی:** سنووری هەڵبژاردنی ناوچەکە پێویستە بەشێوەیەك نەخشە بکێشرێت کەجەماوەری دەنگدەران دەرفەتی هەڵبژاردنی ئەو کاندیدەیان هەبێت کەوا بەڕاستی هەست دەکەن نوێنەرایەتییان دەکەن. بەزۆریش ئەمەوادەگەیەنێت کەوا سنووری ناوچەکە دەبێت گەنجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵی دانیشتوانی پەیوەندیداردا بەپێی توانا. دابەشبوونی ئیداری، ناوچەی ئەتنی یان کولتوری یان سروشتی بگرێتە خۆو بەسنووری سروشتی (وەك دوورگە). ئەگەر ناوچەکان لەگۆمەڵگەی پەیوەندیدار پێکنەهاتن ئەوە



ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ کاندیدێکی تاك نوێنەرایەتیی تەواوی بازنەی هەڵبژاردنەکە بکات.

- **یەکسانی لەهێزی دەنگدانـدا:** سنووری هەڵبژاردنی ناوچەکە دەبێت‌وا نەخشە بکێشرێت بەشێوەیەك کەوا ناوچەکان تا ڕادەیەك یەکسان بن بەقەبارەی دانیشتوان. ئەم ناوچانەش ڕێگە بەدەنگدەران دەدات کەوا دەنگی هاوسەنگ‌و یەکسانیان هەبێت لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا.
- **جیگۆڕکێ (تەبادولی):** دیاریکردنی سنووری ناوچەکانی هەڵبژاردن دەبێت بەڕوونی لەتەشریعدا ڕەنگ بداتەوە بەجۆرێك کەوا ئەو بنەمایانەی پرۆسەکە ڕێکدەخەن هەر خۆیان بن، بەچاوپۆشی لەوەی کێ سنووری ناوچەکە دەکێشێت. ئەگەر پرۆسەی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە ناحیزبی بوو، ئەوە دەبێت تەواوی حیزبە سیاسیەکان خۆ دوور بگرن لەوەی کاربکەنە سەر ئەنجام. ئەگەر کاروباری سیاسی بواری دا ڕۆڵێك لەپرۆسەکەدا بکەن. بەم پێیە دەبێت بەڕوونی لەبنەما و یاساکان بگەن‌و لەبەردەستی حیزبە سیاسیەکاندا بێت کەپەیوەندیدارو بەشدارن لەپرۆسەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەکە بەسەر بەش‌و هەرێمەکاندا.

## ٩ـــ دابینکردنی بەڕێوەبەرێتییەکی ڕەوای هەڵبژاردن (بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن)

ئەو ڕێبەرو هەڵبژاردانەی لەسەرەوە بەدووورودرێژی باسکران بەزەروورەت ئەو میکانیزمو یاساو ڕێسا تەشریعییەن کەمامەڵە لەگەڵ نوێنەرایەتی کردنی کەمینە دەکەنو هەروەها بۆ بەربەستکردنی جیاوازی لەدژی کەمینەکان. کاریگەریی ڕاستەقینەی ئەم بارە پشت بەدوو هۆکاری یەکلاکەرەوە دەبەستێ. یەکەم، پابەندیی بەهێزی هەموو حیزبە سیاسییە کاراو سەرەکییەکان بۆ زەمانەت کردنی ئەوەی کەئەم بارو میکانیزمانە بەتەواوەتی چەسپاوە لەگەڵ بایەخدانێکی تایبەت بەمیکانیزمی چاودێری. ئەم میکانیزمی چاودێرییە لیژنە هاوبەشەکان یان ئەو کۆمیسیۆنانە لەخۆ دەگرێت کەوا ملکەچیی دابین دەکات لەلایەن ئەو حیزبانەوە کەکۆدی هەڵبژاردنیان هەیە بۆ بەڕێوەبردن یان پێشکەشکردنی تر بهێنرێتە ئاراوە بۆ ئەوەی جیاوازی دژی کەمینە نەتەوەییەکان نەکرێتو زەمانەتی ئەوەش بکرێت کەپرۆسەی هەڵبژاردن جێی خۆی گرتووە لەکەشوهەوایەکی ئازادو ڕەوادا.

لەم ڕووەوە پێویستە بایەخ بدرێتە میکانیزمێکی حوکمی دادوەرانەی گونجاو (دادگای هەڵبژاردن) کەوا دانراوە بەرپرس بێت لەملکەچیو سزادان لەحاڵەتی پێشێلکردندا.

## میکانیزمی حوکمی قەزایی

مەسەلەی ململانێ / لایەنداری کەلەمیانەی پرۆسەی هەڵبژاردندا دەردەکەوێ لەو مەسەلانەن کەوا مشتومڕی



زۆر هەڵدەگرنو لەحاڵەتی دیاریکراودا ناکۆکیو شەڕو ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە[٢٩]. ئەم ناکۆکیو لەگەڵ یەکدا ڕۆیشتنە کەوابەستەی هەڵسوکەوتو سروشتی ئیدارین کەوا لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنو کاریگەریی یەکسانیو عەدالەتی ئەو پرۆسەیەدا یەکدەگرێتەوە. ژمارەیەك میکانیزمی جۆراوجۆر هەن بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ململانێو ناکۆکی هەڵبژاردندا کەوا سەلماندوویانە کاریگەرن، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەو کاری بەخەرجی دارایی گەورە بەکارهێنراون لەگەڵ سەرەنجامی کارەساتباری پرۆسەی هەڵبژاردنو لەنموونەی تایبەتدا بۆ پرۆسەی دیموکراتی. کاری سەرەتا شێوازی کارتێکردنو کارایی لەچارەسەری ململانێی هەڵبژاردندا. لەبواری تاوتوێی مەسەلەی چارەسەری ململانێی هەڵبژاردندا ئەم بوارانەی خوارەوە دەبێت جەختی لەسەر بکرێت:

- بایەخی بینای تەشریعی گشتگیر بۆ چارەسەری ململانێی هەڵبژاردن.
- ڕێچکە گرتنو بەکارهێنانی سیستمە سەربەخۆکان یان یاساکانی پەیوەندیدا بەچارەسەری ململانێکانی هەڵبژاردن.
- جێبەجێ کردنی نموونەو سیستمەکانی کاریگەری عەدالەتی هەڵبژاردنو بۆ چارەسەری ناکۆکیو ململانێکان.
- پێویستی بەپتەویو یەکگرتن، ڕاستگۆییو جێگری لەبەڕێوەبردنی عەدالەتی هەڵبژاردن.

- پێویست بوون بەچارەسەری بنیاتنەرانەو کاریگەرو لەکاتی خۆیدا بۆ ناکۆکیو ململانێ.
- پێویست بوون بەچاککردنی راهێنان لەبوارەکانی یاساییو تەوافوقیو بەڕێوەبردنی عەدالەتی هەڵبژاردن.
- پێویست بوون بەهەڵبژاردنی کەسانی پرۆفێشناڵو ئەستۆ پاك بۆ بەڕێوەبردنو جێبەجێ کردنی سیستمی عەدالەتی هەڵبژاردن.

توخمی دووەم گرنگیی بوونی دەزگای گونجاوو سەربەخۆو بێلایەن بۆ دابین کردنی جێبەجێکردنی گونجاو کەزەمانەتی تەواوی ئەوە بکات بابەتەکانی کەمینەو باس‌وخواسەکانی نابێتە بابەتی (کاغەز). لەم رووەوە دەزگای جێبەجێکردنی سەرەکی پەیوەندیدار بەیاساکانی هەڵبژاردن، سیستمو بەڕێوەبردن بڕێوەبەرێتی هەڵبژاردن یان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن دەبێت لەوڵاتێکی تایبەتدا. لەپێناوی بینای بڕواو هاندانی بەشداربوونی کەمینە لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەوە دەبێت کەسانی کەمینەکان بچنە چوارچێوەی کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردنەوە.

## أ ـ بوارەکانی دەزگای هەڵبژاردن

لە بواری ئەوەی کارو دیاردەی دەزگای هەڵبژاردن رەژاو کراوە دەبێت ئەوە دیاری بکرێت کەوا ئەو دەزگایە دەبێت رۆڵی خۆی ببینێت. لەسادەترین شێوەیدا دوو هەڵبژاردەی پێچەوانە بەیەکتر هەیە : کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەناو



حکومەتدا دەبێت یان لەدەرەوەی. بەهەرحاڵ، ناکۆکییەك هەیە لەسەر ئەم دوو هەڵبژاردەیە کەپشت بەجیاوازیی ئەو هۆکارو باروزرووفە دەبەستێ کەلێیان ئاڵاوە. لەخوارەوە گفتوگۆ لەسەر چوار لەم هۆکارانە دەکەین :

**١- مامەڵەکردنی حکومەت:**

نموونەی یەکەم ئەوەیە دەزگای هەڵبژاردن کەوا دەکەوێتە ناو چوارچێوەی‌وەزارەتێکی حکومییەوەو بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنو رێکخستنی هەڵبژاردنی لەسەرەو سەرچاوەکانی ئەووەزارەتەو خزمەتی مەدەنی بەکاردێنێ بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکە. ئەم سیستمە بەچاکی کاردەکات لەو حاڵەتانەدا کەخزمەتی مەدەنی لەڕووی سیاسیەوە بەپرۆفێشناڵو بێلایەن دادەنێ.

**٢- مامەڵەکرنی سەرپەرشتی یان دادوەری:**

ناکۆکیی ئەوەی لەسەرەوە باس کرا ئەوەیە کەوەزارەتێکی حوکوومی بەڕێوەبردنو راییکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لەئەستۆ گرتووە، بەڵام کۆمیسیۆنێکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ سەرپەرشتی دەکات کەبریتییە لەدادوەری هەڵبژاردە. ئەرکی کۆمیسیۆنەکە سەرپەرشتیو چاودێری کردنی رایی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنە لەلایەن‌وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە. ئەم مەسەلەیە لەئەورووپای

رۆژهەڵاتوناوەڕاست پەیڕەوی دەكرێوەك ئەلبانیا، كۆماری چیك، هەنگاریا، رۆمانیاو سلۆڤاكیا

**٣- مامەڵەكردنی سەربەخۆ:**

ئەم نموونەی سێیەمە بریتییە لەكۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی سەربەخۆو دانراوە بەرپرس بێت لەپەرلەمان یان لیژنەی پەرلەمانی. چونكە كۆمیسیۆنی پەرلەمانی سەربەخۆ پێویستی بەپلەیەكی بنەڕەتیی سەربەخۆیی داراییو ئیدارییە لەحكومەتی جێبەجێكەرەوە. پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریكردنی كۆمیسارەكانی هەڵبژاردن پێویستە پاكو شەفاف بێت. بەشێوەیەكی ئایدیاڵ هەڵبژاردن دەبێت پشت بەڕەزامەندیو قوبووڵی حیزبە سیاسیەكان ببەستێو بۆ ئەوەی تاكەكەس بێت لەگەڵ ئەزموونی تەواوداو ئەوانەش بگرێتەوە كەناوبانگی سەربەخۆییو كامڵیان هەیە. مەسەلەكەش بەكارهێنانی كەسانی دەركەوتوو لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ناسراوو هەروەها كەسانی بەناوبانگی كۆمەڵی مەدەنیش دەگرێتەوە. ئەمەش رۆڵی خۆی بینیوە لەووڵاتانەی ناكۆكیو ناتەواویو كەمو بڕوایی نێوان حیزبەكانی تێدا بووە.

**٤- مامەڵەكردنی حیزبی سیاسی:**

هەڵبژاردنێكی ئیزافی هەیە لەهەلومەرجی بەراوردا، چونكە هەموو حیزبە سیاسییە تۆماركراوەكان كاندیدی خۆیان نادەنێن بۆ كۆمیسیۆنی نیشتمانی هەڵبژاردن.



ئەمەش ئەوە دابین دەكات حیزبێك پراكتیزەی هەندێ شێوەی چاودێری دەكات كەپەیوەندیدارن بەپرۆسەی كۆمیسیۆنەوە. گرفتی ئەمەش ئەوەیە كەوا لەقۆناخی گواستنەوەدا بەزۆری ژمارەی حیزبەكان زۆرنو كۆمیسیۆنێكی ناكارایان لێدەكەوێتەوە.

دووەمیش ئەوەیە كەوا رەنگە كۆمیسیۆن لەكەسانێك پێكبێت تاقیكردنەوەو لێهاتوویی پێویستیان نەبێت بۆ زەمانەتكردنی بەشدارییەكی كاریگەرانە لەلیژنە یان كۆمیسیۆنەكەدا.

لە ئەوروپای رۆژهەڵاتو ناوەڕاستداو بەتایبەتی لەووڵاتە دیموكراتانەی تازە دروست بوون، هەڵبژاردن یان لەڕێگەی لیژنە سەربەخۆكان (٧١٪) یان لەڕێگەی حكومەتو لەژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتدا (٢٩٪) بەڕێوەدەبرێت كەوا بەعادەت نوێنەرانی حیزبی سیاسی تێدایە. بەهەرحاڵ، دەبێت سەرنجی ئەوەش بدرێ كەوا لەكاتێكدا پرۆڤیشنی تەشریعی سەربەخۆییو بێلایەنی لەلیژنەكانی هەڵبژاردندا لەئارادا بێت، ئەوە بەزۆری لەپراكتیكدا بەدیهێنانی گرانتر دەكەوێتەوە. بابەتگەلیوەك مەسەلەی دامەزراندنو كێ كاروباری دارایی لیژنەكانی هەڵبژاردن رایی دەكات، بابەتێكن رەنگە لەسەربەخۆییو كاریگەریو بێلایەنی لەدەستەی هەڵبژاردندا كەم بكاتەوە.

## ب ـ پێكهاتەی لیژنە یان دەستەی هەڵبژاردن

پێویسته لەهەلومەرجی پێکهاتەی لیژنە یان دەستەی هەڵبژاردن نوێنەرایەتییەکی گونجاوی کەمینەی نەتەوەیی هەبێت. ئەمەش دەسەپێ بەسەر هەموو ئەو بوارانەی لەسەرەوە بەوردی باسکران، هەرچەندە ئەوە رەنگە جێبەجێ کردنی ئاسان نەبێت ئەگەر دەستەو دەزگای هەڵبژاردن بەوەزارەتێکی حکومیی بسپێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەر پێویست بێت دەستەی هەڵبژاردن لەچوارچێوەیوەزارەتێکی حوکوومیدا بێت ئەوە دەبێت نوێنەرایەتیو شەفافیەتی تەواو هەبێت بۆ زەمانەتکردنی ئەوەی کەوا کەمینە نەتەوەییەکان بەتەنها نین بۆ روڵ بینین لەدەرکردنی بڕیاردا، بەڵکو هەموو بڕیارو ئەنجامەکان گشتی هاوبەشن.

ئەم بەشداری کردنەی کەمینەکان گونجاوە بۆ پێکهێنانی لیژنەی دەسەڵات پێدراو لەسەر ئاستێکی بەرزو دەبێت دووبارەببێتەوە بۆ دابینکردنی نوێنەرایەتیو بەشداریی کەمینە لەسەر هەموو ئاستێکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، لەسەر ئاستیوڵاتو ناوچەکان.

لەو کۆمەڵگایانەدا کەوا دەنگدەرانو تاکەکەسەکانو نوێنەرانی ئیدارەی هەڵبژاردن ئاوێتەی یەکتر دەبن بەتایبەتی گرنگە بۆ گرووپی کەمینە بۆئەوەی ببنە نوێنەرو بچنە ئیدارەوە. بێجگە لەوەش، بنەمای شەفافیەتو پاکی ئەرکی مەترسیو خەمی کەمینەکانە.

**١- شەفافیەت :**



سەرجەمی راستگۆیی پرۆسەی هەڵبژاردن لەبنەڕەتدا پشت بەهەموو گرووپەکانی پەیوەندیدار دەبەستێ، لەحکومەتو کۆمەڵگای مەدەنی، بەبەشداربوون لەپێکهاتەو ئەرکی پرۆسەو تەشکیلاتی هەڵبژاردنە. بەم پێیە گرنگی راوێژی چەسپاو، بەردەوامیو هاوکاری لەنێوان ئیدارەی هەڵبژاردن، حیزبە سیاسیەکانو دەزگاکانی کۆمەڵگە جەختی لەسەر دەکرێتەوە. داڕشتنی چوارچێوەی تەشریعی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، لەم بوارەدا، دەبێت بایەخێکی تایبەتی بدرێتێ.

**٢- پاکی :**

ئەرکو کاری دەستەی هەڵبژاردن نابێت ملکەچ بێت بۆ راسپاردەو ئامۆژگاری هیچ کەس یان دەسەڵات یان حیزبێکی سیاسی بەڵکو دەبێت ئەم دەستەیە کاربکات بەبێ لایەنگری یان هەواداریی سیاسیانە. دەستەی بەرپرس لەبەڕێوەبردن یان سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەبێت توانای کاری ببێت بێ دەستێوەردانو بەئاسانی بەهۆی هەر ئیدیعایەکەوە بەچاووڕاو یان هەست کردن بەلایەنداری کەوا کاریگەرییەکی راستەوخۆی دەبێت نەک تەنها لەسەر راستگۆیی دەزگای بەرپرس بەڵکو لەسەر تەواوی پرۆسەکە. نموونەی زۆر هەن کەتیایدا تێبینی کارتێکردنی حیزبی سیاسی دەکرێ بۆ میکانیزمی هەڵبژاردنو بەتوندی لەکاریگەریی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دابڕاوە.

دەرکەوتنو پەرەسەندنیوڵاتانی دیموکراتی بەتایبەتی ئاستێکی گەورەی زەدە بوون بەکاریگەریی ناجۆرو لایەنداری دەردەبڕیٚو بەمەش تەواوی پرۆسەکە هەستەوەرترو کاریگەرترە بەبنەمای راستگۆییو قوبووڵ کردنێکی سنووورداری لێدەکەوێتەوە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بەگشتی.

### ج - دەستەی هەڵبژاردنی چەسپاوو پەیوەست بەکارەکەوە

پێویستە ئەو بڕیارەی لەلیژنەی هەڵبژاردنەوە دەدرێت هەمیشەیی بێتو لەسەر بنەمایەکی بەردەوام کار بکات بۆ تاوتوێکردنی کاروباری پەیوەندیدار. ئەمەش لەماوەی هەڵبژاردندا دروستدەبێتو پاشان هەڵدەوەشێتەوە تاوەرزێکی تر. سوودەکانی دەستەی هەڵبژاردنی هەمیشەیی , بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەپەیوەندیدارە بەکەمینە نەتەوەییەکانەوە ئەمانەی خوارەوەن:

- دەستەیەك لەکارمەندی هەمیشەییو ئەو بەرپرسانەی کەخەڵك باش دەیانناسیٚو ناوبانگێکی باشیان هەیە لەبواری هەڵبژاردندا.
- توانای پاراستنی کارامەیی کار لەهەڵبژاردنێکەوە بۆ ئەویترو هەروەها پاراستنی یادەوەریی یاسایی پێویست لەم بوارەدا.



- توانای کەمینە نەتەوەییەکان بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ گرووپی کەسانو پرۆفێشینالی هەمیشەییو پێکهاتووی گونجاو.
- توانای کارمەندو بەرپرسانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ئاوێتە بنو هەروەها بۆ زەمانەتکردنی سەرەتا جیهانیەکانی پەیوەست بەکێشەی کەمینەکانەوە.

**پاشکۆی ١**

**خشتەکان**

**خشتەیەك لەبارەی بابەتە سەرەکییەکانی ئامادەکردنی سیستمەکانی هەڵبژاردن**

| | بابەت | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | پێکهاتەی کۆمەڵگا چیە؟ ئایا لەڕووی ئەتنی، ئاینی، زمانەوانی یان بواری ترەوە دابەشبووە؟ | | |
| ٢ | ئایا ئەو دەزگا سیاسیانەی کەهەن کارئاسانی ئیدارەی ململانێ‌وچارەسەری ئەو سکاڵایانە دەکەن کەپەیوەندیدارن بەکێشەکانی کەمینەوە؟ | | |
| ٣ | ئایا گرووپە ئەتنیەکان لەهەرێمێکی جیاکار یان زیاتر کۆبووەتەوە؟ ئایا گرووپە ئەتنیەکان لەهەمووولاتدا بلاون؟ | | |
| ٤ | ئایا ململانێی دیار لەنێوان ئەو گرووپانەدا هەن کەبەپێی سیستمی هەڵبژاردن ریزبەند بوون؟ سەرچاوەی ئەو ناکۆکیو ململانێیە چیە -وەك نموونەی سەرچاوەکان، ناوچە، مافی گرووپ.....تاد؟ | | |
| ٥ | ئایا سیستمی هەڵبژاردنی پەسەند بەشێوەیەکی گونجاو نوێنەری هەموو گرووپەکانە لەپەرلەمان؟ | | |
| ٦ | ئایا هەرکام لەگرووپەکان‌وایدەبینێ کەبەئامادەیی پێشنیارکراو زیانی لێکەوتووە؟ یان نوێنەرایەتییان بەشێوازی تر دابین دەبێت؟ | | |
| ٧ | چۆن سیستمی هەڵبژاردن کاردەکاتە سەر پەرەسەندنی سیستمی حیزبی سیاسی؟ ئایا دەکرێ پشتگیری پەرەسەندنی ئەو حیزبانە بکرێت کەفرە ئەتنین؟ | | |
| ٨ | نوێنەرایەتی کردنی کەمینە لەدەستەی تەشریعیدا لەکوێدایەو ئایا میکانیزمێکی کاریگەر هەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنیان؟ | | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ئایا پێشکەش کردنی دیاریکراو هەیە کەدامەزراندنی کەمینە هانبدات لەپۆستەکانی خزمەتگوزاریی گشتیدا؟ | | |
| ١٠ | ئایا ژمارە یان رێژەی سەدەی سنووورداری کەئەگەری لەخۆگرتنی کەمینە لەحوکمدا بەهێز دەکات یان کەمی دەکاتەوە؟ | | |
| ١١ | ئایا سیستمی هەڵبژاردن هاوکاری دابین دەکات لەنێوان هەندێك یان هەموو ئەندامە هەڵبژێردراوەکان‌و ناوچەی هەڵبژاردنی کەمینە یان کۆبوونەوەی دانیشتوان؟ | | |
| ١٢ | ئایا سیستمی هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی ناوخۆیی ئەتنیەکان هاندەدا؟ | | |
| ١٣ | ئایا حیزبەکان گشتگیریو جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتیی کاندیدەکان یان لیستی کاندیدەکان هاندەدەن؟ | | |
| ١٤ | ئایا سیستم بەرەو پشتگیریی دەسکاریو گونجاندن‌و لاوازکردنی گرفتی ئەتنیکی دەچێت؟ | | |
| ١٥ | ئایا حیزبە بچووکەکان بواری هاوکۆیی دەدەن بەمەبەستی هەڵبژاردن‌و لەهەمان کاتیشداوەك قەوارەی جیاواز بمێننەوە؟ | | |
| ١٦ | ئایا جێگای گیراو یان تەرخانکراو هەیە بۆ گرووپەکانی کەمینە؟ | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | ئایا لیستی کاندیدی ماندێتو تێکەڵ هەیە لەڕووی ئەتنیەوە؟ | | |
| ١٨ | ئایا میکانیزمی سەروو نوێنەرایەتیکردنی گرووپەکانی کەمینە بەکاردێت بۆ ئاسانکردنی بەشدارییان. | | |

## خشتەیەك
## لەسەر بناغەی سیستمی هەڵبژاردن لەشوێندا، ئایا سنووری هەڵبژاردن ئەوە ڕەچاو دەکات یان وایدەنوێنێ؟

| | بابەت | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆسپی سروشتی/ جوگرافیو ئاسانکاریوەك ڕووبار، چیا، ڕێگاوبان....تاد. | | |
| ٢ | یەکێتیو ڕێککەوتن . | | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | ئاسانی پێگەیشتن لەلایەن گرووپی کەمینەوە. | | |
| ٤ | دیاریکردنو ناساندنی نزیك لەلایەن دەنگدەرانەوە لەگەڵ نوێنەرێکی هەڵبژێردراودا. | | |
| ٥ | تەریککردنی دابەشبوونو پەرتبوونی گرووپی کەمینە لەبواری کاریگەریی هەڵبژاردندا. | | |
| ٦ | "سەربەخۆیی" و بێلایەنیی بەرپرسان لەنەخشەکێشانو گۆڕینی سنووری هەڵبژاردندا. | | |
| ٧ | هەڵو دەرفەتی گشتی لەکرداری سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەکاندا. | | |
| ٨ | ماوەی نێوان دەسکارییە سەرەکییەکانو ئەو سنوورانەی هەن. | | |
| ٩ | ئەو پێوەرانەی کاردەکەنە سەر دیاریکردنی هێڵەکانی سنوور. | | |
| ١٠ | ناوچەکانی هەڵبژاردن تاڕادەیەك یەکسانن یان بەڕەوایی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە سەبارەت بەڕێژەی دانیشتوان بەپێی ناوچەی جوگرافی. | | |
| ١١ | پێویست بوون بەهاوکارییەکی عادیلانەو هاوسەنگ لەلایەن هەموو حیزبەکانەوە ئەگەر ڕێگەی چوونە ناو سیاسەت درا. | | |
| ١٢ | بوونی نوێنەرایەتی کەمینە یان بەشداری ڕەسمی لەدەستەی بەرپرسی نەخشە کێشانەوە سنووری هەڵبژاردندا. | | |
| ١٣ | دوورەپەرێزیی لەدابەشبوونی سیاسی یان یاری کردن بەسنوور. | | |
| ١٤ | مافی پەنابەرو ئاوارە. | | |

## ئیجرائاتی خۆپارێزی سەبارەت بەمەترسی کەمینەکان

| | بابەت |
|---|---|
| ١ | دانانی میکانیزمی حوکمی قەزایی سەربەخۆی سکالآو دابینکردنی دانانی نوێنەرایەتیی پێویست لەسەر ئاستی کەمینە لەدەستەی قەزاییدا. |
| ٢ | دابینکردنی میکانیزمی تایبەت بەسکالاّ/ داواکاری تەرخان بۆ کاروباری کەمینەکان. |
| ٣ | دانانی "لیژنەی دیاریکردن" ی تایبەت کەبەرپرس بێت لەبەردەمی پەرلەماندا سەبارەت بەنوێنەرایەتی کردنی کەمینەکان. |
| ٤ | نوێنەرایەتی کردنی کەمینە یان بەشداری کردنیان لە"لیژنەی سەرژمێری" ی ناونووس کردنی دانیشتوان‌وەك بناغەیەك بۆ دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن. |



| | |
|---|---|
| ٥ | دابینکردنی سەرچاوەی دارایی‌و تەرخانکردنی بودجە بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەوەی شەفاف‌و ئاشکرابێت. |
| ٦ | دەستەی چاودێریی دیاریکراو کەوا کەمینەکان تێیدا بەشدار بن‌و چاودێریی بوارەکانی‌وەك بەکارهێنانی سەرچاوە حکومیەکان، ماسمیدیای دەوڵەت‌و لەوانە تەلەفزیۆن‌و رادیۆ.. تاد بخاتە ئەستۆی خۆی. |
| ٧ | بەشداریکردنی کەمینەکان لەدیاریکردنی بودجەی هەڵمەت‌و رێکخستنی پارمەتیی دارایی حیزبی سیاسی بۆ زەمانەتکردنی ئینساف‌و عەدالەت. |
| ٨ | بەکارهێنانی لیژنەکانی پەیوەندیی حیزبی سیاسی لەچوارچێوەی ئیدارەی هەڵبژاردندا بۆ زەمانەتکردنی ئەوەی کەوا پەیوەندیی هەمیشەیی‌و چەسپاو هەیە لەگەڵ حیزبە سیاسیەکان‌و بەتایبەتی گرووپەکانی کەمینە لەگەڵ رێزگرتنی تایبەتمەندی‌و پێداویستییەکانی هەڵبژاردن. |
| ٩ | دابینکردنی تێبینکارانی هەڵبژاردن، چ نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی بن، لەدەستەی تەشریعیی هەڵبژاردندا بۆ زەمانەتکردنی تێبینی‌و تاوتوێ کردنی ئازادی‌و عەدالەتی هەڵبژاردن. |
| ١٠ | زەمانەتکردنی ئەوەی کەرێکخستن‌و ئامۆژگاریی تایبەت لەلایەن دەزگای بەرێوەبردنی هەڵبژاردن دەرکراوە‌و کاروباری یاسایی‌و تەشریعیی مافەکانی کەمینەی فەرامۆش نەکردووە. |

## پاشکۆی ٢

## سیستمەکانی هەڵبژاردن: فەرهەنگی زاراوەکان

- **دەنگدانی ئەڵتەرناتیف** (Alternative Vote (VA

سیستمێکی تەفزیلی فرەیی ـ زۆرینەیە لەناوچەکانی تاك ئەندام بەکاردێت کەدەنگدەرانی ئەندامان بەکاردێنن بۆ دەستنیشان کردنی کاندیدە پەسەندەکانیان لەسەر کارتی هەڵبژاردن. ئەو کاندیدە زیاد لە٥٠٪ ی هەڵبژاردە یەکەمەکان دێنێ جاڕی بردنەوە دەدات. هەر کاندیدێك زۆرینەی ڕەهای هەڵبژاردەکانی یەکەمجار نەهێنێ، ئەوە



جارێکی تر دەنگدان ڕێکدەخرێتەوە تا ئەو کاتەی یەك کاندید زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەستدێنێ.

- **دەنگدانی داخراو** (Block Vote (BV

سیستمێکی فریی زۆرینەیە لەناوچەکانی فرە ئەندامدا بەکاردێت کەدەنگدەران کاندیدی زۆریان هەیە بۆ هەڵبژاردنیان. دەکرێ دەنگدان یان لەسەر بناغەی لیستی کاندیدەکان یان لیستی حیزبەکان بێت. ژمێرە کردن هاوشێوەی سیستمی دەنگدان بەپۆستە لەگەڵ ئەو کاندیدانەی بەرزترین دەنگ دێنن کورسییەکان دەبەنەوە.

- **لیستی داخراو** Closed List

بریتییە لەلیستێکی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی کەوا دەنگدەران ناتوانن دەنگەکانیان بدەنە تاقە یەك حیزبو ناتوانن دەنگ بدەنە هەر کاندیدێك لەلیستی حیزبەکەدا.

- **دەنگدانی خێرا بەپۆست** First past the post ((FPTP

ئاسانترین شێوازە بۆ سیستمی هەڵبژاردنی فرەیی ـ زۆرینەو بەکارهێنانی ناوچەکانی تاك ئەندام، دەنگدانی بێمەرجو دەنگدانی Candidate-Centered Voting . کاندیدی براوە ئەو کەسەیە کەوا لەهەر کاندیدێکی تر دەنگی زیاتری هێنابێت، بەڵام پێویست ناکات لەناو زۆرینەی دەنگەکاندا بێت.

- **لیستی ئازاد** Free List

بریتییە لەشێوازێکی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کەبۆ ڕوونکردنەوەو جەخت کردن دەدرێ.

- **دەنگدانی سنووردار Limited Vote**

سیستمی فریی زۆرینە لەناوچەکانی فرە ئەندام بەکاردێت کەوا دەنگدەران زیاد لەیەك دەنگیان هەیە بەڵام دەنگەکان کەمترن لەوەی کاندیدیان پێهەڵبژێرێت. ژمێرەکردن چۆن سیستمی دەنگدانی خێرای پۆستە لەگەڵ ئەو کاندیدانەی بەرزترین دەنگیان بەدەستهێناوەو سەرکەوتوون.

- **لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی List proportional Representation**

لیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لەسادەترین شێوەیدا هەر حیزبێك دەگرێتە خۆ کەلیستێك بەکاندیدەکانی بخاتەڕوو بۆ هەڵبژاردن. ئەو دەنگدەرانەی دەنگ بۆ حیزب یان حیزبانێك دەدا بەشی خۆی جێگەی بەردەکەوێت لەتێکڕای بەشداری کردنیان لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا. کاندیدە براوەکان لەلیستەکانەوەردەگیرێن.

- **زۆرینەی فرەیی (سیستمی دوو خول) Majority- Plurality (Two- Round System)**

لەهەڵبژاردنی سیستمی دوو خولدا، کەفەرەنسییە، ئەو پاڵێوراوەی سەروو ١٢,٥٪ ی دەنگی دەنگدەر تۆمارکراوەکان دێنێ لەخولی یەکەمدا دەتوانێ بچێتە خولی دووەمەوە. هەر کەسێکیش بەرزترین ژمارەی دەنگ بێنێ لەخولی دووەمدا



هەڵبژاردنی ئاشکرا دەکرێت بەچاوپۆشی لەوەی زۆرینەی ڕەهایان بەدەستهێناوە یان نە. لەبەرئەوە بەزۆرینەی فرەیی پێچەوانە لەگەڵ سیستمی دووخولدا ئیشارەتی پێدەدەین.

- **زۆرینەی جیاکردنەوە(سیستمی دوو خول) (Majority - Runoff (Two - Round System)**

ڕێگای هەرەباو بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن لەسیستمی دوو خولدا کێبەرکێی ڕاستەوخۆیە لەنێوان ئەوانەدا کەبەرزترین دەنگیان بەدەستهێناوە لەخولی یەکەمداو ئەمەش سیستمی زۆرینەی جیاکردنەوە دەگەیەنێ.

- **سیستمی ڕێژەیی تێکەڵی ئەندامان Mixed member proportional (MMP)**

ئەو سیستمانەن کەوا ڕێژە لەپەرلەماندا (کە بەعادەت نیوەیە) لەناوچەکانی فرەیی - زۆرینە هەڵبژێردراون، بەڵام ئەو ئەندامانەی ماون لەلیستەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵبژێردراون. بەپێی سیستمی (MMP) ئەوە کورسیی لیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی قەرەبووی هەر ناڕێژەییەك دەکاتەوە کەلەڕێگەی ئەنجامەکانی کورسییەکانی ناوچەکەوە بەدەستدێن.

- **لیستی کراوە Open List**

بریتییە لەلیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کەلەڕێگەیەوە دەنگدەران دەتوانن گوزارش لەتەفزیلی کاندیدێك بکەن لەلیستی حیزبێكوەك دەنگدان بۆحیزب.

- **سیستمی تەریب Parallel System**

سیستمێکی شێوە ڕێژەییە، چونکە نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لەگەڵ سستەمی فرەیی - زۆرینە بەکاردێت بەڵام بەپێچەوانەی MMP کورسیی نوێنەرانی ڕێژەیی قەرەبووی هیچ ناڕێژەییەك ناکاتەوە کەلەهەڵبژاردن بەدەستهاتووە بۆ کورسییەکانی فرەیی - زۆرینە.

- **دەنگدانی حیزبی داخراو Party Block Vote (PB)**

بریتییە لەشێوەی دەنگدانی داخراو کەهەڵبژێردراوان لەناو حیزبەکاندا دەستنیشان دەکرێن بێجگە لەکاندیدەکان. حیزبی سەرکەوتووش بەشێوەیەکی نموونەیی هەموو کورسییەکانی ناوچەکە بەدەستدێنێ.

- **سیستمی زۆرینەی فرەیی Plurality - Majority Systems**

دیاردەی جیاکاری سیستەمەکانی فرەیی زۆرینە ئەوەیە کەوا هەموویان ناوچەکانی تاك ئەندام بەکاردێنن. لەسیستمی دەنگدان بەپۆستدا، براوە کاندیدی فرەییە لەدەنگدا، بەڵام بەزەروورەتیش زۆرینەی رەهای دەنگەکان نیە. کاتێ ئەم سیستمە لەناوچەکانی فرە ئەندام بەکاردێت ئەوە دەبێتە دەنگدانی داخراو. سیستەمەکانی زۆرینەوەك دەنگدانی ئەڵتەرناتیڤ AV ی ئوستراڵیو سیستمی دوو خولی فەرەنسی هەوڵی زەمانەتی ئەوە دەدا کەوا کاندیدی براوە زۆرینەی رەهای دەنگدەران بەدەستدێنێ.



- **دەنگدانی تەفزیلی Preferential Voting**

سیستەمەکانی هەڵبژاردن کەوا دەنگدەران تێیاندا کاندیدەکان لەسەر کارتی هەڵبژاردن ریزبەند دەکەن بۆ هەڵبژاردنیان. دەنگدانی ئەڵتەرناتی AV، دەنگدانی تاکەکەس متحولو سیستمی بەکارهێنراو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی سریلانکا ئەمانە هەموویان نموونەی دەنگدانی تەفزیلین.

- **نوێنەرایەتیی ڕێژەیی Proportional Representation (PR)**

هەر سیستمێك بەئاگاییەوە بیەوێت جیاوازیی کەم بکاتەوە لەنێوان بەشداریی حیزبدا لەهەڵبژاردنی نیشتمانیو بەشداریکردنی لەکورسیەکانی پەرلەماندا. بۆ نموونە ئەگەر حیزبێك ٤٠٪ ی دەنگەکانی هێنا دەبێت نزیکەی ٤٠٪ ی کورسییەکانی بەرکەوێ.

- **سیستمە شێوە ڕێژەییەکان Semi - proportional Systems (Semi - PR)**

ئەم سیستمانەی هەڵبژاردن کەتێکڕا ئەنجامەکان دەرەخسێنێو دەکەوێتە شوێنێکەوە لەنێوان سیستەمەکانی نوێنەرایەتیی ڕێژەییو سیستەمەکانی ناڕێژەیی زۆرینەی فرەیی.

- **دەنگدانی تاکی نەگۆڕ Single Non- Transferable Vote (SNTV)**

سیستمی نوێنەرایەتیی تەفزیلیی ڕێژەیی لەناوچەکانی فرە ئەندامدا بەکاردێت. بۆ بردنەوە لەهەڵبژاردندا، پێویستە لەسەر کاندیدەکان بەشی دیاریکراوی دەنگەکانی هەڵبژاردنی یەکەم تێپەڕێنن. هەڵبژاردنی دەنگدەران بۆ کاندیدەکانی تر دەبێت لەکاتی دەرچوونی کاندیدێکی سەرنەکەوتوودا.

- **سیستمی دوو خول** (Two- Round System (TRS

لە سیستمی زۆرینەی فرەییدا کەهەڵبژاردنی دووەم دەکرێتەوە ئەگەر هیژ کاندیدێك بەزۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی هەڵبژاردنی یەکەم دەرنەچوو.

## پاشکۆی ٣
## بەستنەوەی کاروباری کەمینە بەچاودێریکردنی هەڵبژاردنی
## ئۆفیسی دەزگاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ ODIHR

## چاودێریی هەڵبژاردنەکان
## Election Observation



## نــاوەڕۆك


١- پێشەکی

٢- ڕۆڵی ODIHR لەقۆناغی پێش کۆمیسیۆندا.

٣- ڕۆڵی لیژنەی هەڵسەنگاندنی پیداویستییەکان.

٤- ڕۆڵی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردن ـ تیمی ناوەند

٥- ڕۆڵی چاودێران لەچاودێریی درێژخایەندا.

٦- ڕۆڵی چاودێران لەچاودێریی کورتخایەندا.

٧- ڕاپۆرت نووسین لەسەر کێشەکانی کەمینە.

٨ - ڕاسپاردەی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردن لەکاری ئایندەیدا.


## پاشکۆی ١ : کاروباری کەمینەی نەتەوەییو تەکنیکی چاودێری.

## ١ـ پێشەکی

تا چ ئاستێك سیستمێکی هەڵبژاردنیوڵاتێکی بەشدار دەتوانێ پارمەتیدەر بێت لەنوێنەرایەتی کردنی کەمینە نەتەوەییەکان لەدەزگاکانی هەڵبژاردنداو گرفتەکانیان بەرزبکاتەوە بۆ کۆمیسیۆنەکانی چاودێریی هەڵبژاردن (Election Observation Missions (EOM کەوا بەسەر ODIHR ە بەپێی هەلومەرجو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.

بەرەنگاریەکانی ODIHR ئەوەیە کەوا رەھەندێك لەھەڵسەنگاندنی ئەو مەودایانە بداتە EOM کەوڵاتانی بەشداری ئەو پێوەرانە لەبەرانبەریدا بن لەکاتێکدا کەلەبەرانبەری بەرپرسیارێتی تەواوی ئەزموونە بەراوردەکانی ناوچەی رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپپی OSCE دەوەستێتەوەو بزوێنەری سیاسی ئەووڵاتەیە کەجێی مەبەستی ئێمەیە.

ئەم بەشە هەوڵی ئەوە دەدا کەوا راسپاردەکانی لەند بخاتە سیاقی کاری مەنهەجی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەوە لەمەڕ ODIHR کەتیشك دەخاتە سەر هۆکارە گرنگەکانی بۆئەوەی رەچاو بکرێن ولەو رێگە دیاریکراوانە بگەڕێن کەدەتوانن مامەڵەی پێبکەن بەشێوەیەکی تەواو. شێوەی کارتەکە هەموو توخمێك لەکۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەکان رەچاو دەکات، لەبەشی هەڵبژاردنی ODIHR تا بڵاوبوونەوەی STO. هەروەها پێشنیاریش پێشکەش دەکرێت کەلەسەر چۆنێتی نووسینی راپۆرت، یان لەزمنی کۆمیسیۆنی چاودێری یان بەشێوەیەکی گشتی. دواجاریش راسپاردەی هەندێ گۆڕانکاری دەکرێت بۆ کۆمیسیۆنی چاودێری لەشێوەی مامەڵەی و لەپێناوی گونجاندنی مەسەلە تازەکان.

### ٢ـ رۆڵی ODIHR لەقۆناخی پێش کۆمیسیۆندا



- بەشی هەڵبژاردن لەئۆفیسی دەزگاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ODIHR، بەشێوەیەکی رۆتینی تەشریعێکی روونی لەخۆگرتووە پێش دەستکردن بەئەرکی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان Assessment Needs (Mission (NAM ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

- یاسای هەڵبژاردن.
- دەستوور.
- یاسای حیزبە سیاسییەکان.
- یاساکانی تری پەیوەندیدارو ئەو بڕیارانەی کەوا کاردەکەنە سەر پرۆسەکەوەك پێکهێنانی لیژنەکانی هەڵبژاردن و داپۆشینی میدیا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن.

- بێجگە لەوە ODIHR دەبێت نوسخەی ئەو راپۆرتانەی لابێت لەسەر چاودێریکردنی بارودۆخی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتدا. ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

- یاسای کەمینە نەتەوەییەکان.
- راپۆرتەکانی رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی OSCE و کۆمیسیۆنی باڵای کەمینە نەتەوەییەکان HCNM، راپۆرتەکانی ئەنجومەنی ئەوروپی لەبارەی جێبەجێکردنی مەودای رێککەوتننامەی پارێزگاریی کەمینە نەتەوەییەکان، راپۆرتەکانی لیژنە نیشتمانیەکان.

- راپۆرتی ڕێكخراوە ناحوكوومیەكان NGO، چ نێودەوڵەتی بن یان لۆكاڵ.

- كاتێ ODIHR هەڵسەنگاندنێك جێبەجێ دەكات لەسەر تەشریعی هەڵبژاردنو ئەوە دیاری دەكات كەچوارچێوە یاساییەكانی كۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵبژاردن دەكات لەگەڵ پابەندیەكانی OSCE دەگونجێو هەڵسەنگاندنەكە دەبێت كێشەكانی كەمینەی نەتەوەیی ڕەچاو بكات، بەگونجاندن لەگەڵ ئەم ڕێبەرەدا.

## ٣ـ ڕۆڵی لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەكان
**(Needs Assessment Mission (NAM)**

- **هەڵسەنگاندنی چوارچێوەی تەشریعیی گشتی**

پشتبەستن بەشیكارییەك بۆ چوارچێوەی تەشریعیی مامەڵە پێكراو لەپێش كاری هەڵسەنگاندنی پێداویستییەكان، تیمی هەڵسەنگاندن دەبێت لەدیاریكردنی مەسەلە بنەڕەتیە پەیوەندیدارەكان بكۆڵێتەوەو هەمان شێوە لەتەزمیناتی سیاسی یاسا پەیوەندیدارەكانیش.



بەپێی ئەو خشتەیەی سەرەوە NAM دەبێت ئاستەكانی بوارە تەشریعییەكان هەڵسەنگێنێ كەبەشداریی كەمینە نەتەوەییەكان دیاری دەكات. ئەگەر شیكارییەكی تەواو ئەنجام درا ئەوە NAM دەبێت مامەڵە لەگەڵ خاڵە بنەڕەتییەكانو بوارە پەیوەندیدارەكان بكات لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیان دەدوێن بۆ بەرجەستەكردنی زیاتری ئەو مەسەلانە.

- **كۆبوونەوەی نوێنەرانی كۆمەڵگەی سیاسیو مەدەنی**

یەك لەپێویستییە سەرەتاییەكانی NAM كۆبوونەوەیە بەدامودەزگاو ڕێكخراوە سەرەكییەكان. بەڕەچاوكردنی كێشەو كاروباری كەمینە نەتەوەییەكان، ئەو دەزگاو لایەنانەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەكرێ زیاتر ئەمانەی خوارەوەن:

- لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردن /وەزارەتی بەرپرس لەهەڵبژاردن.
- ئەووەزارەتە حكومییەی بەرپرسە لەداواكاریی هاولاتیبوون.
- حیزبە سیاسیەكانو لەوانەش ئەو حیزبانەی كەنوێنەری كەمینە نەتەوەییەكانن.
- گرووپە پەیوەندیدارەكانو نوێنەرانی كەمینە نەتەوەییەكان.
- ڕێكخراوە ناحكومیە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەكان NGOs كەپەیوەندیدارن بەكەمینە نەتەوەییەكانەوە.

- میدیای ناوخۆیی، لەوانە نوێنەرانی کەمینە نەتەوەییەکان.

- **ناونووسکردنی دەنگدەر**

لە کاتی کۆبوونەوەی NAM دا، گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێت ئایا هیچکام لەکەمینە نەتەوەییەکان کۆسپ دێتە رێیان لەهەوڵدانیاندا بۆ ناونووس کردنی دەنگدەر. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرفتەکانی بەدەستهێنانی هاوڵاتیبوونو ئەو مەسەلەیەش کەدەبێت NAM چاوبگێڕێ بەکاروباری هاوڵاتیبوون لەگەڵ دەزگایەکی گونجاودا.

لە بواری هەڵسەنگاندندا رەنگە کۆتو بەند هەبێت لەسەر ئەگەری نوێنەرایەتی کردنی کەمینەکان بەبۆنەی کاروباری پرۆسەی ناونانی کاندیدەکان، پێکهێنانی حیزبەکان... تاد.

ئەم جۆرە کۆتو بەندانە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- سنووردانان لەبارەی پێکهێنانی حیزبەکانەوە لەگەڵ نوێنەرایەتی گرووپە رەگەزییەکان.
- پێویست بوون بەزمان بۆ دانانی کاندیدەکان.

- **هەڵسەنگاندنی رێکخستنی هۆکانی راگەیاندن (میدیا):**

پێویستە لەسەر NAM لەوە بکۆڵێتەوە کەئایا کۆتو بەند لەسەر کەمینە نەتەوەییەکان هەیە بۆ دەردەست کردنی هۆکانی راگەیاندن.



کۆتو بەندەکانیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- کەمپی داپۆشینی راگەیاندن بۆ ناوچە دەردەستەکان کەنیشتەجێی کەمینە نەتەوەییەکانن.
- کەمیی کاندیدو حیزب لەکەمینە نەتەوەییەکان.
- داپۆشینێکی نارەوای کاندیدو حیزبەکانی کەمینە نەتەوەییەکانن.

## ٤ ـ رۆڵی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەکان ـ تیمی ناوەند

**★ ئامادەکردنی پێداچوونەوەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتدا:**

یەك لەکارە پێشەکانی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەکان تەواوکردنی پێداچوونەوەی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتدا. ئەم پێداچوونەوەیە دەکرێ ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:

- دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کەمینە نەتەوایەتیەکانی تێدایە.
- دیاریکردنی کاروباری سەرەکی کەوا NAM مامەڵەیان لەتەکدا دەکات/ پێداچوونەوەی یاسا/ راپۆرتی تر.
- دیاریکردنی حیزبە سەرەکیەکان/ کاندیدەکان / ئەو گرووپانەی کەنوێنەرایەتیی کەمینە نەتەوایەتیەکان دەکەن.

- گرێدانی ناوچەکانی کەمینە نەتەوایەتیەکان لەپلانی بڵاوبوونەوەی LTO دا.
- کورتەیەکی بڵاوبوونەوەی LTO بۆ ئەم ناوچانە.

- **کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکان‌و کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بناغەی بەردەوامی:**

پێویستە لەسەر کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەکان بەبەردەوامی کۆببێتەوە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت، حیزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و گرووپەکانی کەمینە نەتەوایەتییەکان لەڕێگەی کۆمیسیۆنەکەوە، بۆ باس کردن‌ولێکۆڵینەوەو چاودێریکردنی کێشە پەیوەندیدارەکان.

- **بەدواداچوونی ناونوسکردنی دەنگدەران‌و کۆکردنەوەی لیستەکانیان:**

لە ڕێگەی بەکاهێنانی زانیارییەوە لەکۆبوونەوەکانی LTOو کۆبوونەوە بەردەوامەکان لەگەڵ نوێنەرە ناوخۆییەکان. (لە خشتەی ژمارە ٢ دا)

- **شارستانێتی‌و فێرکردنی دەنگدەر:**

دەستکردن بەهەر پرەسەیەکی فێرکردنی دەنگدەر پێویستە بەزمانی کەمینە نەتەوەییەکان بێت‌و ئەو زانیاریانەی پەیوەندییان بەهەڵبژاردنەوە هەیە دەبێت بەشێوەیەکی ئاسایی ئەمانەی خوارەوەیان تێدابێت:



- زانیاریی لەسەر ئەو کاندیدانەی چاوەڕوان کراون.
- زانیاریی پێش هەڵبژاردن لەسەر دەنگدەران.
- زانیاریی لەسەر رۆژی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەران.

- **پەیڕەویکردنی ڕێگەی دانانی کاندیدو حیزبەکان:**

بێجگە لەشیکردنەوەی ئەوەی تەشریع دیاری دەکات یان ڕێگە لەبەشداریکردنی کەمینە دەگرێ (وەك پێویست بوون بەزمانێکی توند)، ئەوە کۆمیسیۆنی چاودێری کردنی هەڵبژاردن دەبێت بەدواداچوونی هەبێ بۆ جێبەجێکردنی فیعلی تەشریعەکە.

کارمەندە سەرەکیە گونجاوەکان‌و LTO دەبێت چاودێری دانان بکەن. پێویستە لەسەر کارمەندان‌و LTO بەرێکوپێکی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی کەمینە / گرووپەکان / کاندیدەکان کۆببنەوەو لەو حاڵەتانەدا کەدانانەکە دراوەتە دواوە ئەوە دەبێت هەموو بەڵگەیەکی پەیوەندیدار کۆبکرێتەوەو پاشان کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردن /وەزارەتەکە بکرێت بۆ روونکردنەوە مەسەلەکان.

- **چاودێریی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (میدیا)**

بەشدارییەکی عادیلانەی نەتەوەییەکان دەبێت بەشێك بێت لەپێوەرەکانی ODIHR سەبارەت بەمەنهەجیەتی چاودێری کردنی هۆکارەکانی راگەیاندن. مەسەلە سەرەکییە پەیوەندیدارەکانیش ئەمانەن:

- ئایا حیزبەکان / کاندیدەکانی کەمینە پەیوەندییەکی عادیلانەو بەجێیان هەیە لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندن؟
- ئایا هۆکارەکانی راگەیاندن زمان (یان زمانەکانی) کەمینە نەتەوەییەکان بەکاردێنن؟
- ئایا کەمینەکانی ناوچە دوورە دەستەکان پەیوەندیی تەواویان هەیە بەهۆکارەکانی راگەیاندنەوە؟

- **چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن:**

وەك بەشێك لەچاودێریی رێکوپێك بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن پێویستە لەسەر EOM کاروباری پەیوەندیدار بەکەمینە نەتەوەییەکان بخاتە رێبازی کاریەوە. ئەو پرسیارە گرنگانەی کەتەریبن لەگەڵ هەڵمەتی بنەڕەتیی کاردا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئایا ئازادیی جموجووڵو کۆبوونەوە هەیە لەناوچەکانی کەمینەدا؟ یان دەنگدەران قەدەغەیە بچنە کۆبوونەوە یان ئایا حیزبەکانوکاندیدەکان قەدەغە کراون بەگەڕان لەناوچەکانی هەڵبژاردنیانو رێکخستنی کۆبوونەوەکان؟
- ئایا حیزبورێکخراوەکانی کەمینەی نەتەوەیی رێگەیان پێدراوە ئاسانکاریی گشتی بەکاربهێنن لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا؟
- ئایا کەمینە نەتەوەییەکان توانیویانە پۆستەری کەمپەینەکە بەئاشکرا چاپو بلاوبکەنەوە؟



- ئایا توانیویانە ئەو پۆستەرانە بەزمانی کەمینە چاپ بکرێت؟
- ئایا هیچ دژە کەمپەینێك بۆ کەمینەکە بەڕێوەچووە یان ترسو تۆقاندن لەلایەن گرووپەکانی ترو دەسەڵاتداران، کەئەگەری ئەوە هەیە هەوڵی دابێت بۆ دنەدانو کینە؟

- **کاریگەریی هەڵسەنگاندنی سیستمی هەڵبژاردنو بازنەکانی هەڵبژاردن لەسەر کەمینە نەتەوەییەکان:**

لە رێگەی کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی کەمینەی نەتەوەییو لەڕێگەی ئەنجامی شیکاری هەڵبژاردنەکان دەبێت EOM توانای لێکۆڵینەوەی لەسەرئەوەی ئایا سیستمی هەڵبژاردنو نەخشەکێشانەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن کاریگەرییانە هەیە لەسەر نوێنەرایەتیی کەمینە.

**هۆکارە گرنگەکانی کەڕەچاو دەکرێن لێرەدا ئەمانەی خوارەوەن:**

- ئایا کەمینەکان نوێنەرایەتییان دابین کردووە؟ ئەگەر بەڵێ بوو، تا چ ئاستێك بەراورد دەکرێ بەڕێژە یان بۆ دانیشتوان؟
- ئایا بازنەکانی هەڵبژاردن کەوا کەمینەکانیان تێدایە سنوورەکانیانوا کێشراوە بەشێوەیەك لەخزمەتی کەمکردنەوەو دەرکردنی نوێنەرایەتیی کەمینەدا بێت؟

- ئایا بازنەکانی هەڵبژاردنوا نەخشە کێشراوە کەسنووری دیموگرافی سروشتی رەچاو بکات بەشێوەیەك خەڵکی کەمینەی نەتەوەیی دابەش بکرێتوبەهۆی ئەوەوە لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانەوە لەبازنەی هەڵبژاردندا ریزبەند کرابێت؟
- بەپشت بەستن بەژمارەی ئەو کەسانەی لەبازنەکانی هەڵبژاردندا ناونووس کراون ئایا کەمینە نەتەوایەتییەکانی نوێنەرایەتی دەکەن لەرێگەی حیازەی گەورەترین ژمارەی دەنگدەران لەبازنەکانی هەڵبژاردندا لەکەسانی ترەوە؟
- ئایا هیچ بایەخێك دراوەتە هاوڵاتیانی کۆچەر؟

## ٥ ـ رۆڵی چاودێران لەچاودێریی دریژخایەندا LTO

**★ مەودا دامەزراوەکان لەلایەن تیمی ناوەندییەوە:**

تیمی ناوەندیی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردن دەبێت کێشەکانی کەمینەی نەتەوەیی لەخۆبگرێتوەك بەشێك لەرەهەندی شیکاریی LTO.

**ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- لێکدانی کێشەو مەسەلەکان لەناو کورتەی راپۆرتی LTO دا، لەوانە :



لیستێکی کەسەکانورێکخراوە پەیوەندیدارەکانی LTO بۆ کۆبوونەوە،وەك لیژنەکانی هەڵبژاردن، حیزبە سیاسیەکان، کاندیدەکان، نوێنەرانی کەمینەی نەتەوەیی، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیستێکی هۆکارەکانی راگەیاندن بەو پرسیارە پەیوەندیدارانەی کەدەکرێن لەسەر هەڵبژاردەی یاساو سیستمی هەڵبژاردن، دانانی کاندیدەکان، ناونووسکردنی دەنگدەران، هەڵمەتی هەڵبژاردن... تاد.

- دەبێت بڵاوبونەوەی LTO رەچاوبکرێت لەو ناوچانەی کەوا کەمینە نەتەوایەتییەکانیان تێدا کۆبۆتەوەو تیمێکی ئاوهای LTO دەبێت کارەکانی بەکورتی بخاتە روو.

- **چاودێریی درێژخایەن LTOو کورتەی راپۆرتەکانی چاودێریی کورتخایەن STO:**

بەرپرسیارێتی LTO لەوناوچانەی کەمینە نەتەوایەتییەکانی تێدا کۆبووەتەوە دەبێت زەمانەتی بڵاوبوونەوەی تیمەکانی STO بکات لەناوچەکاندا. بابەتەکانی کەوا لەلایەن LTOوە نووسراوە لەسەر پێکهاتەی دیموگرافی ناوچەکەو چونیەکی کێشەو مەسەلە سەرەکییەکان.هەروەها دەبێت LTO زەمانەتی ئەوە بکات

کەوا STO ئەو ناوەندانەی هەڵبژاردنی بەباشی گرتووەتەوە کەخزمەتی کۆمەڵگاکانی کەمینەی نەتەوەیی دەکەن. ئەو خاڵانەش کەوا رەچاو دەکرێن لەخوارەوە کورتکراوەتەوە.

## ٦ـ رۆڵی چاودێران لەچاودێریی کورتخایەن STO

لە هەر شوێنێکی گونجاودا، شێوازی راپۆرتەکانی STO دەبێت بەشە سەرەکیەکانی پرسیارەکانی کەمینەی نەتەوەیی لەخۆبگرێت کورتە راپۆرتی STO ش دەبێت هەمان ئەو پرسیارانە بگرێتەوە.

- **ئاستی پرۆسەی بەشداریو لێکگەیشتن:**

شێوازی راپۆرتەکانی STO رەنگە بەچاکی پرسیاری ئاستی بەشداریو تێگەیشتنی دەنگدەران لەپرۆسەکە بکات. هەروەها STO ش لەو ناوچانەدا کەوا کەمینەی نەتەوەیی تێدایە دەبێت بەراپۆرتێکی تایبەت بەم مەسەلانە پشتیوانییان بکات، چونکە پەیوەندیداری تەواون بەهەڵسەنگاندنی بەشداریی کەمینەو ئەو ئاستەی کەمامەڵە لەتەك کێشەکانی ناونووس کردنی دەنگدەرو فێرکردنیدا دەکاتو چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە.

- **بەڵگەی ترساندن یان کۆتو بەندکردنی جموجووڵ:**



وەك لەسەرەوە باسکراوە، هەموو چاودێرانی کورتخایەن رەنگە پرسیار لەنموونەی ترساندنو کۆتو بەندکردنی جموجووڵی دەنگدەران بکەن.

STO دەبێت پرسیار بکات ئایا بۆ نموونە کۆسپ دەکەوێتە رێگای خەڵك یان ژمارەی زۆری پۆلیس/ ئاسایش/ هەڵسووڕاوانی چالاکی حیزب رێگە لەبەشداربوونی دەنگدەران دەگرن یان ترسیان دەخەنەڕێ کەدەنگ بۆ حیزب یان کاندیدێکی دیاریکراو بدەن.

- **وردیی ناونوسکارانی دەنگدەر:**

دەبێت داوا لەچاودێرانی کورتخایەن STO بکرێت کەوا بەوردی چاودێریی پرۆسەی دەنگدان بکەن لەناوچەکانی کەمینەی نەتەوایەتیو تاوتوێی دەنگدەرانو تۆماری ناوەکان بکەن.

لە حاڵەتی دیارنەمانی زۆری ناودا دەبێت STO لەلیژنەکانی هەڵبژاردن بپرسێتەوە (لەئاستی ناوچەکە)و هەروەها لەدەنگدەرانیش بۆ روونکردنەوەو ئەگەری هەرشتێك.

- **کارەکانی وێستگەکانی هەڵبژاردنو پێکهاتەو لیژنەکانی هەڵبژاردن:**

دیسانەوە پێویستە لەسەر STO راپۆرتێك لەسەر گونجاندنیوێستگەکانی هەڵبژاردن بەرزبکاتەوە سەبارەت بەکەمینە نەتەوەییەکان. بۆ نموونە، کاتیوێستگەکانی

هەڵبژاردن دەکەوێتە شوێنێکەوە کەزەحمەتە دەنگی تێدا بدرێت بەبێ کۆسپێکی ناپێویستوبێ بڕینی ڕێگایەکی زۆر دوور. هەروەها دەبێت STO تێگەیشتنی هەبێت لەسەر لیژنەکانی هەڵبژاردنو تا چ ئاستێك ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی ناوخۆن.

**٧ـ ڕاپۆرت نووسین لەسەر کێشەکانی کەمینەی نەتەوەیی**

- **ڕاپۆرتەکانی NAM** : ڕاپۆرتی NAM دەبێت فەسڵێکی دیاریکراوی تێدابێت لەسەر کەمینە نەتەوەییەکان ئەگەر مەسەلەی جددیی هەبێت پێویستی بەتیشك خستنە سەر هەبێت. ئەمە گرنگە لەبەرئەوەی ئەو کێشانە دەگرێتەوە کەتێهەڵکێشی چوارچێوەی شیکردنەوەی EOM دەبێتو لەوانەش بڵاوبوونەوەی چاودێران لەو ناوچەیەدا.
- **ڕاپۆرتی ئەرکە ناەخۆییەکان**: ڕاپۆرتی هەفتانە/ ڕاپۆرتەکانی LTO / ڕاپۆرتەکانی STO

وەك لەسەرەوە کورتکراوە LTO ڕاپۆرت بەرزبکاتەوە لەسەر کێشە پەیوەندیدارەکان بەکەمینە نەتەوەییەکانەوە. بەشێوەیەکی سەرەکیش دەبێت بکۆڵێتەوە لەڕاپۆرتە هەفتانەکانی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردن EOMو بەرزی بکاتەوە بۆ ODIHR ـ ئۆفیسی هەڵبژاردن.



STO دەتوانێ ڕاپۆرتەکانە بنووسێ لەڕێگەی شێوازی ڕاپۆرتنووسینی ڕێكو پێکەوە یان لەدووتوێی بەدەستهێنانی زانیاریی لەلایەن LTOوە کەتیشك دەخاتە سەر زانیاریی دیاریکراوی ناوچەکە.

- **بەیانی ڕۆژنامەنووسیو ئەنجامگیری**

ئەگەر هەر کاروبارێکی بایەخدار بێتە پێشەوە لەکاتی EOM دا ئەوە دەبێت بخرێتە دووتوێی بەیانی ڕۆژنامەنووسیی دوای هەڵبژاردنو ئەنجامگیری.

- **ڕاپۆرتی کۆتایی / پاشکۆ**: کێشەو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەکەمینە نەتەوەییەکانەوە دەبێت لەڕاپۆرتی کۆتایی ODIHR باس بکرێت بۆ هەر هەڵبژاردنێك. ئەگەر هەندێ کاروباری گرنگ هەبوو سەبارەت بەکەمینە نەتەوەییەکان ئەوکاتە پاشکۆیەکی دوورودرێژ لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆتاییدا بەرزدەکرێتەوەو ئەمەش ڕێگە بەدەرفەتی زیاتری گفتوگۆ دەدا لەسەر ئەم بابەتانە.

**ـ ڕاپۆرتی تایبەت بەکەمینەکان: بڕوانە خوارەوە**

**٨ ـ ڕاسپاردەی کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردن لەکاری ئایندەیدا**

- بەرپرسی کەمینەی نەتەوەیی: پێویستە شارەزایەك لەکۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردندا EOM، کەڕەنگە شیکارێکی سیاسی بێت، ببێتە کارمەندێکی بەرپرس لەکاروباری کەمینە نەتەوایەتیەکان. ئەم

کارمەنـــدە بەرپرســـە دەتوانـــێ کـــار لەگـــەڵ ســـەرۆکی کۆمیسیۆندا بکات بۆ چەسپاندنی چوارچێوەیەکی شیکاری چـــاودێریی درێژخایـــەن LTOو ئامـــادەکردنی راپۆرتـــە نووسـراوەکان. کارمەنـدی بـەرپرس بەرپرسـیاریش دەبێت لەتاوتوێکردنووردەکاریی هەموو راپۆرتەکانی LTO لەسـەر کاروبـــاری کەمینـــەی نەتـــەوەیی. شـــارەزاییەکی نـــاوخۆی کەمینەیـــەکی نەتـــەوەیی دەبێـــت بچـــێتە نـــاو EOM بـــۆ کارکردن لەژێر سەرپەرشتیی شیکاری سیاسی یان کارمەندی بەرپرسدا.

چـــــاودێریی کورتخایـــــەن STOودرێژخایـــــەن LTO لەناوچـەکانی کۆبوونـەوەی ژمارەیـەکی گـەورەی کەمینـە نەتەوەییەکانـدا دەبێـتوەرگێڕان بەزمانـەکانی کەمینـەو زۆرینەوەك یەك دابین بکات.

## پاشکـــــۆی ژمارە (١)

## کاروباری کەمینەی نەتەوەییو تەکنیکی چاودێری

| راسپاردەکان | بابەت | تەکنیکی چاودێری | بەرپرسیارێتی |
|---|---|---|---|
| مـــافی کەســـانی ســـەر بەکەمینـــە نەتەوەییـــەکان لەبەشـــداریی کاروبـــاری گشتیداو لەناویاندا مافی دەنگـــــدانو پـــــاڵاوتن | چوارچـــێوەی تەشریعی | هەڵسەنگاندنی دەستوور، یاسای هەڵبژاردنو تەشریعی تری پەیوەندیدار بەهەڵسەنگاندنی | پێش هەڵسەنگاندنی NAM/EOM/NAM |



| | | | |
|---|---|---|---|
| بێجیاوازی | | دەستەبەرکردنی تەواوی مافی مرۆڤی بنەڕەتیی کەمینە نەتەوەییەکان. | |
| | | کۆبوونەوە بەنوێنەرانی کەمینە نەتەوەییەکانو حیزبە سیاسییەکانو نوێنەرە حکومییەکان بۆ دیاریکردنی مەسەلە سەرەکییەکانی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتدا. | NAM/EOM/LTO |
| | ناونووسکردنی دەنگدەرانو هاوڵاتیبوون. | وردەکاری لەگەڵ گرووپی کەمینەی نەتەوایەتیداو بەرپرسانی پەیوەندیدار بەوەی ئەگەر کەمینەی نەتەوەیی گرفتی هەبێت لەسەر دابینکردنی هاوڵاتێتیو یان ناونووسکردنی دەنگدەران. | NAM/EOM/LTO |
| | | وردەکاریی ژمارەی ناونووس کردنی دەنگدەران بۆ بازنەکانی هەڵبژاردنی پەیوەندیدارو چاودێریی پرۆسەی بەڕێوەبردن بۆ هەموارکردن / دیاریکردنی مێژووی لیستەکانی دەنگدەران. | LTO |
| | فێرکردنو راهێنانی دەنگدەرو مەدەنی | وردەکاریی لەوەی کەفێرکردنوراهێنانی دەنگدەرو مەدەنی هەڵبژێردراون بۆ لێکۆڵینەوە لەپێداویستسی کەمینەی نەتەوەیی لەزمانی بەکارهێنراو یان شێوازی پەیوەندیدا. | EOM/LTO |
| | دانانی | وردەکاریی لەوەی هەر | EOM/ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کاندیدو حیزبە سیاسیەکان | هەل‌و مەرجێك پەیوەندیی هەبێت بەدانانی حیزب‌وکاندیدەکان‌وئەو زمانەی خزمەتی بەشداریی نوێنەرانی کەمینە نەتەوایەتییەکان دەکات | LTO |
| | مافی هەڵمەتی هەڵبژاردن‌و گەیشتن بەهۆکارەکانی راگەیاندن | وردەکاری لەوەی کەوا کاندیدەکان/ حیزبەکانی سەر بەکەمینەکان سەربەستن لەئەنجامدانی کەمپەین بەو زمانەی هەڵدەبژێرن لەکۆبوونەوەو بابەتی چاپکراوو هۆکاری راچەیاندنی پەخشکەرەوە | NAM/ EOM |
| | | وردەکاری لەوەی کەوا کاندیدەکان/ حیزبەکانی سەر بەکەمینە ئازادن لەرێکخستن‌و گرێدانی کۆبوونەوەی فراوان‌و چاوپێکەوتنی سیاسی بێ ترساندن‌و دەستێوەردانی نابەجێ. | EOM/ LTO |
| پێویستە ئازادیی دامەزراندنی حیزبی سیاسی هەبێت کەناسنامەی میللی پاڵپشتی بێت کەتەنها بەرژەوەندیی گرووپێکی دیاریکراو نەپارێزێت. | دامەزراندنی حیزبە سیاسیەکان | ئایا هیچ کۆسپێکی تەشریعی یان ئیداریی بۆ دامەزراندنی حیزبی سیاسی هاوچەشن‌و میللی لەئارادا هەیە؟ | NAM/ EOM |
| | | کۆمیسیۆنی چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەبێت بەدواداچوونی هەبێت بۆ پرۆسەی تاوتوێ کردن‌ووردەکاریی ئەوەی ئایا ناوەڕۆك‌و پەیامی یاسادانەر لەپراکتیکدا جێبەجێکراوە | EOM/ LTO |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | دابینکردنی دارایی بۆ حیزبە سیاسییەکان | دڵنیا بوون لەوەی کەمیکانیزمی دابینکردنی پشتگیریی دارایی بۆ حیزبەکان/ کاندیدەکان رەوایەو بەشێوەیەکی گونجاو جێبەجێکراوە. | NAM/ EOM |
| سیستمی هەڵبژاردن دەبێت ئاسانکاری نوێنەرایەتی کەمینەو کاریگەری بکات | دیاریکردنی سیستمی هەڵبژاردن | دەبێت شیکارییەکی تەواو لەگۆڕێدا بێت بۆ سیستمی هەڵبژاردن لەخۆگرتنی هەر کەمینەیەکی نەتەوەیی. | EOM |
| | | شیکردنەوەی کۆتایی لەسەر عەدالەتی سیستەم‌و سەبارەت بەکەمینە نەتەوەییەکانیش دەبێت رەچاوی بەرپرسیارێتی تەواو بکرێت لەبارەی رۆشنبیری سیاسی‌و نیشتمانییەوە، مێژووی سیاسی ئێستا، لەخۆگرتنی سیستمی تری گەشەکردنی سیاسی‌و دیموکراتی لەوڵاتداو ئەو کەش‌و هەوایەی لەناوچەکە ئاڵاوە. | EOM |
| سنووری جوگرافی ناوچەکانی هەڵبژاردن دەبێت ئاسانکاریی بۆ نوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەییەکان بکات | نەخشەکێشانی بازنەکانی هەڵبژاردن | جەخت کردن‌و لێکۆڵینەوە لەسەرئەوەی ئایا نەخشە کێشانەوەی سنووری هەڵبژاردن بەشێوەیەك بووە کەبەهێمنی کەمینەی نەتەوەیی‌وەدەرنێ یان نوێنەرایەتییان نەکات. لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنێکی لەم چەشنە دەبێت رەچاوی جۆری نیشتەجێ بوونی کەمینەی جێی مەبەست بکات لەگەڵ ئاستی خۆگونجاندنیدا. | EOM/ LTO |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن | بەپشتبەستن بەژمارەی ناونووسکراو بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، ئەوە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن دەبێت ڕەچاوی ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردن بکات، بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن گونجاوە لەگەڵ مەیلی نیشتمانی گشتیو یاسای هەڵبژاردندا. | EOM/ LTO |

## پەراوێزەکان

١ - ئەم ڕێبەرە پشت بەڕاسپاردەی لوند دەبەستێت کە لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە. سەبارەت بەوردەکاریی لێکۆڵینەوەکەیان، بڕوانە جۆن باکەر (سروشتو بنچینەی ڕاسپاردەی لوند دەربارەی بەشداریی کاریگەری کەمینە نەتەوەییەکان لەژیانی گشتیدا). هیلسنکی مۆنیتەر، بەرگی ١١، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە



٢٩ - ٤٥ . دەقی تەواوی ڕاسپاردەی لوند لەپاشکۆیوتاری ناوبراودا نووسراوە لاپەڕە ٤٦ - ٦١.

٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٤ - ٦٧.

٣ - ئەو پرۆژەیە بەهاوکارییەکی باشی دەزگای نێودەوڵەتی کەنەدا بۆ پەرەپێدان CIDA بەئەنجام گەیشت.

٤- بەڵگەنامەی گفتوگۆ لەسەر شێوازی ڕەشنووسی ڕێبەرەکە، لەئامادەکردنی پیتەر هاریسو هارتۆن کیدڵ لەبری IDEA نێو دەوڵەتی. ئەو ڕەشنووسە بابەتی گفتوگۆیەکی چڕبوو لەلایەن ئەو پسپۆڕنەوە کەلەلایەن ODIHR ەوە بانگهێشت کراون بۆ سیمینارێك کەلە٣ ی تەموزی ٢٠٠٠ دا لەوارشۆ بەسترا. ڕەشنووسێکی دووەم کەلەلایەن ODIHRو ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای کەمینە نەتەوەییەکانو پسپۆرانی سەربەخۆوە ئامادەو تاووتوێ کراوە لەپێش تەواو بوونیدا.

٥- پسپۆرەکان ئەمانەن: د. ڤۆژین دیمتریڤچ بەڕێوەبەری سەنتەری بەلگرادی مافی مرۆڤ ، کۆماری یۆگۆسلاڤیای یەکگرتوو، د. یۆلانتا هێریستۆڤا پسپۆری مافی کەمینەکان، نێردراوی OSCE بۆ کرواتیا، د. جیسی پیلگریم ڕاوێژکاری یاسایی لەویلایەتە یەکگرتووەکان، د. ئەلیکساندەر بۆستنیکۆڤ توێژەر لەپەیمانگای یاسادانانو یاسای بەراوردکاری لەڕووسیای فیدراڵ، د. ئەندرو ستیفن رینۆڵد پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی نۆتردام لەویلایەتە یەکگرتووەکان، د. تیمۆڤی سیسك توێژەری ئەقدەم لەفێرگەی توێژینەوەی نێو دەوڵەتی لەزانکۆی دێنڤەر لەویلایەتە یەکگرتووەکان، مارك ستیفن بەڕێوەبەری بەرنامە لەدەزگای چاککردنی نێو دەوڵەتی بۆ هەڵبژاردن لەبەریتانیا.

٦- دەقی تەواوی ڕاسپاردەکانی لاهای لەگەڵ هەندێ شیکردنەوەی زانستیدا، بڕوانە ژمارەیەکی تایبەتی (ئینتەرناشناڵ جۆرناڵ) لەبارەی مافەکانی گرووپو کەمینەکان، بەرگی ٤، ژمارە/ ٢ ساڵی ١٩٩٦/١٩٩٧.

٧- دەقی تەواوی راسپاردەکانی ئۆسلۆ لەگەڵ هەندێ شیکردنەوەی زانستیدا، بەرگی ٦، ژمارە/ ٣، ساڵی ١٩٩٩.

٨- کۆنفرانسەکە لەئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا لەلۆکارنۆ بەسترا، کەسویسرای کۆنفیدرالی میوانداریی کرد.

٩- دەکرێ ئەم ئەنجامە بدرێ بەهۆی شێوازی جۆراوجۆریی راوێژکارییەوە کەبەدەستهێنانی زانیاری، دانوستان، سەرژمێری یان لیژنەکانی کار دەگرێتەوە.

١٠- لەباکووری ئێرلەندا سیناتۆر میشێڵ لەویلایەتە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی گفتوگۆی ئاشتی کردو لەباشووری ئەفریقاش دوو دادوەر سەرۆکایەتی ئەو گفتوگۆیەیان کرد.

١١- رۆڵی راگەیاندن لەبواری بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی زانیاریدا یەکلاکەرەوەیە. مامەڵەی شەفافو چونیەك لەگەڵ زانیاریەکاندا بایەخێکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بەمەسەلەکانی کەمینەوە هەیە.

١٢- دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێ کەوا سەرەڕای کۆسپ لەڕێگەی ئەو مافانەدا، بەڵام بەندی ٥ (١) ی ICCPR دەڵێ کەوا "لەم پەیماننامەی ئێستادا شتێك نیە کەوا لێکبدرێتەوە ئاماژەبێت بۆ هیچوڵاتو گرووپو کەسێك بۆ هەر مافێکی تێکەڵبوون بەهەر چالاکییەك یان نمایشکردنی هەر کردارێك بەنیازی دیاریکردنی مەودایەکی گەورەتر لەوەی لەم پەیماننامەیەدا هاتووە".

١٣- بێجگە لەو کۆتوپێوەندە رێپێدراوانەی لەسەر ئازادیو مافە جاڕدراوەکانی سەرەوەیە، پێویستە ئەوەوەبیر بێننەوە کەوا قەدەغەیەکی دیارو روونیش لەگۆڕێدایەوەك بەندی ٢٠ لەICCPR ( رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە مەدەنیو سیاسیەکان) کەدەڵێ: (پرۆپاگەندەکردن بۆ جەنگ) قەدەغەیەو هەروەها (هەر پشتیوانییەکی رقو کینەی نەتەوەیی، رەگەزیو ئاینی کەدەبێتە مایەی هاندانی جیاوازیو دژمنایەتیو توندوتیژی)، هەروەها بەندی ٦ (٢) ی رێکەوتننامەی چوارچێوەی پارێزگاریی لەکەمینە نەتەوەییەکان (کەوا پێویستە لەسەروڵاتان ئیجرائاتی پارێزگاریوەربگرن بۆ پارێزگاری لەکەسان دژ بەجیاوازیو دوژمنایەتیو توندوتیژی).

١٤- گەلێك شێوەی جۆراوجۆر هەن بۆ بەرگری کردن لەو مافانەی دەستوور پاراستوونی: بۆ نموونە بڕوانە بەرجەستەکردنی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٧٨٩ لەدەستووری فەرەنساداو لەپێشەکی ئەو دەستوورەدا، مافە بنەڕەتییەکانی مادەکانی ( ١ - ١٩ ) لەیاسای بنەڕەتیی ئەڵمانیدا، دەسکارییەکانی ١ تا ١٠، ١٣، ١٥، ٢١، ٢٤، ٢٦ لەدەستووری ئەمەریکادا، لایحەی کەنەدی بۆ مافو ئازادییەکان کەبەشی ١ لەیاسای بنەڕتیی کەنەدا پێکدێنێ، ئامانجە نیشتمانییەکانو راسپاردەو پابەندیە



کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکان لەدەستووری پاپوا نیوگینیاو مافە بنەڕەتیەکانی بەشی ٣ لەدەستووری هندستان، لۆکسمبۆرگییەکانو مافەکانیان لەفەسڵی ٢ لەدەستووری لۆکسمبۆرگ، یاسای بنەڕەتی لەبەندەکانی (١ - ١١) لەدەستووری ئیتاڵیا، مافە بنەڕەتیەکان لەبەشی ١ لەدەستووری هۆڵەندا، بەندەکانی ٤٠ - ٤٤ لەدەستووری ئێرلەندی، فەسڵی ٢ لەیاسای حکومەتی سوێدی، بەشی ١ لەدەستووری ئیسپانی، بەندی ٨ فەسڵی ١٢ لەدەستووری هەنگاری.... تاد.

١٥- هەروەها بڕوانە: ئیحتیاتی دیاریکراوی پاشبەند بەهەر مافێك لەڕێکەوتننامەی ئەوروپیی مافەکانی مرۆڤو مافە بنەڕەتیە جۆراوجۆرەکان لەفەسڵی ١ لەدەستووری هۆڵەندی.وەك نموونەش بۆ بڕگە دیاریکراوە گشتیەکان بڕوانە: بڕگەیەکی لائیحەی کەنەدی بۆ مافو ئازادییە بنەڕەتیەکان، بڕگە ٣٦ لەدەستووری باشووری ئەفریقیا، کۆتو بەندەکان لەمادەکانی ١٨، ١٨أ، ١٩ لەقانونی بنەڕەتیی ئەڵمانی، مادەکانی ١٢ - ١٤ لەیاسای حکومەتی سویدی.

١٦- نموونەی کەوا چۆن دەوڵەتە جیاوازەکان بەدوای گونجاندنی کەمینە نەتەوەییەکاندا دەگەڕێن بڕوانە : بەندی ٣٢ ب ٦٨ لەدەستووری هەنگاری، کەنەدا بەندی ٢٣ لەلائیحەی کەنەدی بۆ مافو ئازادییەکان (بڕوانە پەراوێزی ٧ لەسەرەوە)، کەمافی فێرکردنی زمان بۆ کەمینە دەپارێزێ، بەندی ٥٣و ٥٥ لەدەستووری ئیسپانیا.

١٧- نموونەی زۆر بەرچاوو ناسراو هەن لەسەر نوێنەرانی هەڵبژێردراو کەلەڕووی بینینو بیستنو قسەکردنەوە لاوازبوون. سەرەڕای ئەمەش هەر پێداویستییەکی زمانیوەك ئەمە لەبارودۆخێکی هێجگار سەختدایەو لەباسکردن نایەت بۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی.

١٨- رێکەوتننامەی لێکگەیشتنوهەماهەنگیو دەراوسێتی لەنێوان رۆمانیاو کۆماری هەنگاریادا تەنها پابەندە بەکەمینەی هەنگارییەوەو زۆرینەی خاڵەکانی ئەم رێککەوتننامە دووقۆڵیە گرنگیی هەیە بۆ کەمینەکانی تریش لەڕۆمانیا. بەندی (١٥ أ) ئەوە دەسەلمێنێ کەڕۆمانیا دەستی کردووە بە( رێکخستنی مافو پابەندێتی سەبارەت بەکەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان ) "بۆ بەهێزکردنی" چوارچێوەی رێکەوتننامەی هاوکاریی ئەوروپی لەمەڕ کەمینە نەتەوەییەکان کاتێ کە"یاسا ناوخۆییەکانیان رێکخستنی بەرەغبەتی تێدانەبێت". شتەکانی تری پەیوەندیدار بەکەمینەکانی رۆمانیاوە ئاڵوگۆڕێکی ئازادی زانیارییان لەخۆگرتووە بەزمانی دایك (بەندی ١٥ - ٤)، مافی بەشداربوون لەبڕیارەکانی پەیوەست بەکاروباری نەتەوەیی یان ناوخۆییەوە لەڕێگەی نوێنەرانەوە لەدەستە ناوەندییەکان

یان دەسەڵاتە گشتییە ناوخۆییەکاندا (بەندی ١٥ - ٥)و ڕێزگرتن لەفەرهەنگی کولتووری‌و مێژوویی کەمینە نەتەوەییەکان (بەندی ١٥- ٦).

١٩- ئەم نموونانە بەسەرنەچوون‌و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەلەبەرئەوەی ئەم مافانە لەچوارچێوەی دەستووردان ئیتر جێبەجێ دەکرێن. بەندەکانی دەستوور لە١٥ ی ئابی ٢٠٠٠ فەراهەم بوون.

٢٠- دەوڵەت بەڵێن دەدا کەنەهێڵێ ئەندامانی زۆرینە کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەییەکان دووربخرێنەوە لەبەشداربوون لەو حیزب‌وڕێکخراوانەی لەلایەن زۆرینەوە دروستکراون. زۆرینە ناتوانن یەکێتی بازرگانی دروست بکەن کەدەرگا بەڕووی کەمینەدا دابخەن، هەمان شت بەسەر ڕێکخراوی پیشەیی‌و تایبەتمەنددا دەسەپێ. هەروەها هەمان بنەما بەسەر ئەو ڕێکخراوانەدا دەسەپێ کەلەلایەن ئەندامانی کەمینەکانەوە دامەزراون. دەوڵەتان دەبێت دوورخستنەوەو دەرکردن قەدەغە بکەن لەسەر بنەمای ئەتنی یان نەتەوەیی بۆ نموونە. بەمجۆرەش، ئەو ڕێکخراوانەی لەلایەن کەمینەکانەوە دروستکراون بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی کەمینەکە ناتوانن کەسێك دەربکەن لەئەندامێتیان کەسەر بەگرووپەکانی تربێت.

٢١- بۆ نموونە بڕوانە ئەو مەسەلەیەی دادگای ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ لەسیپرۆس - یۆنان خستیە ئەستۆی خۆی (١٠٤٧/٨٤١/١٩٩٧/٥٧)، لێرەدا دادگا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە(بواردنی ئازادیی پێکهێنانی حیزب‌و ڕێکخراو پێویستە لەسەر ئاستێکی بچووك لێکبدرێتەوە) لەبڕگە ٣٨دا.

٢٢- لەپارتی سۆشیالیست‌و ئەوانی تردا لەتورکیا (٠٠٠٢١٢٣٧/٩٣) ECHR ئەوە ڕووندەکاتەوە کە"بەرنامەی سیاسی بەپێچەوانەی یاساو بنەماکانی ئێستا دەژمێردرێ‌و ئەمەش گەوهەری دیموکراتییە کاتێ کەقابیل دەبێت بۆ پێشنیارو گفتوگۆ تەنانەت ئەوەش کەدەخوازێ پرسیار لەو ڕێگەو هۆکارانە بکات کەحاڵی حازر دەوڵەتی پێ ڕێکدەخرێت‌و ئەوەشی دەخاتە سەر کەئەوان بەدیموکراتی خۆی زیان ناهێنن" بڕگە ٤٧.

٢٣- بۆ نموونە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧دا بەریتانیا ٤٣٪ ی دەنگەکان ٦٣٪ ی کورسییەکانی بەدەستهێنا بۆ حیزبی کرێکاران (تێکڕای ژمارەکە ٤١٨ یە). سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی توند تەنها ٢٨٣ کورسییان دەداتێ. نموونەیەکی ئاشکراو بەرچاو لەسەر سیستمێکی هەڵبژاردن دەکرێ ببێتە هۆی ناکۆکی‌و ململانێی جیددی، ئەو نموونەیەش لیسۆتۆیە. کەلەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٨ حیزبی فەرمانرەوا لە٧٩ بازنەی هەڵبژاردن دەرچوو لەکۆی ٨٠ , ٦٠،٥٪ دەنگی هێنا. ئەو توندوتیژییەی بەدوای هەڵبژاردنەکەدا هات لەسەر ئەنجامەکەی بوو بەهۆی دەستێوەردانی چەکدارانە لەلایەن دەوڵەتە دەراوسێکانەوەو پاشان دروستکردنی دەسەڵاتێکی



سیاسی کەوا نەخشەی سیستمێکی هەڵبژاردنی نوێ لەئەستۆگرت بەسوودوەرگرتن لەهەردوو سیستمی هەڵبژاردنی بازنەیی‌و ڕێژەیی.

٢٤- لەبارەی مەسەلەی ئاڵۆزو هەستیاری کۆکردنەوەی ئامارو زانیاری بڕوانە بەشدارییەکانی کۆنگرەی کۆمەڵەی جیهانیی کارمەندانی ئامار (ئامار، پەرەسەندن‌و مافی مرۆڤ) کەلەمونتریخ، سویسرا لە٤ - ٨ ی ئەیلوولی ٢٠٠٠ دا بەسترا، بەتایبەتی دانیشتنی ڕۆژی ٦ ی ئەیلول لەبارەی کەمینەوە (بەم زوانە بڵاودەبێتەوە)، شیاوی باسە کەزۆربەی کارنامەی کۆنگرەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتە لەم سایتەدا www.iaos admin.ch.٢٠٠٠ .

٢٥- زۆرێك لەکەمینەکان‌و (لەناویاندا جوولەکەو قەرەج) تاقیکردنەوەی تاڵیان هەیە لەڕابوردوودا وەك ئەنجامێك بۆ ئەم ئینتیسابە.

٢٦- بەو پێیە ئەگەر پێنج هەبێت دەکرێت لەڕووی تیۆرییەوە کاندیدێك تەنها ٢١٪ ی دەنگەکانی هێنابێت بەبراوە دابنرێت.

٢٧-وا دەخەملێنرێت کەنیوەی نوێنەرانی پەرلەمان بەهۆی ئەم سیستمانەی هەڵبژاردنەوەیە لەئەڵمانیاو نیوزیلاندو پۆلیڤیاو ڤەنزوێلا.

٢٨- ڕێکەوتننامەی تایف لەبارەی لوبنانەوە دەڵێت:"لەبەرئەوەی کەوا ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی هەڵبژاردنی‌وا دادەڕێژی کەهیچ کۆت‌وبەندێکی تایفەگەریی تێدانەبێت، بۆیە کورسییەکانی پەرلەمان دەبێت بەپێی ئەم بنەمایانەی خوارەوە دابەشبکرێت:

أ- یەکسانی لەنێوان موسڵمان‌و مەسیحیەکاندا .

ب- پشکی ڕێژەیی لەنێوان هەموو تایفەکاندا.

ج- پشك‌و ڕێژەیی لەنێوان ناوچەو هەرێمەکاندا".

٢٩- بڵاوکراوەی OSCE/ODIHR "چارەسەری ململانێی هەڵبژاردن لەناوچەکانی ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاریی ئەورووپی **OSCE**: بەرەو سیستمێکی چاودێریی ململانێی هەڵبژاردنی نموونەیی"وارشۆ, ساڵی ٢٠٠٠.

## ناوەرۆك

١- پێشەکی
٢- باکگراوندی راسپاردەکانی لوند
٣- بایەخی پرۆسەکە
٤- چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی
٥- راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٧
أ- روونکردنەوەی ناوەڕۆك
١- مافی تاکەکەس لەبەشداربوونی هەڵبژاردندا
٢- رێگرتن لەجیاکاریی
ب- چوارچێوەی یاسایی‌و هەڵبژاردەکان.
٦- راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٨
أ- روونکردنەوەی ناوەڕۆك
ب- چوارچێوەی تەشریعی
٧- راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ٩
أ- روونکردنەوەی ناوەڕۆك
ب- چوارچێوەی تەشریعی‌و هەڵبژاردن
ج- میکانیزمەکانی تر.
٨- راسپاردەکانی لوند دەربارەی هەڵبژاردن: بڕگە ١٠
أ - روونکردنەوەی ناوەڕۆك
١- قەبارەو گرنگیی ناوچەکە
٢- سنووری ناوچەکە
٩- دابینکردنی رایی کردنی عادیلانەی هەڵبژاردن (بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن)
ا- هەڵبژاردەکانی دەزگای هەڵبژاردن





١- مامەڵەکردنی حکومەت
٢- مامەڵەکردنی سەرپەرشتی یان قەزایی
٣- مامەڵەکردنی سەربەخۆ
٤- مامەڵەکردنی حیزبی سیاسی
ب- پێکهاتەی لیژنەکانی هەڵبژاردن
١- شەفافیەت
٢- پاکی
ج- دەزگاکانی هەڵبژاردنی تایبەتی/ هەمیشەیی
پاشکۆی ژمارە(١) خشتەکان
پاشکۆی ژمارە(٢) سیستمەکانی هەڵبژاردن ـ فەرهەنگی زاراوەکان
پاشکۆی ژمارە(٣) گرێدانی کاروباری کەمینە بەچاودێریی هەڵبژاردن لەمەڕ ODIHR
پەراوێزەکان